# له نووسراوانێکی قاچاغی قۆناغی خۆیان

نووسینی : شێرکۆ هەژار

- وێڕای پاشکۆیەکی چەند شیعری قاچاغی جەماوەری قاچاغ

٢٠٠٨ / ٢٦٢٠

ناوەرۆك

لاپەڕە


دوو فسلّ لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان .................. ٥ - ٤٤

هەلومەرجی قۆناغی کە ئەم باسەی تێدا نووسراوە ٥-٧

فەسڵی یەکەم دەربارەی نێوانی بارزانی و مەکتەبی سیاسی ١٩٦٣-١٩٧٠ ٨-٣٠

خولاسە ٢٧-٢٩ . نەتیجە ٢٩-٣٠

فەسڵی دووەم دەربارەی رابەریی پارتی دیموکراتی کوردستان بەر لە ١٩٦٣ ٣٠-٤٤

خولاسە ٣٤-٣٥ . نەتیجە ٣٥

پەراوێز(ی دواتر - مارتی ١٩٩٦) ٣٦-٤٤

هەڵسەنگاندنێکی "مامۆستای کورد"ی فەرهاد شاکەلی .................. ٤٥-٧٥

چیرۆکی ئەم باسە ٤٥-٤٦

رێخۆش‌کردنێك بۆ باسەکە ٤٧-٤٩ . یەکەم ژمارەی "مامۆستای کورد" ٥٠-٥٥ .

ژمارەکانی ٢تا٧ی "مامۆستای کورد" ٥٥-٧٤ . کۆتایی پێهێنانی ئەم باسە ٧٤-٧٥ .

نموونەیەك لە زنجیرە باسێك(کە هەر دەستخەتەکانم کۆپی و بڵاوکردوونەتەوە) ٧٧-٨٠

پاشکۆ : چەند شیعری قاچاغی جەماوەری قاچاغ .................. ٨١- ٩٤

# « دوو فەسڵ لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان »

## هەلومەرجی قۆناغی کە ئەم باسەی تێدا نووسراوە :

دروشمی چەوسێنەرانی ئەم جیهانە بۆ جەماوەر، دیارە بە گوێرەی کات و شوێن دەگۆڕێ . جەماوەر، رادەی هۆشیاریی لە قۆناغی پێش پەرەسەندنی دەسەڵاتی چینی ناوەندیدا بەگشتی زۆر نزمە . لەسەردەمێکدا بە یەك " فەتوا" بزووتووە . تەنانەت لە ساڵانێکی ١٩٢٠ی ئەم سەدەیەدا مەلاخەلیل ناوێکی کورد بە فەتوای حەرام - کردنی کڵاوی پەهلەوی نانەسەر، توانی جەماوەرێکی زۆر بخاتە" جیهاد"ەوە،کە رەنگە ئەوە چەند سەدەمین یا چەندهەزارەمین فەتوا بووبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە جەماوەریان بۆ شەڕ ورووژاندووە . دامەزرێنەرانی رژیمی سعوودی و کۆماری ئیسلامیی ئێران و تالیبانی ئەفغانستان بەشێکن لە نموونەکانی سەدەی بیستەمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە " فەتوا" تێدا گرنگترین ئامێری کار بووە . بەشێکی تری جەماوەر، لە سەردەمانێکدا، بە دروشمی " سۆسیالیزم" بزووتووە، لەبەرئەوە دەبینی - بەنموونە- ئەمریکاییەکان رێکخراوانی بەناو توندڕەوی کۆمونیستیان بۆخۆیان دامەزراندوون( رێکخراوی" توسدەك"ی کۆنتراگریلیای تورکیا کە کومری ئەمریکایی دایمەزراندووە نموونـەیەکی ئـەوەیـە) و ئیدی، هـەر هێزە بەگوێرەی کـات و شـوێن و بـاری زیهنی و رەوانیی جەماوەری سادە ئامێران بۆ بەکارهێنانیان دەخاتە مەیدانەوە .

لە شەڕی کوردکـوژیی بارزانی - تاڵەبانی دا، تاڵەبانی بە ناوی خەباتی چەپی و سۆسیالیستی و دژی ئیمپریا- لیستی لاوانێکی رادەکێشا ریزەکانی خۆیەوە، تا بچن شەڕی لایەنەکەی تر بکەن، بۆچی ؟ دەیگوت چونکە بـارزانی دژی چـەپ و سۆسیالزمە و سەر بە ئیمپریالیزمە و من مارکسیستم . ئا لە ئەو هەلومەرجەدا بوو کـە من ئەم یەکەم باسەی ئەم کتێبەم نووسی و هەر بە ناوی" دوو فەسل" ماوەیەوە .

لە نزیکەی هـەموو بزووتنەوەیەکی گـەورەدا، خەڵکی جیاواز بە مەبەستی جیاواز رەگەڵ دەکەون، جۆرەها کەس دوای جۆرەها بەرژەوەند، بە جۆرەها شێوە دەچنە پێشەوە کە دەکرێ هەندێك لەوانە لەرووی ئەخلاقییەوە قەبووڵ بن و هەندێکیش بە پەست بژمێردرێن . بـەڵام هەمیشە بـەشێکی زۆر گرنگ ، لە سەرەتادا، بەدڵ دوای فەتوا یا دروشمەکە دەکەون . زۆر کەس شـەڕی کوردکوژییان بۆ تاڵەبانی لە دژی بـارزانی لە دڵەوە بۆ مەبەستی ئەو دروشمانە دەکرد کە درۆ بوون . منێکی کە ئەوەم دەزانی، دەبوو سەرنجی ئەو کوردکوژانەو خەڵکی تریش بۆ ئەو حەقیقەتە رابکێشم . ئەم باسە تەنیا لە ئەو گۆشەیەوە نووسراوە کە ئەو ئەرکە بەجێبهێنێ، روونی بکاتەوە کە

شەڕی تاڵەبانی لە دژی بارزانی شەڕی سۆسیالیزم لە دژی کاپیتالیزم نیە، شەڕی کامپی مارکسیست لە دژی ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکاو ئینگلیز نیە. تەنانەت بەشێکی گرنگی ئەو دروشمانە لنگەوقووچ هەڵگێڕانەوەی حەقیقەتەکانە، بەرهەمی هاوکاریی برایم ئەحمەدو تاڵەبانییە لەگەڵ ئینگلیزو ساواکی ئێراندا لە دژی بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوەی کورد بە رابەریی میری نوێی. میری کورد سەرۆك مستەفابارزانی گرێدانەوەی مێژوویی داوی پچڕاوی میرانی کوردە، کە دوا ئاڵقەی پێش ئەو میر بەدرخان بوو. (پێوەندیی بارزان و تەریقەت، لێرەدا تەریقەتی نەقشبەندی (شێخ تاجەدین و، دواتر وەرگرتنی ئیجازەی ئیرشادی تەریقەتی باوکی سەرۆك مستەفا بارزانی لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) ڕێبازێکی بارزان بووە بۆ میرایەتییی کورد، بۆ دەسەڵاتی رووتی سیاسی، نەك ئاینی). تاڵەبانی، لە جەوهەردا، بەهەمان فەرهەنگی لە مێژینەی دەرەبەگ و شێخانی دەستبەڕی کوردی سەردەمی سەفەوی وعوسمانی، دەیەوێ بە جاشێتیی دەوڵەتانی دەوروبەرو دوورتریش (ئینگلیس، کە هەمیشە زۆر دوژمنی بنەماڵەی بارزانی بووە) دەسەڵاتی لێ بستێنێ و، بە شێوەیەك کە کارەساتی زۆرگەورە تووشی کورد دەکات. تاڵەبانی بە هیچ جۆرێك نوێنەری بزووتنەوەی نەتەوەیی بە رابەریی چینی ناوەندیی کورد نەبووەو نیە. چینی ناوەندی لە کۆمەڵگای کورددا، دەوری رابەریی لەهیچ کوولەکەیەکی تەڕدا نەبووەو نیە؛ شەڕی رابەرانی کورد لە جەوهەردا هەمان شەڕی رابەرانی لەمێژینەیە و، قۆناغێکی مێژوو ئیتر وەهابوو کە ئەوانە بەکارهێنانی دروشمی نەتەوایەتی بۆ خۆیان بە پێویست ببینن و، کوردایەتی بە پشتگیریکردن لە میری نوێ لە دژی بێگانەو جاشانیاندا شکابۆوە.

کۆنە هەڤاڵێکی حیزبیم ئازاد (محەمەد) مستەفا، ناوەندی مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٣ لە کوردستانەوە بە سەردانێکی کاری حیزبیی خۆی هاتە ئەوروپاو دەوری مانگێك لە ئەوروپا مایەوە (دە رۆژێکی لای من مایەوە).
دوای ئەوە، من لە مانگی پێنج و شەشی ساڵی ١٩٨٤دا ئەم دوو فەسڵەم نووسی و بۆم نارده کوردستان تا بە گوێرەی گفت و بەڵێنێکی لەنێواندا بوو (و بەداخەوە کە نەیبردنە سەر) کەڵکی لێ وەرگرێ و، تکام لێ کرد کە جارێ بڵاوی نەکاتەوە تا پێدا دەچمەوەو تەواوی دەکەم.
ئازاد مستەفا، لە نامەی ١٩٨٤/٧/٦یدا بۆی نووسیم کە پێی گەیشتووەو دەڵێ:

" دەستەکانت خۆش، ئەرێ برا ئەو دیراسەیە شۆڕشێکەو ئەگەر یەك رەخنە هەڵبگرێ ئەوەیە خۆزیا چوار پێنج ساڵ لەمەوبەر بنووسرایە ".

ئازاد مستەفا، دووفەسڵەکەی بە تایپ کراوی (بە ١٦ لاپەڕە) وێڕای نامەیەك بۆ ناردم، لە نامەکەیدا (بە تاریخی ١٩٨٤/٨/٢٥) دەڵێ:

" ئەو هەقەم دا بەخۆم وەکو مەلزەمەیەك- هەروەکو خۆی و بێ ناو و هیچ شتێ- تایپی بکەم، چونکە بەراستی هەرچەندم کرد کاترەکان لێنەگەڕان و سەبریاننەکرد تا موافەقەتی تۆ وەرگرم، نووسینی وا هەر قەت نەبووەو نابێتەوە . نوسخەیەکم دایە حیزبیشیوعی و یەکێکیشم بە نامەیەکی تایبەتیەوە نارد بۆ کاك مەسعود بارزانی (..) لەگەڵ ئەو موخالەفە گەورەیەشدا یەك وشەم گۆڕیوە،کە دەبوایە ( توخوا بمبوورە) هەندێ نەرمتر بوایە، لەبری (...و حیزبی شیوعی یشیان پێ بفرۆشن) کردۆتە ( حیزبی شیوعی یشیان رەگەڵ خەن) . کۆمەڵێ وردە سەرنجی دیکەم هەبوون (..) .

ئازاد مستەفا ، لە نامەیەکی تریدا ( تاریخی بسەرەوە نەبوو ، ١٩٨٥/١/١١ بەدەستم گەیشت) دەڵێ :

"وەك بۆم نووسیبوی نوسخەیەکم لەو نوسینە ( بە رۆنیۆکراوی)، لەگەڵ نامەیەکی خۆمدا، ناردبوو بۆ کاك مەسعودو نایشارمەوە کە نووسیبوم کە ئەم نوسینە فەسڵێکە لە چەند فەسڵی کتێبێ (..) ئەم کارە چەند بەرابەری ئەوەیە کە تائێستا پارتی و بەرۆگرانی بۆ زیندوکردنەوەو دەرخستنی توراثی بارزانی کردویانە . کاك مەسعود لەوێ نەبوە، کاك ئیدریس کریبویەوەو دیاریبوو ( فرە بە گیانی خۆش بووە) و ئەمجارەش کە خۆم دیتم پێی زۆر چاك بوو، بەڵام پێم وایە کاك علی عبداللّٰه کەمەکێ لای گران بووە - تەبیعی ناشوێرێ بە ئاشکراو زەق دەریبڕێ . نوسخەیەکیشم ناردبوو بۆ هاوڕێ ( ابو تارا)ی مەسئولی ئەم لایەنەی خۆمانەوەی حیزبی شیوعی ، خۆت دەزانی ئەوان کەمتر شت دەدەن بەدەستەوەو شت ناخەنە سەر کاغەز تا لەسەریان نەبێتە ماڵ، بەڵام لە گفتوگۆ - یەکماندا - ئەو کوڕە زۆر برادەرمە و زۆریش کوردە- بەگشتی پێی چاك بوو . خەڵکی تر بەگشتی ئەوەی دیتوویەتی زۆر زۆر لایان پەسەندو چاك بووە . دەشزانرێ کە ئەوە هی جەنابتە " .

ئازاد مستەفا ، دوا مانگی ساڵی ١٩٨٥ دووەم سەردانی ئەوروپای کرد و لە دوو مانگ پتر مایەوە . لە رێی ئەوەوە بوو کە خاوەنی گۆڤاری " مامۆستای کورد"م دیت، کە داوای نووسینی بۆ گۆڤارەکەی لێ کردم، منیش کۆپیەکم لە ئەم دوو فەسڵە خستە دەستیەوە( کە ئەو خۆی پێشتر دیتبووی)، بەڵێنی دا کە بڵاوی بکاتەوە، بەڵام بەڵێنی نەبردە سەر .

" کوردۆ عەلی- سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد ،١٩٨٦"، و" رێبوار- هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەشی یەکەم ١٩٨٩" کەڵکیان لەم دوو فەسڵە وەرگرت .

مارتی ١٩٩٦ پەراوێزێکم بۆ ئەم دوو فەسڵە نووسی و ئەوجا وێڕای نامەیەك بۆ" دکتۆر رەفیق سابیر"م نارد کە لە گۆڤاری " رابوون "ـەکەیدا بڵاوی بکاتەوە، دە نامەکەدا نووسیبووم " تەبیعی هەر وەڵام دانەوەیەك ( لەلایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤار یان خوێنەرانەوە) دەکرێ باس دەوڵەمەندتر بکات و هیوادارم روویدات "، دکتۆر بڵاوی نەکردەوە و وەڵام دانەوەو دەوڵەمەندترکردنەکە رووی نەدا .

دوو فەسڵ لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان

## فەسڵی یەکەم :

## دەربارەی نێوانی بارزانی و مەکتەبی سیاسی ١٩٦٣-١٩٧٠

لەکاتێکدا کە رژێمی قاسم لەشکری دەناردە سەر کورد ،کورد رۆژ بە رۆژ سەرکەوتنی پتری لە مەیدانی شەڕدا وەدەست دەهێنا و، شیرکەتی نەوت بەکردار بۆی سەلمابوو کە رژێمی قاسم ناتوانێ دەزگاکانی نەوتی کەرکووك لە هێرشی کورد بپارێزێ (١)، کۆمەڵێك ئەفسەری عەرەب - کە شکستی لەشکری عیراق لە بەرامبەر کورد نارەزاییانی لە سیاسەتی نا- ناسیۆنالیستی قاسم ئەوەندەی دی زیادکردبوو- بە ناوی" ئەفسەرانی ئازاد"ەوە- خەریکی نەخشەکێشانی کۆدێتایەك بوون ." طاهریحیی تکریتی" ساڵی١٩٦٢ نامەیەکی بە ناوی ئەو دەستەیە بۆ سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق" برایم ئەحمەد" نارد، داوای هاوکاریی شۆڕشی کوردی لێ کرد بۆ رووخاندنی قاسم . سکرتێری پ.د.ك./ عیراق لە١٩٦٢/٤/٢دا بە نامەیەك وەڵامی دایەوە، پشتگیریی شۆڕشی کوردی بۆ مسۆگەرکرد(٢) و، لەبەرامبەرئەوەدا داوای لێکرد دەست بەجێ دوای رووخاندنی رژێمی "عبدالکریم قاسم" ئۆتۆنۆمیی کوردستان بە رەسمی دانی پیابنرێ . "طاهریحیی" هیچ وەڵامێکی نەخستە سەر کاغەز، بە دەمیش بەلای باسی ئۆتۆنۆمیدا نەچوو. بەعسی و چەند لایەنێکی دیکەی عەرەب، بە یارمەتی( یا: پلان و دەستنیشانی ) ئینگلیزو ئەمریکا لە ١٩٦٣/٢/٨دا کۆدێتایان لە قاسم کرد. بەلای ئۆتۆنۆمیی کورد- ستاندا نەچوون، لە سەعاتی یەکەمەوە دەستیان بە قەڵاچۆکردنی شیوعی ( وچەپەکانی دی ) کرد، تەنانەت کۆدێتاکەیان بە کوشتنی ئەفسەرێکی شیوعی ( جلال الاوقاتی - فەرماندەی هێزی هەوایی ) دەست پێ کرد. کۆمەڵێك شیوعی(کە ئەفسەری گەورەی لەشکری عیراقیان تێدابوو ،وەك : سلیم فخری،سعیدمطر ،جلال بالطه، تاهابامەرنی و...ئیدی ) وێڕای کەسانێکی تری دۆستی سۆڤیەت ( وەك : عەزیز شەریف) توانیان بۆی دەرچن و خۆ بگەیەننە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕشی کوردستان، شۆڕشی کوردستان شەڕی وەستاند.

لە رووی پێوەندیی دەرەوە، دوو خەت لە رژێمی تازەی بەغدادا هەبوو : خەتی سەرەك‌کۆمار" عبد السلام محمد عارف " کە دۆستی ئەمریکا( و" عبدالناصر"یش) بوو، خەتی سەرەك وەزیران " أحمدحسن‌البکر" و جێگرەکەی " علی صالح السعدی" کە دۆستی بریتانیا بوون . رژێمی نوێ دەیویست وەخت بباتەوە تا هێزی شیوعیەکان بەتەواوی لەناوبەرێ ( دەستی بگاتە ئەوانەش کە پەنایان بە شۆڕشی‌کوردستان بردبوو )، لەشکرەکەی ئامادەتر

بكا، لەگەڵ هاوسێكانی( و رۆژئاوا )دا نەخشە و پلان بكێشێ، هەوڵ بدا بـەڵكو لەشكری سووریا و میسریش بە هانایەوە بێن، ئەوسا هێرشی چەكداری بۆسەر كورد بەرێ .

لە رابەریی شۆڕشی كوردیشدا دوو خەت هەبوو : خەتی بارزانی (سەرۆك) و خەتی مەكتەبی سیاسی بە رابەریی برایم ئەحمەد- سكرتێری پ.د.ك./ عیراق . بـارزانی دەیویست بە زووترین كات شەڕ لەگەڵ بەعسیدا بكات تا نەخشەكانی لێ تێك بدات (كە وەختیان پێویست بوو) و، بە باشترین شێوە سوود لە وەزعی شیوعیەكان ببینێ، دیارە چاوەڕواننەكراو نیە كە خرۆشۆف - لەو هەلومەرجەدا- بارزانیی ئەوپەری هان دابێ بۆ شەڕكردنەوە .

مەكتەبیسیاسی ١٨٠ دەرەجە دژی هەڵوێستی بارزانی بوو : شەڕبوونەوەی ئەمجارەی بە شەڕی كـورد لەلایەك و هـەموو نەتەوایەتیی عەرەب و رۆژئاوا لەلایەكی دی لە قەڵەم دەدا، واقیعی ناوچەكەی - وەك هـەمیشە - وا دەخوێندەوە كە : كورد شەڕی ئینگلیزو عەرەبی پێناكرێ،دەستدرێژكردن بۆ سۆڤیەت وشیوعیەت بە هەڕەشە-كردن لە واقیعی ناوچەكە دادەنرێ كە ناوچەی دەسەڵاتی رۆژئـاوایە . ئەندامانی مەكتەبی سیاسی لەوەدا ئەو عیبارەتە تەقلیدیەیان دووپات (وهزار-هەزارپات!) دەكردەوە كە هەر كاتێ باس هاتبێتە سەر بەگژدا چوونی واقیعی دەسەڵاتی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گوتوویانەتەوە: " خنكان لە فرمێسك و خوێندای لەدوایە"، وا دەبوو نموونەی " كۆماری مهاباد "یشیان دەهێنایەوەو گوایە دەستی سۆڤیەت لە ناوچەدا لەوسا( سەردەمی كۆماری مهاباد) كورتترو هی رۆژئاوا درێژتریش بیبوو. نەخشەی مەكتەبیسیاسی بەم جۆرە بوو:

شیوعیە پـەنابەرەكان بـدرێنەوە بە حكومەتی بەغدا و بەگشتی هاوكاری لەگەڵ رژێمی بـەغدادا بكرێ بۆ قەلاچۆكردنی شیوعیان،هەوڵ لەگەڵ رابەرانی دنیای عەرەب و وڵاتانی رۆژئاوا بدرێ كە تەوژم بۆ حكومەتی بەغدا بهێنن و بەو شێوەیە پێش بە شەڕبوونەوە بگیرێ تا " كورد لە فرمێسك و خوێندا نەخنكێ! " .

سەرهەنگ(عەقید) عیساپەژمان (پژمان) ئەفسەرێكی حكومەتی ئێران بوو، هەر بەرلە كۆدێتای بەعسیەكانەوە بارەگای مەكتەبیسیاسی(ماوەت)ی كردبوو بە بنكەی خۆی و نەفەرێكی بە بێسیمەوە وێرابوو( كە پێشمەرگە -كان بە"عەباس بێتەل"یان ناودەبرد(٣)) و پێوەندیی رۆژانەی لەگەڵ مەركەزی ساواك(لە ئێران) دا هەبوو. عیسا پەژمان لەم ماوەیەدا زۆر بەگەرمی دەربارەی پێویستیی سەركەوتنی حیزب (مەبەستی مەكتەبی سیاسی) بەسەر عەشیرەتی بارزان و شیوعیەكاندا دەدوا . بۆ مەكتەبی سیاسی زەحمەت نەبوو وابكا بەشی زۆری خەڵكی كورد-ستانی بـاشوور لە مـەسەلەی شیوعیەكاندا ( بـەلانی كەمەوە رێگەنـەدانیان بۆ ریزی پێشمەرگە) لایـەنگری هەڵوێستی ئەوبن، چونكە شیوعیەكان تا رۆژی كۆدێتای بەعسی هاوكارییان لەگەڵ " قاسم"دا كردبوو و دژی

شۆڕشی کورد ببوون و کورد خۆشی نەدەویستن . ئەندامانی پ.د.ك./ عیراق بەگشتی، جگە لەو بیرهێنانەوەی هەڵوێستی دوێنێی دژبەکوردی شیوعیان پڕۆپاگەندەی تری زۆریان بۆ ئەومەبەستە بە ناوخەڵکدا بڵاودەکردەوە، وەك : ئەگەر ڕێگەی شیوعیان بدرێ کە لە شۆڕشیکوردستاندا بن،ئەوا فکری شیوعیەت بڵاودەکەنەوەوکوردا-یەتی و حیزبەکەمان لێ تێکدەدەن و دووبەرەکی دەنێنەوە و.. ئیدی . ئەمە لەراستیدا نوختەی تەوژمێکی زۆر بوو بەدەست مەکتەبی سیاسیەوە لە دژی بارزانی .

بارزانی وەزعی بەم جۆرە دەخوێندەوە : ڕۆژئاوا یارمەتییکورد نادا و پشتی حکومەتی بەغدا دەگرێ، ئینگلیزو هەموو داگیرکەرانی کوردستان وێکرا نەخشە بۆ لەنێوبردنی ئەو( بارزانی ) و شۆڕشەکەی دەکێشن، تەنیا ڕێگایەکی لەبەردەمیدا هەیە ئەوەیە کە لە ناوخۆدا هەوڵ دات هەموو هێزەکانی دژی حکومەت بەسیج‌دات و پترین سوودیان لێ‌ببینێ،لە دەرەوەش وەرەقەی سۆڤیەت لەوکاتەدا تاکە وەرەقەیەك بوو بەدەستیەوە بۆ تەحەدای حکومەتی بەغداو دۆستەکانیحکومەتی بەغدا،کە دەبوو چنگیلێ‌گیربکات . بارزانی،بەچاکیلە"معادلات"ی سیاسیی ئەوساڵەی ناوچەکەگەیشتبوو و،دەیتوانی ئازایانە بڕیاری ڕاست بە قازانجیکورد بدات،ناسیۆنالیزمی عەرەب و ڕۆژئاوا وهەموو داگیرکەرانی کوردستان و مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەی و هەستی دژی شیوعیەتی ناوەوە تێکرا نەیاندەتوانی بیترسێنن و قەناعەت و بڕیاری پێ‌بگۆڕن .

بۆ باشتر وەبەرچاوهاتنی دۆخی چوار مانگی نێوان ٢/٨ و ١٩٦٣/٦/٩، وا چاکە وەك پێداهاتنەوەیەك بە ئەرشیفی ئەو ماوەیەدا هەندێ ڕووداو بیرخەینەوە :

٢/١٨ : وەفدێکی شۆڕشی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی( جەلال تالەبانی ) چووە بەغدا . بەعسی ڕۆژی دوای ئەوە (٢/١٩) بە " تاڵەبانی"یان گوت : مەسەلەی ئۆتۆنۆمیی کورد پێوەندیی بە هەموو دنیای عەرەبەوە هەیە و مەسەلەیەکی تەنیاعیراقی نیە، ئیتر بەعسی چیتر بەپێویستیان نەدەزانی تاڵەبا-نی (و وەفدەکە) ببینن . تاڵەبانی چووە لای " جمال عبدالناصر"و" بن بللا "(ی ئەلجەزایر) تا داوایان لێ بکات پشتیکوردبگرن بۆ ئۆتۆنۆمی و تەوژم بۆ ڕابەرانی ڕژیمی نوێی بەغدا بهێنن . تاڵەبانی بەشێوەیەکی" محامی"-یانە بە" عبدالناصر"ی گوت کە ئینگلیزو ئێران(دوژمنانی سەرسەختی عبدالناصر) ئامادەن یارمەتیی شۆڕشی کوردبدەن " دەترسین مەسەلەکە ئاڵۆزبێ و ئینگلیزو ئێران خۆی تێ‌بخەن "، عبدالناصر بە شێوەی نەسیحەتی پیاوێکی بەتەجرەبە بۆ منداڵێك پێیگوت کە هەرغەڵەتێکی بیکات با ئەوە نەبێت کە خۆی تەسلیمی ئینگلیزو

ئێران بکات . عبدالناصر لە تاڵەبانیی پرسی : ئایا راستە ئێوە داوای بەشێك لە داهاتی نەوتی عیراق دەکەن ؟،
تاڵەبانی گوتی :" نـەخێر، ئێمە داوای شتی وامان نـەکردووە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ئەوەیان داواکردووە و وەکو خۆشتان دەزانن ئەو کۆمەڵەیە شیوعیی زۆری تێدا هەیە (٤) .

لە بەرامبەر ئەو شێوەیەی رەفتاری مەکتەبی سیاسی لەگەڵ بەعسیاندا، بـارزانی رۆژی ٢/٢٨ بە رۆژنـامە - نووسـانی گوت :

" من نوێنەرم ناردۆتە بەغدا گفتوگۆبکا ،نەك پایتەختەکانی تری عەرەب"،ئنجا داوای لە حکومەت کرد کە تا ١٩٦٣/٣/١ ئۆتۆنۆمیی کوردستان رابگەیەنێ ئەگینا شەڕ دەست پێدەکاتەوە . رۆژنامەکانی دنیا باسی شەڕ- بوونەوەیان دەست پێ‌کرد .

بەعسیەکانی بەغدا پەشۆکان،تەلگرافێکیان رۆژی ١٩٦٣/٣/١بۆ بارزانی ناردو،" طاهریحیی"سێ رۆژ دوای ئەوە(٣/٤) بۆ دیتنی بارزانی هاتە کوردستان .

بەعسی لە ١٩٦٣/٣/٨دا لە سووریاش کۆدێتایان کرد . فەرمانڕەوایانی بەغدا رۆژی١٩٦٣/٣/٩ بەیانێکیان بڵاوکردەوە کە " مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر ئەساسی لامەرکەزی"یان تێدا دیاری‌کرد . لـەوبەینەدا تاڵەبانی هاتەوە بەغدا و بەعسی بەپەلە ناردیانەوە کوردستان بۆئەوەی بارزانی ئارام‌کاتەوە .

لەکاتێکدا کە دواکەوتنی هەر رۆژێکی شـەڕ بە قازانجی بەعسیەکان و ئینگلیزو بە زەرەری شۆڕشی کورد بوو، بـارزانـی هەمیشە هەوڵی ئەدا بە زووترین کات و پترین هێز شەڕهەڵگیرسێنێتەوە، مەکتەبی سیاسی لە هەموو رێیەکەوە ئەوپەڕی هەوڵی دەدا پێش بە شەڕ بگرێت . کۆبوونەوەی بەرپرسیارانی شۆڕش لە نەورۆزی ١٩٦٣دا لە شاری کۆیێ کرا، بوونی دوو بیروڕا- بەوشێوەیەی- لە کۆنگرەدا ئاشکرابوو :

تاڵەبانی بەلای خۆیدا دەکێشاو دەیویست تەئسیر بکاتە سەر هەست و ورەی پێشمەرگە : " ئەگەر ئەم جارە شەڕ ببێتەوە، ئەوا هەمووعـەرەب یەکدەگرن و دێنە سەرمان، ئێران و تورکیاو ئینگلیزو ئەمریکاش هەر دێنە سەرمان و کورد لە فرمێسك و خوێندا نقوم‌دەکەن ! " .

بارزانی،لەبەرامبەر ئەوەدا، ورەی ئەندامانی کۆنگرەی بە لای شەڕکردنەوەدا دەهێنا :" عەرەب قەت نابنە یەك!، بەشەرتەك ئەمە ( ئێمە) خۆمان یـەك ببین هەموو دنیاش بێتـە سەرمان پێماننـاوێرێ ... ئەمە لە سـەر حەقین و خودای تەبارەك وە تـەعالا لەگەڵ حەقە" .

ئەوەی لێ‌دەرچێ کە شیوعیەکان تەسلیمی حکومەت نەکرانەوە (بارزانی"عەزیز شەریف"ی لە بارزان شاردبۆوە)،

زۆرتری بڕیارەکانی کۆنگرە بە دڵی مەکتەبی سیاسی بوون : وازهێنان لە ناوی "حوکمی زاتی" و قەبووڵکردنی " لامەرکەزی"(٥)، وەفد پێکهێنان بە سەرۆکایەتیی جەلال تالەبانی بۆ چوونە بەغدا و درێژەپێدانی گفتوگۆ .

وەفدەکە گەیشتەوە بەغدا ( ئوتێلی سەمیرامیس ) و لەوێوە دەستی کردەوە بە سەردانی وڵاتانی عەرەب . سۆنیا خانم ( کە ئافرەتێکی رووس بوو و لە سەفارەتی سۆڤیەت لە بەغدا کاری دەکرد) لەو ماوەیەدا بەخۆم( و چەند کەسێکی دیکەشی) گوت کە :" جەلال تالەبانی پیسە!، ٣٠هەزاردیناری لە ئینگلیز وەرگرتووە تابەکاری بهێنێ بۆ دوا خستنی شەڕ(هەڵگیرساندنەوەی نێوان شۆڕشی کوردو حکومەتی بەغدا) "(٦) . رۆژنامەی " الأهرام" ی ١٩٦٣/٥/١٨ بڵاوی کردەوە کە : ئاژانسی دەنگوباسی" دنیای عەرەب" ی لوبنانی گوتوویە : جەلال تاڵەبانی نوێنەری "قبائل الأكراد" هاتۆتە قاهیرە بۆ گفتوگۆ،و ئنجا ئاژانسەکە گوتی کە تاڵەبانی لە بێرووت رایگەیاند کە بۆردومانکردنی شیمالی عیراق لەلایەن هێزی هەوایی (عیراقی)یەوە مەعنای ئەوە نیە کە شەڕ لەگەڵ کورددا دەستی پێ کردۆتەوە،لەوانەیە ئەو شەڕانە لەگەڵ "عصابە"یەکی دەوری ٥٠٠ کەسیی شیوعیدا بووبێ کە دەستیان بەسەر دێیەکی نزیکی کەرکووکدا گرتبوو. ئنجا تاڵەبانی گوتی کە" قبائل الأكراد " لەم دواییانەدا سێ جەیبی شیوعیان لە شیمال لەنێو بردووە " .

" الأهرام" ی رۆژی دوای ئەوە نووسی : " دەنگوباسی بێرووت وا دەگەیەنن کە تاڵەبانی بە رەزامەندیی تەواوی حکومەتی عیراق و مەلامستەفای بارزانی زەعیمی "قبائل الأكراد"ی شیمالی عیراقە کە سەر لە قاهیرە دەدا .

## نیوەی دووهەمی ساڵی١٩٦٣ و نەخشەی دیجلە ( تایگرس) :

حکومەتی عیراق رۆژی ١٩٦٣/٦/٩ هێرشی دڕندانەی بۆ سەر کوردستان هێنا کە هیچ حکومەتێکی عیراقی تائەوسا ئەوەندە دڕندەییەی لەگەڵ کورددا بەکارنەهێنابوو . حکومەت لە ٦/١٠دا بەرەسمی داوای لە شۆڕشی کورد کرد کە بەبێ قەیدوشەرت لە بیستو چوار سەعاتدا تەسلیم ببێ، دەسەڵاتی هەمووکوشتن و بڕین و تاڵان و لەنێودانێکی(بەپێی قانوونی ژمارە ١٨ی ساڵی١٩٣٥!) دا بە هێزەکانی لەشکر، کە بە ئەوپەڕی بەربڵاوی بەکارهێنرا، کۆمەڵێك بەیانی عەسکەریی بۆ پاراستنی نەوتی کەرکووك لە مەترسیی کورد دەرکرا، جگە لە عەشیرەتانی جاشی کورد بەناوی " فرسان صلاح - الدين" ( کە پێشووتر " بدرالدين علی" محافزی هەولێر - پیاوی ئینگلیزو دوژمنی بارزانی - سازی کردبوون، ئەوەبوو بارزانی" بدرالدين علي" ی کوشت )، عەشیرەتانی عەرەبیش بە ناوی " فرسان الوليد" نێردرانە زۆر

ناوچەیکوردستان، کە بەشێوەی زەمانیموغۆل رەفتاریان دەکرد: ماڵ و ناومالّی کوردیان داگیردەکردو تەنانەت کچ و ژنی کوردیشیان( لە دەوروبەریکەرکوك) بە تالان دەبرد، بەسەر شەقامەکاندا هاواریاندەکرد:

" أحنا العرب أهل الغيره

نطرد الأكراد من ها الديره !"

یا : " أحناالبدو وين العدو ؟! " .

بۆچرووی دووکەڵ و بۆنی خوێن و باڕووت کوردستانی پڕکرد .

هەرە زۆربەی لەشکری عیراق و وێڕای هەزاران جاشی کورد، "بارزانی"یان بە هێزێکی کەمەوە لە چیای پێرس ئابلۆقە دا . هێزی هەوایی عیراق و سووریا و ئێران و تورکیا ( و بە قسەی مامۆستاهەژاری موکریانی- کە لەو کاتەدا لەگەڵ "بارزانی"دا بوو- فڕۆکەی ئینگلیزیش لە قبرصەوە) "بارزانی"یان بۆردومان دەکرد . دەوڵەتانی سەنتۆ لە مەجلیسی دایمی لە ئیزمیر نەخشەیەکیان بە ناوی" تایگرس"( دیجلە )(٧) دانا، کە لەشکری تورکیا بەرەوموسڵ و لەشکری ئێران بەرەو سلێمانی هێرش بەرن(٨)، تەلگرافی ژمارە"٣٤٧٨/ س" ی١٩٦٣/٧/٢ی بەڕێوەبەرایەتیی حەرەکاتی عەسکەری( لەشکری عیراق ) بۆ فیرقەی یەك و دوو، باسی ئەوەیە کە ئەفسەرێکی لەشکری تورك و یەکی تری لەشکری ئێران هەریەکە بە دەزگایەکی بێسیم و نەفەرێکەوە، ئەوەی یەکەم بۆ مووسڵ و ئەوەی دی بۆ کەرکووك دێن تا پێوەندیی هێرشی هێزی هەوایی دەوڵەتەکانیان بۆ سەرکورد رێكبخەن (٩). هەرچەندە داوا لە مەکتەبی سیاسی کرا کە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا هێرش بۆ سەرهێزەکانیحکومەت ببات تا حکومەت ناچار بێ هەندێ هێز لە پێرس بکێشێتەوە، بەڵام مەکتەبی سیاسی جوابی نەدایەوە .

سەرهەنگ عیساپەژمان هەر لە " ماوەت " بوو و یارمەتیەکی حکومەتی ئێرانی بە مەکتەبی سیاسی دەگەیاند. ئینگلیز دەستبەجێ فڕۆکەی هەنتەرو زرێپۆشی "ساراتسین"یان دا بە عیراق، یارمەتی لە ئەمریکا و ئینگلیزو ئەڵمانیای رۆژئاوا و ژاپۆنەوە بەسەر عیراقدا رژا .

جەلال تاڵەبانی ( کە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عیراق دائیرەی پەساپۆرتی لە رۆژی تەعتیلدا بەتایبەتی بۆ تازەکردنەوەی پەساپۆرتی ئەو کردبۆوەو پەساپۆرتەکەی بۆ جێبەجێکردبوو) بۆی دەرچووبوو(حکومەت بابەکر پشدەریی‌ئەندامی وەفدەکەی ناردەوەکوردستان و"صالح یوسفی" و ئەوانی دی خستە حەپس و بەر شکەنجەوە)، لە بێرووتەوە چووە ئەوروپاو لەوکاتەدا دیاربوو کە ئینگلیزەکان بە شێوەیەکی لەبەرچاو شەخسیەتیان گەورە - دەکرد. بە قسەی مامۆستا هەژار :" ناصرقشقائی"(دوژمنی شای ئێران) لە ئەوروپا پێوەندی بە جەلال تاڵەبانی

کرد ،ناو و ئادرەسی چەند سەرچاوەیەکی کڕینی چەکی قاچاخی پێدا ،جەلال تاڵەبانی گورج ئەو ناو و ئادرەسانەی تەسلیمی سەفارەتی ئێران کردبوو و نـاصرقشـقائی دوای ئەوە زوو پێی زانیبوو . دکتۆر عیسمەت شـەریف وانلی، هـەرچەندە بە ناو بە نوێنەری بـارزانییش دانرابوو بـەڵام، بە تەئسیری تاڵەبانی ( یا هـەر لە ئەسـاسدا هاوبیری تاڵەبانی بووە) لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئەو ساڵە (١٩٦٣ ) نووسی : " حکومەتی شاهەنشاهیی ئێران هەڵوێستێکی ئینسانیانەی لە عاست پەناهندەی کوردی عیراق هەبوو . ئەمە گوتنی لەپێویست بەدەرە کە کورد زۆر حەسساس و مەمنوونی ئەو هەڵوێستەن، کە دەکرێ بە پێوەندیی نـەژادی و زمانیی نێوان گەلانی فارس و کورد روون بکرێتەوە"(١٠) . بەهەرحاڵ، تاڵەبانی ئیتر لەمـەودوا هەر لە رێی ئێرانەوە هاتوچۆی دەکرد . ( دانـا ئادەمز شمیدت لەکتێبەکەیدا " گەشتێك بە وڵاتی ئازایاندا" دەڵێ : " برایم ئەحمەد چەند مانگی ئاخری ١٩٦٣و سەرەتای ١٩٦٤ی لە ئەوروپا بەسەربردو توانی وەك جەلال تاڵەبانی رێگەی چوونە دەرەوەی وڵات بە رێگە و شێوەیەك پەیدا بکات کە دەبێ بە نهێنی بمێننەوە ". مەبەستی" رێگە" کە : ئێران، و بەشێك لە" شێوەیەك " : هاوکاریی لەگەڵ رژیمی ئێران)(١١) . لەم کاتە پڕ لە مەترسیەدا بوو کە کۆماری مەنگۆلیای شەعبی( ٣/ تەمووز ) داوای کرد باسی " چەوساندنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەلایەن حکومەتی عیراقەوە " بخرێتە بەرنامەی کۆبوو- نەوەی هەژدەهەمی کۆمەڵەی گشتیی دەزگـای نـەتـەوە یـەکگرتووەکانەوە . ئەندرێ گرۆمیکۆ( لە ٩/ تەمووز) بانگی لە سەفیرانی عیراق و ئێران و تورکیا و سووریا ( لە مۆسکۆ ) کرد کە بچنە لای و ئینزاری زۆر جیددیی بەنێوبانگی یەکێتی سۆڤیەتی خستە دەستیانەوە . یەکێتی سۆڤیەت بە زۆر چالاکیی دیکەش بۆ پشتگیریی شۆڕشی کورد هاتە مەیدانەوە . هەرچەندە مەنگۆلیا( بە تەئسیری هەموو وڵاتانی عەرەب و بـە تایبەتی میسر ) داواکەی کێشایەوە، بـەڵام ئینزاری سۆڤیەت دەورێکی زۆرگرنگی لە پووچکردنەوەی نـەخشـەی" دیجلە " ی سەنتۆدا هەبوو .

سەرکەوتنی گەورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر هێزەکانی حکومەتی عیراقدا هۆیەکی گرنگی تێکچوو- نی ناوخۆی رژیمی بەغدا بوو . دووبەرەکیەك کەوتە حیزبی بەعسەوە ( علی صالح السعدی و أنور عبدالقادرو حەرەسی قەومی لەلایەك و طالب شبیب و دەستەیەکی تر لەلایەکی ترەوە )، عبدالسلام محمد عارف هەلی بـە دەرفـەت زانی ( و بە یـارمەتیی قـەومی و " نـاصری"یەکان ) رۆژی ١٩٦٣/١١/١٨ کـۆدێتای لە بەعس کرد ( کەسانێکی وەك " احمد حسن البکر" کەوتنە حەپسەوە، هەندێکی تر(وەك : منذر الونداوی) لە عیراق رایانکرد و هەندێك کوژران) . عبدالسلام محمد عارف حوکمی عیراقی بۆ یەکەم جار بەتەواوی خستە سەرخەتی ئەمریکاوە

و ئەمە یەکەم جارو - تائێستا- دواجار بووە کە لە خەت و نفووزی ئینگلیز دراوە لە عیراقدا .

نیوەی یەکەمی ١٩٦٤ :

حکومەتی عبدالسلام محمدعارف رۆژی١٩٦٤/١/٣١ محافزی سلێمانی(عبدالرزاق محمد)ی بۆ گفتوگۆ ناردە لای بارزانی . حیزبی‌شیوعی‌عیراقی و حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی( الحزب‌الوطني الدیمقراطي - کامل الچادرچي) داوایان لە بارزانی کرد کە گفتوگۆ قەبووڵ بکا. بارزانی نامەیەکی بۆ حکومەتی سۆڤیەتی نارد داوای بیروڕای کرد ، حکومەتی سۆڤیەتی رای لەسەر شەڕوەستاندن و گفتوگۆکردن بوو . رۆژی ١٩٦٤/٢/١٠ بەیانێکی حکومەت شەڕ راگرتن و " دانی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد"ی راگەیاند ، هەمان رۆژ شۆڕشیش(رابەریی بارزانی) پشتی بەیانەکەی گرت، یەکێك لەو تەلگرافانەی بەوهۆیەوە بۆ پیرۆزبایی رێککەو-تنەکە نێردرا تەلگرافی خرۆشۆف بوو . شەڕ وەستاندن بۆ هەردوولا( بارزانی و رژیمی بەغدا) هەنگاوی‌کاتیی تاکتیکی بوو: بارزانی دەیویست ناوچەی بادینان کەمێك لە برسێتی(یەکی زۆر سامناك کە رووی تێ‌کردبوو) ببووژێنێتەوە، وەزعی ناوخۆی( لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا) یەك‌سەرەکاتەوە، شیوعیەکان و دەستەی چادرچی و دۆستە گەورەکەی ( سۆڤیەت ) رازی بکات و فرسەت بدا بە حکومەتی بەغدا بەڵکو بە توندی لە خەتی بریتانیا ( دوژمنی دێرینە و خەتەری بـارزانی ) بدات . حکومەتی بەغدا دەیویست وەزعی نـاوخۆی و دەرەوەی پتەوتر و لەشکرەکەی ئامادەتر بکا.

دیارە بە سەرنەکەوتنی نەخشەی"دیجلە"ی سەنتۆ(١٩٦٣) و لێدانی خەتی بریتانیا(احمدحسن البکر وعلی‌صالح السعدی)،لێدانی مەکتەبی سیاسی-کە دەستی لای سۆڤیەت و بـارزانی وعبدالسلام محمدعارف (ی دوژمنی ئینگلیز)یش‌کەشف ببوو- مەسەلەی رۆژو سەعات بوو(١٢). مەکتەبی‌سیاسی‌لە نیسانی١٩٦٤دا کۆنفرانسێکی لە ماوەت گرت(کە"عیساپەژمان"یشی هەر لێ بوو)، برایم ئەحمەد لەوکۆنفرانسەدا گوتی :" من مەلامستەفام بە بەیانێك کردۆتە مەلامستەفاو بە بەیانێکیش دەیکەمەوە بە هیچ!(١٣) . مەکتەبی سیاسی بەیانێکی بە عەرەبی بەناوی" اتفاقیة المشیر- بارزاني، أ سلم أم إستسلام ؟" دەرکردو ئەوەبوو بڕیاری دەرکردنی بارزانی‌ی لە حیزب دا و بە رادیۆکەشی بڵاوی‌کردەوە . بەقسەی " نووری ئەحمەد تاها " : عیساپەژمان ١٠٠ تفەنگی بۆ مەکتەبی سیاسی‌گەیاندە ماوەت(١٤) و بەڵێنی دێرینەی دووپات‌کردەوە کە حکومەتی ئێران لە هەرشەڕێکدا دژی بارزانی پشتیان بگرێ و- بەلای نووری ئەحمەدتاهاوە- مەکتەبی سیاسی بەمە زۆر مەغروور بوون(١٥).

نیوەی دووهەمی ١٩٦٤ :

بـارزانی، هەروەك چۆن لە شەوی یەکەمی تەمووزی ١٩٥٩دا(١٦) لە بەغدا هەمزە عەبدوڵڵاو هەڤاڵانی بەکوتەك لە پارتی دەرکردبوو و ئەم مەکتەبیسیاسیە تازەیەی هێنابووە سەرکار ،ئەمجارەش لە تەمووزی پێنج ساڵ دوای ئەوە(١٩٦٤)دا ،بەشێوەیەکی تارادەیەك لەهەمان بابەت،کۆنگرەی پارتی لە نزیکی رانیە پێکهێنا و چاردە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بە تاوانی" هـاوکاری کردن لەگەڵ سـەنتۆدا بۆ لەنێودانی شۆڕش" لە حیزب دەرکردو دەستەیەکی تری - تەبیعی بەناو - هێنایە سەرکار .

بەهەرحاڵ،پێشمەرگەی بارزانی بە سواری ئۆتۆمبیلیلەشکری رژێمیعبدالسلاممحمدعارف(ی دوژمنیئینگلیز) چوونە سەر بارەگای مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی سیاسی و چەکدارەکانی ئازووقەی زۆری کە هەیانبوو ،فڕێیان- دایە رووباری"ماوەت"ـەوەو رایانکردە لای ساواك لە کوردستانی ئێران، ساواك لە سەربازخانەکانی لەشکری ئێران لە کوردستانیئێرانی دانان . مەکتەبی سیاسی لە وێوە دووجار شەڕی بە شێوەی" لێدەو راکە"ی بۆ سەر هێزەکانی شۆڕشی کوردستان هێنا و رایانکردەوە بۆ سەربازخانەکانی لەشکری ئێران . بەڵام بارزانی هەڕەشەی لە حکومەتی ئێران کرد و پێیگوتن : " ئـەگەر جارێکی تر چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسی بێنە سەرمان ئێمە دوایاندەکەوین و ئەگەر پێویست بکات تا تارانیش دەچین(١٧) . حکومەتی ئێران ئەمەی زۆر بەجیددی گرت، برایم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی و چەند بەرپرسیارێکی تری بردە تـاران و لەوێ لە خانووی " ساواك "دا دانران، ئەوانیتریشیان گواستەوە بۆ سەربازخانەکانیهەمەدان (١٨) . بەمە وەرەقەی مەکتەبیسیاسی بەدەستی ئێرانەوە - جارێ تاماوەیەك - مرد( تەنانەت" پرکار اقدم - رئیس بخش کردستـان" ی ساواك کە بەرلەوە لەژێر چاوەدێریی تیمسار " پاکروان" لە دەفتـەری سیاسیی شادا کاری کردووەو دەیویست ساواك تا ئەوپەڕی، تـا لەنێودانی یەکجاریی بارزانی و شۆڕشەکەی، سوود لە خزمەتی مەکتەبی سیاسی ببینێ، ناچار- بۆ هەلێکی دی- ددانی بە خۆیدا گرت) .

حکومەتی ئێران ئنجا هات و - دوای ئەوەی مەکتەبی سیاسی لە سنووری ناوچەی شۆڕشی کوردستانی باشوور دوورخستەوە - یارمەتیی خستە پێش چاوی بـارزانی ، بـارزانی، کە بە لـێدانی مەکتەبی سیاسی وەزعی لـە ناوچەی سۆران کەمێك لاواز ببوو، پێویستی بە چەك و توانای پتر بوو بۆ ئەو ناوچەیە ( بۆ شـەڕکردنەوە لەگەڵ حکومەتدا)، پرسیاری بیروڕای یەکێتی سۆڤیەتی لەو رووەوە کرد ، یـەکێتی سۆڤیەت راز ی بوو کە بـارزانی یارمەتی لە ئێران وەرگرێ بە مەرجێك بەشێوەیەك بێ کە تەسلیمی نەبێ و سەربەخۆیی بڕیاردان لە دەست خۆی

نەدات . حکومەتی ئێران، جگە لە خواستی هەولّی دەست خستنە شۆڕشی کورد، بەتایبەتی زۆر لە هاوکاریی عبدالسلام‌محمدعارف و عبدالناصر دەترسا، ئەوەبوو یارمەتیەکی بارزانی بەچەند تۆپێك دا .

**١٩٦٥ و ١٩٦٦ : عبدالرحمن البزاز، عبدالعزیزالعقیلی و نەخشەی " توکّلتُ علی الله" :**

گۆڤاری" الکاتب"ی

میسری (ژمارە ٥٠، ساڵی ٤، ئەیاری ١٩٦٥) گفتوگۆی مانگێك بەرلەوسای سێ وەفدیعەرەبی بڵاوکردەوە کە لە قاهیرە دوو زنجیرە کۆبوونەوەیان کردبوو و باسی کورد یەکێك بوو لە باسەکانیان . زنجیرە کۆبوونەوەی یەکەم لەنێوان وەفدی عیراق ( عبدالکریم فرحان - سەرۆك ؛ ئەندامان : فؤاد الرکابی،هاشم علی،أدیب الجادر، خیرالدین حسیب،عبدالعزیزالدوری،عبداللطیف الکمالی) و وەفدی میسر(کمال رفعت - سەرۆك ؛ ئەندامان : حسین خلاف،کمال الحناوی، فتحی الدویب، شعراوی جمعە، السیدعلی السید، حکمت ابو زید، ابراهیم سعد-الدین، امین عزالدین، احمد بهاءالدین، لطفی الخولی) بوو . هەرچەندە بەگشتی مافەکانی کوردیان قەبووڵ نەبوو، بەڵام دەموراوێژی لطفی الخولی لەوانی تر کەمێك نەرمترو فێڵبازانەتر بوو، بە نموونە گوتی : "بۆچی داوا لە پێشکەوتنخوازەکانی کوردو عەرەب ناکەن بەیەکەوە دابنیشن ؟ "، کە فؤاد الرکابی بەتوندی وەڵامی دایەوە گوتی : " ئێمە ئامادەنین لەوەی داوەمانە پتر بڕۆین" .

أدیب الجادر لە یەکێك لەو کۆبوونەوانەدا گوتی :

> " لە دوا کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی شیوعیی سۆڤێتیدا باسی وەزع و هەڕەشەی ئیستیعمارو بەتایبەتی ئێرانمان لەگەڵدا هێنانە پێشەوەو کە چۆن ئیستیعمار هەوڵی هاندانی کورد دەدا تا عیراق بخاتە بەر مەترسیەوە و پێمانگوتن کە ئێمە بەڵگەمان دەربارەی پێوەندیی کوردو هێزە ئیستیعماریەکان بەدەستەوە هەیە، گوتیان ئەوانیش لایانوایە کە ئەو پێوەندیانە هەن بەڵام نەك لەگەڵ مستەفا بارزانیدا " (١٩) .

ئنجا أدیب الجادر دەڵێ :

> " بەنیسبەت رووسەکان، لاموایە نەخشەکەیان ئەوەیە ئەگەر کورد مافی پتر لە عیراق وەدەست بهێنن، ئەمە کوردەکانی ئێران و تورکیا هاندەدا ؛ لەوەش بگەڕێتەوە، هەڵوێستی رووس بەرامبەر کورد پێوەندیی بە هەوڵدانی بەرگریکردنیانە لە حیزبی شیوعیی عیراقی" .

دوایی دەڵێ :

" کەواتا مەسەلەکە مەسەلەیەکی ناوخۆی تایبەتی عیراق نیە، بەڵکو ئوسوولی خارجیی هەیە ".

زنجیرە کۆبوونەوەی دووهەم لە نێوان هەمان وەفدی میسر( وێڕای ئەندامێکی نوێ : کامل زهیری ) و وەفدی حیزبی بەرەی رزگاریی ئەلجەزایر( حسین زهوان - سەرۆك ؛ عمر اوزیجان، ناصرینیدر ،هاشم مالك، عبدالعزیز زردانی، بوغاشە، بن ناصر، سویح هواری، عەبدالرحمن بن حمیدە، عیسی العربی ) کە هەموویان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون و سەرۆکی وەفد ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو .

حسین زهوان گوتی : " مەگەر وا باشتر نەبوو لەشکری عیراق سەنگەری بەرامبەر بە ئیسرائیل چۆڵ نەکردایە تا بچێ شەڕی کوردان بکا ؟ " کمال رفعت زۆر بەتوندی و بەکینەوە بەرپەرچی دایەوە .

کاتێك حسین زهوان ئیشارەتی بە دەوری لەشکری میسر کرد ،کمال رفعت گوتی : " هێزەکانی کۆماریعەرەبی لەعیراقن بۆ تەئکیدی پشتیپەکترگرتن و یەکێتیی هەردووگەل،هەمووکارێکی هێزە میسریەکان لەوێ لەمەشق- پێکردن تێناپەڕێ، کارێکیان بەم مشکلە ناوخۆییانە نەداوە". کمال رفعت باسی جۆری مەشق پێکردنەکەی نەکردو ناوی ناپاڵم و بۆمبای فسفۆرو ئەو مادە ژەهراویانەی نەکرد کە عبدالناصر بۆ شەڕی کوردان دەیدا بە عبدالسلام محمد عارف و بەسەر کورددا دەبارین .

بەهەرحاڵ،هێرشی گشتیی چەکداری رژێمیعبدالسلام بۆ سەرکوردستان بە رەسمی لە ١٩٦٥/٢/١٠دا دەستی- پێکردبوو، بەڵام - بەهۆی زستانەوە - لە ٣/١٥وە ئنجا حەجمی تەواوی خۆی وەرگرت . بەڵام ئەویش - وێڕای یارمەتیی عبدالناصریش - نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێك بەسەر کورددا وەدەستبهێنێ .

بارزانی - لە سەر داوای حکومەتی ئێران - مەکتەبی سیاسیی جگە لە شەخسی برایم ئەحمەد بەخشی و، لە حوزەیرانی ١٩٦٥دا هاتنەوە ناوچەی شۆڕش ( " دۆڵە رەقە "ی ئاکۆیان لای عەباس ئاغای دۆستیان ) .

کۆدێتای عبدالسلام محمد عارف بەسەر بەعسیەکاندا لێدانێکیکورتیکاتیی دەسەڵاتی ئینگلیز بوو ،دەسەڵاتی ئینگلیزی خاوەن ئەوهەمووە ریشەو رەچەڵەکە لە مێژووی نوێی سیاسیی عیراقدا ( کە توانیبووی پیاوی خۆی تەنانەت بخزێنێتە رابەریی"حیزبی شیوعی"یشەوە) بە بڕیارێکی وەها نەبڕایەوە . ئەوەبوو جگە لەئەفسەرانێکی زۆری کە لە لەشکردا هەیانبوو، لە ١٩٦٥/٩/٢٥دا "عبدالرحمن البزازیان" گەیاندە سەرەك وەزیری و بەمە جێ- کۆنەکەی احمدحسن البکری دۆستی خۆیان هەمیسان بە دۆستێکی تریان پڕکردەوە . ئەم جارەش خەتی ئینگلیز بۆ لێدانی " شۆڕشی کورد بە رابەریی بارزانی" بە نەخشەیەکی تر هاتە پێشەوە کە لە نەخشەکەی ١٩٦٣ی

کەمتر خەتەر نەبوو . نەخشەی ئەم جارە بە ناوی " توکّلتُ علیٰ اللە" بوو کە عبدالعزیزالعقیلی بە ئـەندازیاری یەکەمی ناسرا، نەخشەکە بەم جۆرە بوو :

١ـ دەورێکی گرنگ دەدرێ بە ستوونی پێنجەم لە کوردستاندا( مەکتەبی سیاسی و ئاغاوەتی تەقلیدیی سەر بە بریتانیاو حکومەتی عیراق)، بە پارە دابەشکردن و پەیداکردنی کەسانی تر بە هێز دەکرێ، بۆ یارمەتیدانی دوو نوختەی داهاتوو :

٢ـ لەشکری عیراق " زۆزگ" و "هندرین" دەگرێ و سۆران و بادینان لێکدادەبڕێ .

٣ـ ستوونی پێنجەم لەپشتەوە لە بارزانی دەدات و لەشکری حکومەت بەرەو ناوچەی رابەریی بارزانی دەکشێ .

ئنجا نەخشەیەکی دووهـەم هەبوو، بۆ ئەوەی لە کاتی سـەرنـەکەوتنی نەخشەی یەکەمدا بخرێتە کار، کـە خودی " عبدالرحمن البزاز " خاوەنی بوو و دەبوو دەوری ئەساسی تێدا ببینێ، بەم جۆرە بوو :

١ـ جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانی لە رێی هاوکاریی عەباس ئـاغای ئـاکۆیان و حـاجی برایمی چـەرمەگاوە خۆیان بگەیەنە سەربازخانەکانی لەشکری عیراق ( و برایم ئەحمەدیش لە تارانەوە بێتەوە بەغدا )، حکومەت بە رەسمی بە نوێنەرانی کـوردیان دادەنێ و جۆرە دەسەڵاتێکی رووکەشییان لە کوردسـتان پێدەدات . حکومەت چـەند مادەیەکی مافی فەرهەنگی(وێڕای عەفوی عمومی و...چیدی) رادەگەیەنێت، کە دیارە بارزانی قەبووڵی ناکات، ئەوسا مەکتەبی سیاسی ئەو مادانە قەبووڵ دەکات و بارزانی تا رادەیەک عەزل دەکرێ .

٢ـ حکومەتی عیراق هەموو داوایەکی حکومەتی ئێران بەجێدێنێ تا هاوکاریی لەدژی بارزانی مسۆگەر بکات، بەم شێوەیە لە هەموو لایەکەوە لە بارزانی دەدرێ .

لە سـەرەتای ١٩٦٦دا، دەنگوباسـی خۆئامادەکردنی لەشکری عیراق بۆ هێرشێکی گـەورە، - وادیارە لە رێی سۆڤیەتەوە - بە بارزانی گەیشت، نازانین سۆڤێتیەکان باسی ئەوەیان راستەوخۆ لە حکومەتی عیراقەوە یـا لە ئیستیخباراتی ئینگلیز ( یا لایەنێکی دی) دزیوە، ئنجا تاکوێ ئاگاداری ئەو نەخشانە بوون کە باسمان کردن و " بارزانی"یان بەتەواوی لە چی ئاگادارکردۆتەوە، بـەڵام دەزانین کە بارزانی لە دوارۆژەکانی ١٩٦٥دا خەبەری بۆ عەباس ئاغا نارد کە جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانی بنێرێتە ناوچەی رابەریی . جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانی لـە یەکەم رۆژی ١٩٦٦دا - بە یارمەتیی عەباس ئاغا و حاجی برایمی چەرمەگا- لە ناوچەی شـۆڕش رایانـکرد و گەیشتنە سەربازخانەکانی لەشکری عیراق،دوای ماوەیەک برایم ئەحمەدیش بە فڕۆکە لە تارانەوە هاتەوە بەغدا(٢٠) .

نەخشەی "توکّلتُ علیٰ اللە" وا دانرابوو کە ١٥-١٩٦٦/٤/١٦ بەجێهێنانی دەست پێ بکا، بەڵام کوشتنی عبدالسلام محمدعارف (لەلایەن ئینگلیزەوە - لە ١٩٦٦/٤/١٣دا) دوایخست. عبدالعزیزالعقیلی دەیویست جێگای عبدالسلام محمدعارف بگرێتەوە، کاتێك بەو ئاواتەی نەگەیشت دەستی لە کار کێشایەوە و "شاکر محمود شکری" جێی گرتەوە.

بەجێهێنانی نەخشەی "توکّلتُ علیٰ اللە" لە ١٩٦٦/٥/٢دا دەستی پێکرد و زۆزگ و هندرین بەپێی نەخشەی دانراو گیران و سۆران و بادینان لێکدابڕان. بارزانی کە هەستی بە خەتەری گەورە کرد، بە شەخسی خۆی دەستی دا تفەنگ و بە تووڕەیی خۆی گەیاندە نزیك هندرین( گوتی: من خۆم دەچم شەڕ دەکەم، "قحط الرجال"-ـە!، ئەگەر پیاو هەبان دوژمن هندرینی نەدەگرت)، بەڵام تەوژمی بەتایبەتی شیوعیەکان وایکرد کە بارزانی خۆی هێرش نەکات( و لەپشت جەبهەدا بمێنێتەوە و بە دووربین سەیرکات )، فاخر مێرگەسووری و شیوعیەکان (بەتایبەتی عەرەبە عیراقیەکان - بەسەر تۆپەکانەوە) دەوری زۆرگرنگیان لەم شەڕەدا بینی(و هەندێ پێشمەرگەی هەرێمی رۆژهەڵاتیشیان وێڕابوو- وەك مەلاعەولای مەلاعوسمان و شادرەوان مەلارەشیدو ..ئیدی) . هندرین لە ١٩٦٦/٥/١٤ و زۆزگ لە ١٩٦٦/٥/١٧ بەتەواوی لە دوژمن پاککرانەوە(دوژمن دووهەزارکوشتەی دا )، زۆر ئەوراقی نهێنی لە خێوەتی ئەفسەرە گەورەکانی لەشکردا گیرا، بەم جۆرە نەخشەی "توکّلتُ علیٰ اللە" بە مەرگی خۆی گەیشت.

ئەمجارە، عبدالرحمن البزاز نەخشەی ئیحتیاتی هێنایەکایەوە :

سەفیرەکەی لە تاران دەستی کرد بە پێوەندی بۆ رێکخستنی کۆبوونەوەی کاربەدەستانی گەورەی دوو دەوڵەت .

عبدالرحمن البزاز لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا(جەلال تاڵەبانی وعەبدورەحمان زەبیحی) کۆبۆوە (٢١) و لە ١٦ / ٦/ ١٩٦٦دا لەسەر تەلەفزیۆن ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد دەربڕی .

بارزانی - بەپێچەوانەی ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا - پشتگیریی لە هەڵوێستی حکومەت کرد و ئامادەیی هاوکاریی خۆی دەربڕی . مامۆستا هەژاری موکریانی، کە لە هەرەنزیکانی بارزانی بوو، دەڵێ :

"شیاوی باسە : لە سەرەتای شۆڕشەوە هەتا دوایی ١٩٧٣ پەیوەندی ئاشنایانەی روس دەگەڵ بارزانی نەپچڕا، سەرەڕای یارمەتیدانمان بە کەلوپەل رێنمونیشیان دەکردین . بۆ نمونە : ئاگربەس و گفتوگۆمان دەگەڵ حکومەتی "بەزاز" لەسەر راوێژی ئەوان بو، ئێران هەوڵی زۆر دا نەکرێ بەقسەی نەکرا".

( لە شوێنچونێك، شەرەفنامە، چاپی دووهەم، ١٩٨١، ل٨٦٤) .

کەواتا مەکتەبی سیاسی بۆ جاری دووهەم لە شکاندنی شۆڕش وکوردو بارزانیدا شکا: یەکەم لە پشتگیریی نەخشەی " دیجلە"ی سەنتۆدا و دووهەم لە نەخشەی " توکّلتُ علیٰ الله "(٢٢) و هاوکاریی عبدالرحمن البزازدا، هەرچەندە گیروگرفتی زۆریان نایەوە، لەمەی دواییدا شۆڕشی کوردیان ناچارکرد لە دروشمی "حوکمی زاتی"- یەوە بێتە سەر پازدە بەندەکەی "البزاز".

هاتوچۆی وەفدی حکومەت و وەفدی شۆڕشی کوردستان بە رازیبوونی بارزانی بە ١٥ بەندەکەی ١٩٦٦/٦/٢٩ ی عبدالرحمن البزاز گەیشت . شەڕی نـاوخۆی خەتی ئینگلیزو ئەمریکا لە حوکمی عیراقدا هـەر بەردەوام بوو ( تا دوایی لە ١٩٦٨/٧/٣٠دا بەلایەکدا کەوت)، دەستەیەك بە رابەری"عارف عبدالرزاق" رۆژێك دوای دەرچوونی ئەم ١٥ بەندانە (٣٠/ حوزەیران) هەوڵیان دا کۆدێتا بکەن و سەرنەکەوتن، بەڵام عەسکەریەکان بەگشتی ( دیارە خەتیئەمریکا بەتایبەتی) بەردەوام دژی"عبدالرحمن البزاز" بوون تا ئاخری وەلایان دا و بەیانێکیشیان پێدەرکرد کە گوتی : " بەندەکانی ١٩٦٦/٦/٢٩ کاری من بووە و من بەشەخسی لێی بەرپرسیارم، دەوڵەت لێی بەر- پرسیار نیە". " ناجی طالب" بوو بە سەرەك وەزیران،بەڵام سەردەمی عبدالرحمن محمد عارف بەگشتی وەهابوو کە دەوڵەت خەریکی کێشەی مەرکەزەکانی هێزی ناوخۆی بوو و بڕیاری سیاسەتێکی پێ نەئەدرا(قۆناغی چاوەڕێ- کردن بوو) . " عبدالرحمن محمد عارف " لە ١٠/٢٦دا چووە کوردستان و لە ناوچەی رواندز لەگەڵ " بارزانی"دا کۆبۆوە، بەڵێنی بە بارزانی دا کە جاشە کۆنەکان و چەکـدارەکانی مەکتەبی سیاسی حەل بکات، ١٥ بەندەکەی سەردەمی عبدالرحمن البزاز جێبەجێ بکا و نوێنەرانی شۆڕشی کورد بخاتە حکومەتەوە، بـەڵام بەڵێنەکان جێ بە- جێ نەبوون .

**١٩٦٧و١٩٦٨ : هەندێ چالاکیی تری ئیستیعماری نوێ ( ئیمپریالیزم ) :**

حکومەت زۆرتر هەر چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسیی بۆ شەڕی کورد بەکاردەهێنا( تا ١٩٦٨/١١/١٠) . هەرچەندە مەکتەبی سیاسی لە مەیدانی شەڕی چەکداردا نـەیتوانی چۆك بە شۆڕشی کوردستان دابدا، بەڵام خزمەتی زۆر گەورەی بە ئیمپریالیزمی جیهانی و داگیرکەرانی کوردستان کردو رێگەی بۆ تێکشکاندنی مەعنەوی و ئەخلاقیی کورد لەناوەوە تەخت - کرد . پرۆپاگەندە کە لەم ماوەیەشدا و تا مارتی ١٩٧٠ درێژەی پێ درا بە زۆر شێوە بوو، بۆنموونە :

ئا- پرۆپاگەندەی لەدژی جەمەدانیی سوور ( ئاشووب نانەوەی نێوان بارزانی و غەیرە بارزانی ) .

ب ـ پرۆپاگەندەی سۆرانیچێتی و بادینانیچێتی .

ج ـ هاندانی ئاغاکان : دەیانگوت کە بارزانی شیوعیە(خۆ هەرجەممدانیەکەی دیارە کە سوورە!) و زەویەکانتان لێ دەستێنێ و ئاخریەکەی هیچتان بۆ ناهێڵێتەوە، بارزانی شوان وگاوانی بارزان دەنێرێتە سەرتان تا حوکمتان بکەن ... ئێوە چیتان کەمترە لەو ؟ . تەنانەت وایان لە حاجی برایمی چەرمەگا کردبوو کە لە مەجلیسدا دەیگوت : " وەخوا سا رەسمی لالۆتان ئەبینن لە روعبا !" ( مەبەستی : مەکتەبی سیاسی من لە جێگەی بارزانی دەکا بە سەرۆکی کوردو رەسمم ئەکەوێتە پارەوە - روبعە دینارەوە ! ) .

د ـ سووککردنی مەدرەسەی پێشمەرگەیی‌جیهان بەگشتی لە بەرچاوی دێهاتیەکانی‌کوردەواری : چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسی دەبوو لەکاتی هێرش بردنیان بۆ سەر پێشمەرگەی کوردستان پارچە قوماشێکی بە رەنگێکی تایبەتی لە مل بکەن تا فرۆکەکانی حکومەت بەهەڵە بۆردومانیان نەکەن و لە پێشمەرگەیان جیا- بکەنەوە ( " عومەر مستەفا - دەبابە" خۆی خرابووە هێزی هەوایی لە کەرکوک )، مەکتەبی سیاسی وێنەی " ماوتسی تونگ"یان لەسەر ئەو پارچە قوماشانە دەکێشا!، کە بەمە وێنەی " ماوتسی تونگ" و" جاشێتی کردن بۆ داگیرکەری بێگانەی خوێنرێژو لای گەل رەزاقورسی سەر بە ئینگلیزو ئەمریکا" بەیەکەوە ئەخرایە بەرچاوی دێهاتیەکانی کوردستان . زۆر دێهاتیی ساکار هەبوون کە جوێنیان بە ماوتسی تونگ دەدا : " برۆن هەی وا لە خۆتان و ماوتسی تونگەکەتان !"، هەمان شت بە نیسبەت " گیڤارا" کە یادیان دەکردەوە و وێنەیان هەڵدەگرت (٢٣) .

هـ - سەرلێ‌شێواندن و فریودانی تازەلاوی ساکاری شار بە دروشمی ماویەتی ( ماوتسی‌تونگیەتی ) : مەکتەبی سیاسی لە هەمان کاتدا لە نووسیندا ( وەك زۆر کەسانی تری سەر بە ئیمپریالیزمی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) دروشمی شۆڕشگێڕی و چەپییان (تەنانەت مارکسیەتیشیان) بۆ عەوام فریودان و سووك کردنی ئەو دروشمانە هەڵدەگرت، بەناوی لێکدانەوەی " ماویەت" هەر هەڵوێستێکی دۆستانەی یەکێتی سۆڤیەت و حیزبی شیوعی عیراقی بەرامبەر بە شۆڕشی کوردیان بە ریڤیژیۆنیزم ( لادان،تەحریفیەت) ناودەبرد ، قیاسی چەپێتی و مارکسیەتی لاوانیان بە رادەی شەڕکردنیان لەدژی شۆڕشی گەلی خۆیان دەکرد .

مەکتەبی سیاسی لە هەمان کاتدا کە چەکی بۆ رژێمی عبدالسلام محمدعارف( سەردەمی"البزاز" ) و عبدالرحمن محمدعارف (البزاز، ناجی طالب، طاهریحیی) هەڵدەگرت لەدژی شۆڕشی کوردستان، هاوئاهەنگیی رێکوپێك و

بەتینی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا هەر هەبوو . مەئموورەکانی ساواك ( نموونەی : دکتۆر هاشمی شیرازی - ئێستا لەکەرەج، ٤٠کیلۆمیتریی تاران دەژی- بە ناوی نهێنییەوە،نموونەی دکتۆرجەلال(٢٤) و...ئیدی)،هاتوچۆی بەکرەجۆ (شوێنێکە لە پەنا سلێمانی، بارەگایەکی جەلال تاڵەبانیی تێدابوو)یان دەکردو لای خەڵکەکە بەفیدایی ئێرانیی دژی رژیمی شا پێشکەش دەکران :" فیدایی مائۆیستن کە لە چین جۆرە دکتۆریەکی تایبەتیی"حرب العصابات!"- یان خوێندووە کە بە دەرمانکردنی تەبیعی چاری دەردی دێهاتییان دەکەن !". لەلایەکی ترەوە سەرهەنگ عیسا پەژمان کرابۆوە بە " ملحق عسکری" ی سەفارەتی ئێران لە بەغدا(٢٥) و زۆرتر عەبدورەحمان زەبیحی پێوەندیی پێدەکرد و هەندێ جاریش حیلمی عەلی شەریف . تەوژمێکی کە چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسی بە ناوی یارمەتیی لەشکری عیراق بۆ سەر شۆڕشی کوردستانیان دەبرد بەرژەوەندیی ئێرانیشی زۆر تێدابوو، یەکێك لەوانە ئەوەبوو کە رژیمی ئێران دەیویست ئەوپەڕی تەوژم بۆ بارزانی بێت تا ئەوەندە پێویستی بە رژیمی ئێران بێت . بەڵام دەوری مەکتەبی سیاسی بۆ ئێران لەو ماوەیەدا لەوەش پتر بوو

سلێمانیموعینی وهەڤاڵانی،کۆمەڵێ لاوی ساکاروخوێنگەرم بوون، زۆربەیان شەیدای دروشمەکانیمارکسیەت بوون ( و خۆیان بە مارکسی دەزانی)، توانیبوویان رێکخراوی نهێنی لە کوردستانی رۆژهەڵات(بە ناوی حیزبی دیموکراتیکوردستان) دابمەزرێننەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا تەحەدایەکی مەردانەی رژیمی شا بوو. حکومەتی ئێران ( بەشێکی لە رێی مەکتەبی سیاسی - جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانی ) هەستی بەوە کردبوو کە چالاکیەکی نهێنی لە کوردستانی رۆژهەڵات هەیە و ناوی هەندێ لە رابەرانی دەزانی،بەڵام دەستی بەتەواوی و بەوشێوەیەی دەیویست بۆ بەسەردا نەدەگیرا، ئاواتی ئەوەبوو بزووتنەوەکە بەرلەوەی تەواو پێبگات و لە خەم برەخسێ، زوو لە سەرەتاوە خۆی بەدەرخا تا ئەوەندە شانەیەی هەیەتی لە سەنگەری شەڕی چەکداردا بەرامبەر بە لەشکری حکومەت لەناوبچێ . لێرەدا جەلال تاڵەبانی پێوەندیی بە سلێمانیموعینی وهەڤاڵانیەوە(کە هەندێکیان لەکورد- ستانی باشوور بوون) کردو بە دامەزراندنی کۆمەڵێك باسی شەڕی درێژخایەن، شەڕی بوئرەی شۆڕشگێڕ(کوبا و ئیدی) قەناعەتی پێکردن کە لە رێی ئەوەوە پێوەندی بە ئیستیخباراتی حکومەتی عیراقەوە بکەن و هاوکاری وەرگرن و شۆڕش لە کوردستانی ئێران هەڵگیرسێنن ! . سلێمانی موعینی و شەریف زادە ( زۆر ساویلکە و بێ - تەجرەبە) کەوتنە تەڵەوە و بەوجۆرە شانەکانیان لەبەر پێوارەوە هێنایە بەردەمی حکومەتی ئێران و بە شێوەیەکی کە رژیمی ئێران دەیویست بە لەنێودانیان دان .

بارزانی، کە قەبووڵی نەدەکرد هەچ کوردێکی پێوەندیی بە ئیستیخباراتی حکومەتی عیراقەوە هەبێ لەنزیکی

ئەو بێت، پێی‌گوتن ( بە هەڤاڵانی سلێمانی‌موعیین ) کە لە ناوچەی سەر سنووری نـاوچەی ئـەو دووربکـەونەوە، کاتێك سەیری‌کرد بەقسەی نەکرا و لە رواندزو کەرکووك و بەکرەجۆوە بە ناوچەی دەسەڵاتی ئەودا دەچوونە سەر سنووری سیاسیی نزیك بەو،و وەزعیکی لەگەڵ ئێراندا بۆ سازدەکەن کە لە کۆنترۆڵی ئەودا نامێنێ و بەزەرەری دەبێ، کەوتە داوێکەوە کە ساواك و جەلال تاڵەبانی زۆر زانـایـانـە و جەهەنەمیانە بۆیان نابۆوە، دەستی خستە خوێنی ئەو لاوە دڵگەرمە سـادانەوە . ئەم کارەساتە خزمەتی یەکەمی بە رژیمی ئێران کرد کە تـا ئـەوپەڕی بۆ سـوودی خۆی بەکارهێنا(٢٦)، و دوای ئەوە بە مەکتەبی سیاسی( پڕۆپاگەندە، پارە)، ئنجا بە حکومەتی‌عیراق و ئیمپریالیزمی‌جیهانی(و مەعنابەخشین بەو سنوورە دەستکردانەو...ئیدی). دۆڕاوی یەکەم : شۆڕشی کوردستان و بارزانی و رێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون . ئەم کارەسـاتە کەلەبەرێکی سـایکۆلۆجیی گەورەی خستە نێوان کوردستانی باشوورو رۆژهەڵاتەوە... کە کوردایەتی ئێستاش بەودەردەوە دەناڵێ .

خەتی ئینگلیزو ئەمریکا لە عیراقدا پێکەوە کۆدێتایان لە عبدالرحمن محمدعارف کرد (١٩٦٨/٧/١٧) و سێزدە رۆژ دوای ئەوە خەتی ئینگلیز کۆدێتای لە خەتی ئەمریکا کرد.

تەمووزی ١٩٦٨- مارتی ١٩٧٠ :

بەعسی لە ١٩٦٨/١١/١٠دا هێرشـی گەورەیان هێنایە سەر کـوردسـتان، بەڵام بە بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانای لەشکری خۆیان و مەکتەبی سیاسی‌یش هەر دەرۆستی پێشمەرگەی‌کورد- ستان بە رابەریی بارزانی نەهاتن . ئەمجارە زۆر بە وردی شۆڕشی کوردستانیان بەم شێوەیە شی‌کردەوە :

١ـ کیانی شۆڕش واتا رابەریی شەخسی بارزانی ( تا بارزانی بمێنێ خواستی ئایدیۆلۆجیەتی حیزبی بەعس کە هەڵکێشانی بوونی کوردە لەرەگوریشەوە پێکنایەت) .

٢ـ پشتگیرانی بارزانی : ئا ـ سۆڤیەت ( و حیزبی‌شیوعی‌عیراقی ) .

ب ـ ئێران .

ئنجا بڕیاریان دا کە :

١ـ لەیەك کاتدا هەوڵی چەند شت بدرێ :

ئا ـ بارزانی بکوژرێ .

ب ـ کۆمەڵێکی تر لەناو شۆڕشەوە(دکتۆر مەحموودو کێ و کێ)ی بەگژدا بکرێ و هەندێك رابەرانی پێشمەرگەی

لەدەست دەربخەن و بیانکەن بە پیاوی خۆیان، دەورێك بە " جماعة ابراهیم احمد والطالبانی " بسپێرن .

ج ـ تەماحی زۆر بخەنە بەردەم یەکێتی سۆڤیەت تا دەست لە بارزانی بەردات و یارمەتیی ئەوان بدات (و حیزبی شیوعیعیراقیشیان پێبفرۆشێ ) .

د ـ لەشکر ئەوپەری بەهێزبکرێ .

٢ـ ئەگەر نوختەی یەکەم بەتەواوی نەتیجەی مەبەستی نەدا ، شەڕ بکەنەوە، بە لەشکرێکی زۆر بەهێزتر ( لە دژی بارزانییەکی - بەهەرحاڵ لەوانەیە - دۆست کەمترو دوژمن پتر ) .

٣ـ ئەگەر شەڕ تارادەیەك (گوایا ژمارەی ٣٠هەزار کوشتەیان کردبوو بە پێوانە) بە نەتیجەی پێویست نەگەیشت، خواستەکانی رژیمی ئێران ( شط العرب و...ئیدی) پێكبهێنن و هاوکاریی مسۆگەربکەن .

لەسەر ئەساسی ئەوە داوای گفتوگۆیان لەگەڵ بارزانیدا کرد ، بارزانی لەسەرەتادا نـەیویست گفتوگۆیان لەگەڵ بکات، بەڵام لە" کرملین"ـەوە دیسان " دکتۆرمراد"یان بۆ ناردو لێیان داواکرد کە شەڕ رابگرێ و گفتوگۆیکا (بە کۆمەڵێك بەڵێن و قسەی قەناعەت پێ کردن) (٢٧) . دکتۆرمراد فەرمانبەرێکی" ك.گ.ب."یە(٢٨)، هەمان ئەوکەسەیە کە جاسووسێکی سیا(عەلیقازی - کوڕی رەش) لە راپۆرتی ٥/مهر/١٣٥٨یدا بۆ سیا دەربارەی دەڵێ :

" مهمترین چهره در امور کردها در عراق یك فرد نه چندان معروف بنام دکتر مرادعزیز است که در......... زندگیمیکندوهمیشه با اسکورت ٢ مرسدسبنز که پر ازمحافظان امنیتی مسلح به سلاحهای اتوماتیك هستند رفت وآمد میکند. موقعیت او در رابطه با دولتعراق مشخص نیست...... . از احترامیکه برای او قائل میشوند احتمالاً مقام بالایی دارد . در فاصله ٤٦ ـ (......)١٩ دکترعزیز درآذربایجان بعنوان گروهبان مراد رزمآور ارتش ایران شناخته میشد و برای جمهوری کوتاه مدت کردستان کارکرد . پس از سقوط جمهوری او به ...... گریخت و تا هنگامیکه در بغداد بعنوان دکترعزیز خودرا نشان داد از وی اطلاعی در دست نبود . (اسناد لانه جاسوسی،کردستان (٢)،شماره ٣٢،دانشجویان خط امام،١٩٦٦) .

رژیمی ئێران بە بـارزانیی راگەیاند کە هەرچی یارمەتیەکی بیەوێ دەیدرێتێ بەمەرجێ شەڕ لەگەڵ بەعسیدا رانەگرێ . بەڵام بارزانی بۆ کوردی بە باش زانی کە ( بە زەرەری رژیمی ئێران) ئامۆژگاریی سۆڤیەت قەبووڵ - بکات، بۆیێ بارزانی کەوتە گفتوگۆوە لەگەڵ بەعسیدا و شەڕی راگرت .

رۆژنامەنووسێك لە احمدحسن البکری پرسی : " چارەنووسی برایم ئەحمەد - جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانیان چی-

دەبێ ؟، احمدحسن البکر گوتی : " هـەموو چـەکدارە غـەیرە نیزامیەکانی حـکومەت بەپێی بەیانی مارت حەل - دەکرێن " . بەعسی لە گفتوگۆکاندا مسەلەی " جماعة ابراهیم احمد والطالبانی "یان هێنایە پێشەوە، بـارزانی گوتی : " ئەمە مەسەلەیەکی ناوخۆی کوردەو کورد خۆی حەلی دەکا ، حکومەت لەسەریەتی یارمەتیی هیچ هێزێ لەدژی ئەو (بارزانی) نەدات و هەموو جاشەکان حەل بکات . " حردان التکریتی"( کە بەشداری ئەو گفتوگۆیانە بوو) لە " مذکّرات"یدا دەڵێ :

" و کان القصد من المفاوضات اعطاء الملا کل التنازلات التی یریدها فی محاولە لاحتوائە او القیام بانقلاب عسکری ضدە، و لکنە کان اقویٰ واذکیٰ واکثر تمرساً باسـالیب المناورات السـیاسـیە و العسکریە، و لذلك فقد اشـتـرط فی بند سرّی من بنود البیان بقاء ٢٥ الف جندی من جنود البیشمرکە تحت السـلاح . و قد اعطیناە ذلك و لکن قررنا ان نستغل فترة انهاء الحرب لادخال عناصر من جماعة جلال الطالبانی و هو عدو تقلیدی للملا و القیام باغتیالە عنداللزوم " .

( مذکّرات حردان عبدالغفارالتکریتی ص ٥٦-٥٧ )

هەڵوێستی مەکتەبیسیاسی لەکاتیگفتوگۆی حکومەتی بەغداو شۆڕشدا ،بەپێی وەزعی رۆژانەی گفتوگۆ بوو : هەر رۆژێك حکومەت لە نوختەیەکدا سیاسەتی نەرمی پیشانی شۆڕش بدایە ئەبوو مەکتەبی سیاسی بێدەنگ بێ،کاتێك حکومەت ویستبای سیاسەتی توندیی پیشان بدا ئەبوو مەکتەبی سیاسیش بەتوندی هاواری دژی شۆڕشی لێهەڵسێ،تەنانەت زۆر کەم بەر لە ئیمزاکرانی بەیانیمارت بەرپرسیارێکی مەکتەبیسیاسی لە هەولێر (شێخ لەتیف) بەبڵندگۆ(مکبرە) بەخەڵکی شاری هەولێری راگەیاند کە :

" بارزانیی خزمەتکاری شا و ئیمپریالیزم ئیستیفادەی لەو فرسەتە نـەکرد کە حکومەتی نیشتمانیی حیزبی بەعس پێیدا بۆ تۆبەکردن و هاتنەوە ریزی نیشتمانی . گفتوگۆ بەنەتیجە نەگەیشت وئیدی شەڕی ئەمجارە دەبێتە هۆی تێکچوونی یەکجاریی مەلاچۆمبی و شاو هەمووئیمپریالیزمی جیهانی !(٢٩) .

بە ئیمزاکرانی بەیانی مارت چەکدارەکانی مەکتەبیسیاسیش حەلکران . مەکتەبی سیاسی تەسلیمی بارزانی بوو و - بە رەسمی- خۆی لە پارتی دیموکراتی کوردستان ( رابەریی بارزانی)دا حەلکرد .

لەبەرئەوەی مەکتەبی سیاسی هەر بە ناوی " پـارتی دیموکراتی کوردستان " کاری دەکرد ، دەکرا ئەم هاتنەوەی بۆ ریزی پارتیەکەی شۆڕش ( بە رابەریی بـارزانی ) بە یەکگرتنەوەی دووبەشی حیزبێك لەقەڵەم بدرێ، بـەڵام شۆڕش ئەوانی بە بەشێکی" پارتی دیموکراتی کوردستان " دانەئەنا ، بۆیە ئەمری پێدان ( بە مەکتەبی سیاسی)

که کۆنگرەیەك بگرن و لەو کۆنگرەیەدا دوو بڕیار بدەن، یەکەمیان : ناوی حیزبەکەیان بگۆڕن و، دووهەمیان : بەناوی تازەوە خۆیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان ( بە رابەریی بـارزانی)دا حـەل بکەن . مەکتەبی سیاسی کۆنگرەی لە بەغدا گرت و لەو کۆنگرەیەدا ناوی خۆی کرد بە" پارتی شۆڕشگێری کوردستان"! (الحزب الثوری الکردستانی) و بەناوی تازەوە بڕیاری دا کە خۆی لە " پارتی دیموکراتی کوردستان"دا حەل بکا .

بـارزانی، مەکتەبی سیاسی‌ی عـەفـوکرد و لە رایات و نـاوپردان نیشتەجێیکردن و ئەندامەکانیشی لە ریزی پارتیدا قەبووڵ کردن .

" خـولاسـە "

رووداوەکان :

١٩٦٣ :

١- رژێمی فاشیستی سەر بە ئینگلیزو ئەمریکا حوکمی عیراقی گرتە دەست خۆی و لە سەعاتی یەکەمەوە بە ئەوپەڕی تواناو دڕندەیی دەستی بە قەڵاچۆکردنی شیوعیەت و چەپێتی لە عیراقدا کردو دوای چوارمانگ پەلاماری کوردوکوردستانی دا . رۆژئاوا هەموو قورسایی خۆی خستە لای حوکمی بەغدا لەدژی شۆڕشی کوردستان، سەنتۆ پلانێکی دانا بۆ لێدانی شۆڕشی کوردو بارزانی .

٢- بـارزانی پێویستی سەرشانی خۆی بەجێهێنا، هەڵویستی دژی سەنتۆ و داگیرکەرانی کوردستان، وێڕای شیوعیەکان و هاوکاریی سۆڤیەت بوو (٣٠) .

٣- یەکێتی سۆڤیەت و دۆستەکانی لە جیهاندا دژی رژێمی تازەی بەغدا بوون و دەنگیان لە دنیادا لە دژی بەرز بۆوە، بە پشتگیرییان لە شۆڕش و بارزانی( ئینزاری گرۆمیکۆ) دەوریان لە پەکخستنی دەوری ئێران و تورکیاو پووچکردنەوەی نەخشەی سەنتۆدا بینی .

٤- مەکتەبی سیاسی هاوکاریی دوژمنانی شۆڕش ( رژێمی عیراق، رژێمی ئێران و سەنتۆ)ی کرد .

١٩٦٤ :

١- ئینگلیز لە عیراقدا شکستی کاتیی دیت ( کۆدێتای عبد السلام محمدعارف بە سەر احمدحسن البکر و علی صالح السعدی‌دا ) .

٢- مەکتەبی سیاسی دژی شەڕ راگرتن و هـەڵوێستی بـارزانی بوو، لە بەرامبەر هێرشی بـارزانی‌دا ( کـە

پشتگیریی رژیمی نوێی بەغدای دژی ئینگلیزی لێکرا) رایکردو پەنای بە ساواکی شاهەنشاهی ئێران هێنا، لەوێوە دوو هێرشی کردە سەر شۆڕشی کوردستان و رایکردەوە سەربازەخانەکانی ئێران، بەڵام ئینزاری بارزانی وایکرد ئێران دووریانخاتەوە ( بۆ هەمەدان و تاران ) .

**١٩٦٥ :**

بارزانی، لەسەر داوای ئێران، مەکتەبی سیاسی - جگە لە شەخسی برایم ئەحمەد - عەفوکرد، مەکتەبی سیاسی بەوشێوەیە گەڕایەوە ناوچەی شۆڕش و لەسەر داوای خۆی لای عەباسی مامەندئاغا(دەرەبەگ و کۆنە پیاوی ئینگلیز) دانرا .

**١٩٦٦ :**

١ـ ئینگلیز شکستی کاتیی برییەوەو عبدالرحمن البزاز (دۆستی ئینگلیز) بوو بە سەرەکوەزیران .

٢ـ مەکتەبی سیاسی لە رێیعەباسئاغاو حاجی برایمیچەرمەگای دەرەبەگ خۆی گەیاندە سەربازخانەکانی حکومەتیعیراق، پێوەندیشی بە ساواکەوە هەرما ( لە رێی پەژمان، هاشمی شیرازی و...ئیدی) .

٣ـ نەخشەی رژیمی بەغدا (و بەتایبەتی دەستەی سەر بە ئینگلیز) بۆ لەنێودانی شۆڕشی کورد (توکلت علیالله) سەری نەگرت .

٤ـ بارزانی (بە ئامۆژگاریی سۆڤیەت) پیلانی عبدالرحمن البزاز ی تێکدا . بەڵام - بەشێکی بەهۆی دەوری مەکتەبیسیاسی- ناچاربوو بۆ ئەوە لە حوکمی زاتی بێتەخوار و ١٢بەندی ئاشکرا(و ٣بەندی نهێنی)ی عبدالرحمن البزاز قەبووڵ بکا .

**١٩٦٨ :**

پیلانی ئیستیخباراتیعیراق و مەکتەبی سیاسی( بەهۆی کەمهۆشیاریی سلێمانی موعین و هەڤاڵانی) کارێکیان کرد بارزانی بکەوێتە داوێکەوە کە سلێمانی موعین و هەڤاڵانی لەنێوبچن، رژیمی ئێران و رژیمی عیراق و مەکتەبی سیاسی بەمە سەرکەوتنێکی گرنگی پرۆپاگەندەو شەڕی رەوانییان بەسەر شۆڕشی کوردو بارزانیدا وەدەستهێنا، کوردایەتی لێدانێکی سەختی وێکەوت .

**١٩٦٦-١٩٧٠ :**

مەکتەبی سیاسی بە شەڕی چەکدارو بە شەڕی سیاسی و رەوانی یارمەتیی رژیمی بەغداو تارانیان لە دژی بزووتنەوەی رزگاریی گەلی کورد دا .

: ١٩٧٠

مەکتەبی سیاسی ( بە برایم ئەحمەدەوە) تەسلیمی بارزانی بوو و بارزانی عەفوی کرد .

" نەتیجە "

١ـ شۆڕشیکوردستان بە رابەریی عەشیرەتی نیشتمانپەروەر بوو . بارزانی، رابەری دەرەجە یەکی عەسکەری و شارەزاترین کورد لە سیاسەتیعەشیرەتان و هێزەکانی ناوخۆیکوردەواری و حوکمیعیراق و وەزعی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیای ئەو ماوەیەدا، توانی بە سەرکەوتوویی لەگەڵ هەموو گۆڕانەکانی سیاسەتدا رەفتاربکا و، وێڕای پیلان و چالاکیی زۆری داگیرکەرانی راستەوخۆی کوردستان و رۆژئاوا ( بەتایبەتی ئینگلیزو داردەستە-کانی : مەکتەبی سیاسی و دەرەبەگەکان) یش، شۆڕشی کورد لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر بەسەر دوژمنانیدا بگەیەنێتە مارتی ١٩٧٠ .

٢ـ خەڵکی شارستان و توێژی - بەنیسبەت - خوێندەوار نەیتوانی هیچ دەورێکی رابەری لە خەباتی نیشتمانیدا ببینێ . دیارە مەکتەبی سیاسی وازی لە رابەریی عەشیرەتی نیشتمانپەروەر ( بارزانی) هێنا، بەڵام ئەو کارەی لەسەر ئەساسی خیانەتینیشتمانی بوو، بە پشتگیریی دەرەبەگەکان و بۆ خزمەتکردنی رژیمی ئێران و عیراق و بریتانیا بوو، بەم جۆرە تاقە حیزب و رێکخراوێکی لە مەیداندا - دوور لە رابەریی عەشیرەت - دەوری دیت نانیشتمانی بوو ( مەکتەبی سیاسی) کە رابەرەکانی داردەستی سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و ئینگلیز بوون . مەکتەبی سیاسی بۆ یەکەم جار هەڵگرتنی چەکی بەئاشکرا بۆ داگیرکەرانی کوردستان (هەمەدان، بەکرە-جۆ، کەلار... ئیدی ) کردە باو لەناو دەستەی لاوانی شارستانی کوردەواریدا، ورەی خەڵکێکی زۆری تێکدا و رێگای بە بەربڵاوی بۆ فاسیدبوون و خیانەتینیشتمانی خۆشکرد، بەمە کۆمەڵانی کوردەواری لەناوەوە کلۆرو کرمۆڵکردو، رێگای بۆ نابوودیەکیگەورەیکوردو شکاندنی شۆڕشەکەی لەناوەوە خۆشکرد. بارزانی بە دەستی پۆڵایینی ئەو دارە کرمۆڵەی راگرتبوو نەیدەهێڵا بکەوێ،هەرکاتێك ئەو دەستە بەرییدایە داری شۆڕش دەڕووخا و هەرتێلیشەی دەکەوتە لایەکەوە .

ئەوەندەی رابەرێکی سەرەك عەشیرەت خۆی لەخۆیدا لەتوانای دانانی پرۆگرامێکی فکری و مەدرەسەیەکی

پێگەیاندن بەدووربوو ، تەفسیری پیلانەکانی بێگانە لە رێی مەکتەبی سیاسی‌یەوە سەدئەوەندە وەزعی ناوخۆی کوردەواری و شۆڕشەکەی لە توانای ئەوە لە بێژنگ دا کە ئیتر کەڵکی ئەوەی پێوەمێنێ بتوانێ بەرەو گەڵاڵە - بوونی محتەوایەکی شۆڕشگێڕی و پێکهێنانی هەیکەلی دامودەزگای شۆڕشێکی لە رووخاننەهات تەکان بدات .

---

فەسڵی دووەم :

## دەربارەی رابەریی پارتی دیموکراتی کوردستان

## بەر لە ١٩٦٣

دەوری ٦٠ کەس لە ئەندامانی "ژ.ك."، لە نوامبری ١٩٤٥دا، لە مەرکەزی فەرهەنگیی سۆڤیەتی لە مهاباد کۆبوونەوەو ،لەسەر داوای"جەعفەر باقرۆف" ( ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی سۆڤیەتی و سەرۆکی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی) ناوی" ژ.ك."یان کرد بە"حیزبی دیموکراتی کوردستان" و لە خەباتی نهێنیەوە کەوتنە خەباتی ئاشکرا و، دروشمی دەوڵەتی خودموختاریی کوردستانیان لە چوارچێوەی ئێراندا هەڵگرت .
جەعفەر باقرۆف کۆمەڵگای کوردستانی بە کۆمەڵگایەکی عەشیرەتی و ئاینیی دەدەدیت و لای وابوو کە ئەو واقیعە وای پێویست ئەکرد سەرەك عەشیرەت و شەخسیەتی ناسراو و پیاوی ئاینیی لە رابەریدا بن، ئەوەبوو کەسانێکی زۆر لەوانە لەژێر سێبەری پێشەوا قازی محەمەدو گۆڕانی تازەدا بوونە کاربەدەست .
"ژ.ك." لە کوردستانی باشووریش (سلێمانی،کەرکوك،کفری) لقێکی هەبوو، برایم ئەحمەد سکرتێری ئەو لقە بوو، کە دیارە ئەویش ناوەکەی گۆڕی( بۆ ناوی تازە- بوو بە" لقی حیزبی دیموکراتی کوردستان") . بەڵام زۆرتر رێکخراوی شیوعی(حیزبی شیوعیی کوردستانی عیراق کە بە ناوی رۆژنامەکەیەوە" شۆڕش" ناسرا) و" حیزبی رزگاریی کورد" (ی هاوئاهەنگی شۆڕش) دەوریان هەبوو،کە هەرچەندە یەکێتی سۆڤیەتیان بە رابەرو میسالی خۆیان دائەنا و دیارە گۆڕانەکانی کوردستانی ئێرانیش- بە تەفسیری سۆڤیەت- سەرنجی زۆر راکێشابوون، بەڵام لەگەڵ برایم ئەحمەدو لقی حیزبی دیموکراتی کوردستانەکەدا نەبوون و رێکخراوی خۆیان هەبوو. پێشەوا قازی محەمەد لە١٩٤٦/١/٢٢دا لە مهاباد "کۆماری دیموکراتی کوردستان"ی راگەیاند . بارزانی( کە وێڕای ٣٥هەزار کەسی عەشیرەتەکەی - پیاو و ژن و منداڵ - لە ١٩٤٥/١٠/١١دا هاتبووە کوردستانی رۆژهەڵات)، لە بەهاری

١٩٤٦دا بە رەسمی بوو بە جەنەراڵی سوپای کۆماری دیموکراتی‌کوردستان و نێوانی لەگەڵ رووسەکاندا باش بوو .

هەمزە عەبدوڵڵا کە بە نوێنەری شۆڕشیەکان (حیزبی شیوعی کوردستانی عیراق) چووبووە مهاباد ، لەوسەرەوە بە نوێنەریی بـارزانی! گەڕایەوە کوردستانی باشوور( ئەم جارە لە بەهاری ١٩٤٦دا) و دەستی کرد بە کار بۆ دامەزراندنی پارتیەك کە هەموو رێکخراو و پارتیەکانی‌کوردستانی باشووری تێدا بتوێنەوە(ببێتە تاقە پارتیەك لە کوردستانی باشوور) و بە ناوی" دیموکرات" بێ و بارزانی سەرۆکی بێ و هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری و چەند شـەخسیەتی کوردیشی تێدا بێ ( شێخ لەتیفی شێخ مەحموود جێگری سەرۆك بێت ) . پارتیـەکە بەو شێوەیەی بارزانی و نوێنەرەکەی (هەمزە عەبدوڵڵا) دەیانویست لە ١٩٤٦/٨/١٦دا بە ناوی " پـارتی دیموکراتی کـورد" دامەزرا . تەنیا برایم ئەحمەدو بەشێکی لقەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەرەتادا نەچوونە ریزیەوە،هەر-چەندە برایم ئەحمەد چووە کۆنگرەی یەکەمیش(١٩٤٦/٨/١٦) بەڵام لەبەرئەوەی وەك گوێگر چووبوو و قەبووڵی نەکرد رێکخراوەکەی حەلبەکات رێگەی نەدرا بەشداریی کۆنگرە بێ،تادوایین ئەویش و دەستەکەی لە١٩٤٧دا چوونە ریزەوە .

یەکێتی سـۆڤیەت کوردستان و ئازەربایجانی بەجێهێشت، کـۆماری دیموکراتی کـوردستان رووخا( نوامبری ١٩٤٦) و پێشەوا قازی محەمەد تەسلیمی رژێمی ئێران بوو (لە ١٩٤٧/٣/٣١ شەهیدکرا) و حیزبی دیموکراتی کوردستان (هەرێمی رۆژهەڵات) هەڵوەشا .

بارزانی، دوای ئەوەی ئەمریکایی رێگەی چوونە ئەمریکایان نەدا و دوای شەڕی سەختی لەگەڵ دەوڵەتانی‌عیراق و ئێران و تورکیا، خۆی و ٥٠٠ شەڕکەری بارزانی لەگەڵیدا خۆیان گەیاندە یەکێتی سۆڤیەت(١٩٤٧/٧/١٧) .

هەمزە عەبدوڵڵا ساڵی١٩٥٠ خرایە حەپسەوە، ساڵی دوای ئەوە ( کۆنگرەی دووهەم ١٩٥١) برایم ئەحمەد کرا بە سکرتێری حیزب . بـەڵام ملانێی برایم ئەحمەدو هەمزە عەبدوڵڵا نـەبڕایەوە، سـاڵی ١٩٥٢ پارتی بوو بە دوو دەستە : "مەرکەز" ( برایم ئەحمەد) و " بەرەی پێشکەوتوو"(هەمزە عەبدوڵڵا)، تا لە ساڵی دوای ئەوەدا بە رەسمی یەکیان‌گرتەوە ( بەناوی : پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان ). بەڵام دوو خەت لە حیزبەکەدا هەر دیار-بوو .

کۆدێتای‌عبدالکریم قاسم(١٩٥٨/٧/١٤)کۆتایی بە رژێمی پادشایی‌عیراق هێناو کۆمەڵێك ئازادیی بە شیوعی و چەپەکان و بە کـورد دا . بـارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە . بەر لە گەڕانەوەکەی، برایم ئەحمەدو نووری

ئەحمەدتاها( وێڕای عوبەیدوڵڵاو محەممەدسادق) چوونە لای لە پراگ، بەڵام بارزانی لە برایم ئەحمەد هەر دڕدۆنگ بوو و پشتی هەمزە عەبدوڵڵای دەگرت، تا ئەو رۆژەی هەمزە عەبدوڵڵا هەڵەی کوشندەی عومری کرد : ویستی رێکخراوەکانی پارتی لە رێکخراوە شیوعیە عیراقیەکاندا حەل بکا و پارتی بکا بە " تابیع" ی حیزبی شیوعی عیراقی . دەستەی برایم ئەحمەد دژی ئەوەبوون و بەوەی کە( راستەوخۆ و لە رێی ئەحمەدتەوفیق(عەبدوڵڵا ئیسحاقی) شەوە) هەوڵیان دەدا بارزانی دەست لە دەستەی هەمزە عەبدوڵڵا بەربداو ئەوان تەبەننی بکا، ئەم هەلەیان بە دەرفەت زانی بۆ پتر نزیك بوونەوە لە هەستی کوردایەتیی بارزانی . بارزانی لێی داواکردن کە کۆنگرەیەك بگرن و مەسەلەکە ببڕێننەوە، بەڵام برایم ئەحمەدو هەڤاڵانی زۆر بە روونی تێیانگەیاند کە کۆنگرە بە زیانیان دەبێ چونکە زۆربەی حیزب لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵادایەو هەرچۆنێك بێ دەبێ بارزانی نفووزی خۆی بەکاربێنێ .

بارزانی شەوی ٣٠ی حوزەیران/ ١ی تەممووزی ١٩٥٩ (٣١) ( وێڕای چەند چەکدارێك ) چووە بارەگای حیزب (لە شەقامی" المتنبّی"- بەغدا) و بە کۆمەڵێك جوێن و هەڕەشەوە دەستەی هەمزەعەبدوڵڵای دەرکردو کلیلەکانی بارەگای هێناو دایە دەستی هەڤاڵانی برایم ئەحمەدو گوتی : " بڕۆن بەیانیان لەسەردەرکەن !". بەوجۆرە، هەمزە عەبدوڵڵا کە نفووزی عەشیرەتی بارزان دەوری بۆ دیتبوو کە ببێت بە یەکەم سکرتێریحیزب، هەر بەونفووزەش دەرکراو هەر بەونفووزە دەستەی برایم ئەحمەد دەستیان بەسەر پارتیدا گرت و حیزبیان لە خەتی هەمزە عەبدوڵڵا پاككردەوە. مەکتەبیسیاسی کەوتە ئەوپەڕی پڕۆپاگەندە بۆ بارزانی و، بە ناوو ناوبانگیئەوەوە کۆمەڵانی زۆری خەڵکیکوردەوارییان لەحیزب نزیككردەوە، بەمە ژمارەیئەندامان لە ژمارەیەکیکەمەوە بە ژمارەی زۆرگەیشت .

بەرپرسیارانی یەکێتی سۆڤیەت بەم گۆڕانە زۆر ناڕەحەت بوون، لەجیاتی ئەوەی هەمزەعەبدوڵڵا بەشێوەیەکی تر ئاڕاستەبکەن و نەهێڵن وا بە سووك وهاسانی خۆی لە مەیدانی خەباتیکورد وەدەرخات و رێگە بۆ برایم ئەحمەدو هەڤاڵانی خۆشکات، دکتور" مراد رزم آور"یان لە مۆسکۆوە ناردە لای بارزانی کە پێیبڵێت : سۆڤیەت ئەو گۆڕانە لە پارتیدا بە پیلانێکی ئینگلیز تێدەگات و دەبێ پێشیبگیرێ . بارزانی بە مراد رزم آوری گوت کە ئەو (بارزانی) ناتوانێ رێگە بدا حیزبەکەی بکرێ بە لقێکیحیزبی شیوعیعیراقی و تاقە بەدیلێکی بەدەستیەوەتی دەستەی برایم ئەحمەدە . بارزانی دکتورمرادی دڵنیاکردەوە کە هەموو شتێك هەر بەدەستیخۆی(بارزانی) دەبێ .

بارزانی، بۆ سەلماندنی ئەم قسانەی، دکتورمرادی لەگەڵ خۆی بردە کۆنگرەی داهاتوو ( چوارەم - ١٩٦٠) - کە هەمزەعەبدوڵڵاو دەستەکەی تێدا بەرەسمی لە حیزب دەرکرا- و ،لەکۆنگرەدا کۆڵێك جوێنی بە هەموو پارتیەکە دا تا هەموولایەك باش تێبگا کە هەرخۆی شتەو کەس لەحیزبدا هیچ نیە و تەنانەت دکتورمرادیشی کرد بە

ئەندامی‌کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حیزب!! . هەرچەندە رووسەکان هەمیشە هەر سووربوون لەسەر ئەوە کە برایم ئەحمەدو کەسانێکی تری نزیکی ئەو پیاوی بریتانیا بوون، بـەڵام بە هەرحاڵ دکتورمراد لە تواناو دەسەڵاتی بـارزانی دڵنیابوو و بە راپۆرتی شـادەوە گەڕایەوە مۆسکۆ. رابەرانی سۆڤیەت لە ئۆکتۆبری ١٩٦٠ (ئـاهەنگی ئـۆکتۆبر) بـارزانی‌یان دەعوەتی مۆسـکۆ کرد، زنجیرەیەك کـۆبوونەوەیان لەگەڵدا کرد و نێوانیان ئەوەندەی دی پتەو بوو .

نێوانی کوردو قاسم بەتەواوی تێکچوو و بارزانی - دوای ئەوەی دەنگوباسی پیلانێکی پێگەیشت کە قاسم بۆ کوشتنی سازکردبوو -گەڕایەوە بارزان (مارتی١٩٦١) . شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ دژی رژێمی قاسم هەڵگیرسا، پارتی - کە قەت هیچ جۆرە خۆئامادەکردنێکی بۆ شۆڕش نەکردبوو - لەسەرەتادا ویستی پێشی پێبگرێ، بەڵام ترسا کە دەوری لەدەست دەرچێت و وای بە باشتر دانا رەگەڵ شەپۆلی رووداوەکان بکەوێ بەڵکو دەستی بەسەردا بگرێ .

لە١٩٦٢دا پێوەندیی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئێراندا (بەبێ وەرگرتنی بیروڕای بارزانی و لەپشتی سەریەوە) بە جۆرێك پەرەی سەند کە سەرهەنگ " عیساپەژمان "ی ساواکی ئێران بە دەزگایەکی بێسیم و نەفەرێکیەوە هات لە ماوەت(بارەگای مەکتەبی سیاسی) بارەگای‌خست . بۆ یەکەم جار چەند خەباتکارێکی‌کوردستانی رۆژهەڵات - کە لە ناوچەی دەسەڵاتی شۆڕشی‌کوردستانی باشوور بوون - لەسەر خەباتی دژی رژێمی شای ئێران گیران و بە بەرچاوی عیساپەژمانەوە خرانە حەپسی ماوەتەوە . چەند خەباتکارێکی دۆستی ئەوحەپسیانە پـەنایان بردە بەر بارزانی، بارزانی چەند پیاوێکی عەشیرەتی خۆی رەگەڵدا ناردنە ماوەت و بەزۆر حەپسیەکانی بەردا (٣٢) .

لەلایەکی ترەوە، دانا ئادەمزشمیدت لە کتێبەکەیدا ( گەشتێك بە وڵاتی ئازایاندا ) باسی ئەوە دەکات کە جەلال تاڵەبانی باسی پێوەندیی مەکتەبی سیاسی و کۆدێتاچیەکانی شوباتی ١٩٦٣ی بەغدای بۆ کردووە گوتوویە : " برایم ئەحمەد لە شوباتی ١٩٦٢دا بە نهێنی چووەتە ماڵی کەریم قەرەنی لە سلێمانی و لەوساوە کەریم قەرەنی بووەتە پێوەندیی نێوانیان"، ئنجا دەڵێ :" برایم ئەحمەد لە نیسانی١٩٦٢دا نامەیەکی بۆ طاهریحیی نارد کە لە شوێنێکیدا دەڵێ : " و من الجوهري ان تعترفوا مسبقاً بالحكم الذاتي لإقليم كردستان و أن يعلن للملأ في واحد من اول البيانات التي ستصدّرها حكومة الثوره". طاهریحیی لە وەڵامدا (مانگی ئاب) عیبارەتی " لقد تقرر التاريخ" ی ناردووە کە رەمزی نهێنیی قەبووڵکردنی داواکانی کورد بووەو، داوای‌کردووە کورد شەش کەس بۆ وەزارەت دیاری بکەن، ئەوەبوو من (تاڵەبانی) و برایم ئەحمەدو نووری شاوەیس و عەلی عەسکەری چووینە لای

بارزانی که ئەوسا لە شەڕدا بوو (ئابلۆقەی "رایات"ی دابوو) و رێککەوتین کە یەکەم دووناو باباعەلی و فوئاد عارف و چوارەکەی تر: بەکرکەریم،عومەرمستەفا،جەلال تاڵەبانی، وعەلی عەسکەری بن ". دوای ئەوە شەیدت دەڵێ کاتێ ئەومەسەلەیەم لە بارزانی پرسی، بارزانی بە دەنگێکی بەداخەوە گوتی : " بەعسی بەڵێنی حوکمی زاتی پێدابین، بەڵام بەڵێنی نووسراو نەبوو، نەخرابووە سەر کاغەزو ئیمزا نەکرابوو، ناوی خەڵك و کات و شوێنەکانم ئێستا وەها لەبیر نیە، بەڵام هەمووی لای خۆم نووسراوە " .

" خولاسە "

<u>ڕووداوەکان :</u>

١ـ بارزانی بە هێزی عەشیرەتی بارزان و لێهاتوویی خۆی شوێنی خۆی لە کۆماری مهابادو لای کاربەدەستە سۆڤیەتیەکان کردەوەو، ویستی بۆ کوردستانی باشوور سوود لەو هەلومەرجانە ببینێ .

٢ـ هەمزە عەبدوڵڵای شیوعی دەوری سکرتێری بۆ بارزانی دیت و رێکخراوە شیوعیەکانی کوردستان لە پارتیەکدا کۆبوونەوە کە سەرۆکەکەی سەرەك عەشیرەت(بارزانی)و سکرتێرەکەی شیوعی(هەمزە عەبدوڵڵا ) و مەرکەزی جێگری سەرۆك ( زۆرتر فەخری : شێخ لەتیفی شێخ مەحموود) بوون .

٣ـ هەلومەرجی کۆماری مهاباد گۆڕا، بارزانی ویستی لە ئەمریکاییەکان نزیك بێتەوە،بەڵام ئەمریکایی بە هیچ جۆرێك ڤیزای چوونە ئەمریکاشیان پێنەدا، بارزانی چووە یەکێتی سۆڤیەت .

٤ـ پارتی لە دووری بارزانی، دوو خەتی تێکەوت : برایم ئەحمەدو هەمزە عەبدوڵڵا . بە گەڕانەوەی بارزانی بەلایەکدا کەوت .

٥ـ هەمزە عەبدوڵڵا ویستی پارتی بکا بە تابیعی حیزبی شیوعی عیراقی، بارزانی ئەوی لە حیزب دەرکردو برایم ئەحمەد بوو بە سکرتێر . سۆڤیەتیەکان ئەمەیان بە سەرکەوتنی ئینگلیز دانا، بەڵام بە کرانی فەرمانبەرێکی " ك.گ.ب." بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و، چەند رەفتاری تری بارزانی و دوای سەفەری ئۆکتۆبری ١٩٦٠ی بۆ مۆسکۆ، تەمی سەر نێوانی بارزانی و سۆڤیەت وەلادرا .

٦ـ هەرچەندە پارتی بۆ هیچ شۆڕشێك ئامادە نەبوو، شۆڕشی کوردستانی بەسەردا سەپێنرا .

٧ـ لەکاتێکدا کە بارزانی خەریکی چالاکیی عەسکەری بوو ،مەکتەبی سیاسی پێوەندیی بە رژیمی شای ئێران و کۆدێتاچیەکانی داهاتوو(ی شوباتی ١٩٦٣)ی بەغداوە دەکرد. ئەفسەرێکی ساواك بارەگاکەی لە"ماوەت"ی

لای مەکتەبی سیاسی بوو .

٨ـ مەکتەبی سیاسی، چەند خەباتکارێکی کوردستانی رۆژهەڵاتی لە سەر خەباتیان لە دژی رژێمی ئێران - بە بەرچاوی ئەفسەری ساواکەوە - خستە حەپسەوە . بارزانی، ئەو خەباتکارانەی بەزۆر بەردا .

٩ـ پارتی،یارمەتیەکی فیعلیی کۆدێتاچیانی شوباتی١٩٦٣ی دا، لەکاتێکدا کەکۆدێتاچی تەنانەت هیچ بەڵێنی سەر کاغەزیشیان بۆ کورد نەبوو .

" نەتیجە "

١ـ پارتی دیموکراتی کوردستان تاقە پارتی کورد بوو، کۆبوونەوەیەك بوو لە دەوری سەرەك عەشیرەتێکی نیشتمانپەروەرو لێهاتوو (بارزانی) . کۆمەڵێك سیاسەتچی هەوڵیان دەدا لەو رێیەوە دەسەڵات لەکۆمەڵدا پەیدابکەن . بارزانی هەمیشە شەخسیەتی کوردیی خۆی و بەرژەوەندی وڵاتەکەی لە بەرچاو بوو، بەڵام پشتگیریی دەوڵەتێکی گەورەشی بە ئەساس دەزانی، بەپێی ئەوە بڕیاری نێوانی دەرەوەی دەداو وادەبوو لە بەر رووناکایی ئەو نێوانەی، بە شێوەی عەشیرەتییخۆی دەستکاریی ناوخۆی حیزبەکەشی دەکرد( دانانی هەمزە ١٩٤٦، دکتور مراد ١٩٦٠) .

٢ـ هەمزە عەبدوڵڵا هەڵەیەکی حاسمی کرد کە بووە هۆی ئەوە سکرتێریەتی پارتی بکەوێتە دەستی دوژمنانی سۆڤیەتەوە .

٣ـ هەرچەندە پارتی، ١٥ساڵیش دوای دامەزرانی، ئامادەی شۆڕش نەبوو، بەڵام شۆڕشی بەسەردا سەپێنرا .

٤ـ مەکتەبی سیاسی، هەرچەندە لەژێر سێبەری عەشیرەتی بارزانـدا پێکەیشتبوو، بـەڵام لە یـەکەم هەلدا دەستی هاوکاریی بۆ دوژمنانی بـارزان و کـوردوکـوردستان درێژکـرد، لە بارەگای سـەرەکیی خـۆیدا خەباتکارانیکـوردستانی رۆژهەڵاتی لەسەر خەباتی رەوایان لەدژی رژێمی شای ئێران خستە حەپسەوە و فەرمانبەری ساواکی بە میوانی بەرێزو خاوەن دەسەڵات جێکردەوە .

شێرکۆ هەژار - حوزەیران (ژوئەن) ی ١٩٨٤

پەراوێز (ی دواتر - مارتی ١٩٩٦ )

(١) لە ئابی ١٩٦٢دا لە ناوچەی کەرکووك،لوولەیەکی کە نەوتی بۆ لوبنان دەبرد ،بە تەقەمەنی هەڵتەکێنرا. قاسم زەلامێکی لوبنانیی تاوانبار کرد ، بەڵام ئەوە زەبیحی بوو کە ئەو کارەی کرد . زەبیحی جارێك لە بەرچاوی من بە هەژاری گوت کە : " بارزانی لەو لێدانەی نەوتی کەرکووك رازی نەبووە". ئەوە بەشێك بوو لە سیناریۆیەکی خستنی قاسم ؟. عەبدورەحمانی زەبیحی ( عبدالرحمن ذبیحی، قادر، عیساعەرەفات، عولەما) ئەندامی م س ( مەکتەبی سیاسی، دەستەی برایم ئەحمەد- جەلال تاڵەبانی ) بوو، دەبێ یەکەم پێوەندیی بە سەرهەنگی ستادی ساواك عیساپەژمان - وەك زەبیحی دواتر بۆ هەژاری گێڕابۆوە - ساڵی ١٩٥٦ یان ١٩٥٧ لە شام بووبێت، پەژمان ئیشارەت بەوە دەکا بەڵام تاریخەکەی بە وردی دیارناکات،لە باسی پێوەندییخۆی و زەبیحیی ١٩٦٠* ی بەغدادا دەڵێ کە چەند ساڵێك پێش ئەوەش لە دیمەشق دیتبووم" و، دەڵێ کە زۆر لە سایەی هاوکاریی " زەبیحی"یەوە بوو دەرگا بۆ کاری ساواك ( لە م‌س/ لە بزووتنەوەیکوردی هەرێمیپاشووردا) کرایەوە، زۆری پێهەڵدەڵێ، بەڵام ئیتر ئەو بە هەموو ئەندامانی م س هەڵدەڵێ و زۆر" جنێو" بە بارزانی دەدا ( اسرار بستن پیمان ١٩٧٥الجزیره از پرونده بکلّی سرّی ساواك، نوشته : سرهنگ ستادعیسی پژمان، جلد ٤، چاپ : پاریس ١٩٩٢، ل١١٤) .

(٢) کۆدێتاچی، بۆ رێخۆشکردن بۆ کۆدێتا، شەڕی نێوان کوڕی فازل عەباس مەهداوی و خوێندکارێکی تری زانکۆیان کردە بەهانە(کە گوایا دەسەڵاتی مەهداویی هەڤاڵی قاسم بە ناهەق بەلای کوڕی ئەویدا شکاندۆتەوە) و مان گرتنێکی خوێندکارانیان ساز دا، مەکتەبی سیاسی بە گەرمی بەشداریی تێدا کرد، نوشیروان مستەفا (یەکەم ساڵی خوێندنی زانکۆی بوو) یەکێك بوو لەوانەی تێدا چالاك بوون .

(٣) پەژمان ئێستا ناوی ئاشکرا دەکا، عەباس بێتەل : سەرهەنگ " ایرج منصور"ی ساواك بووە ( اسرار بستن ...ص١١٢)

---

* دەشکرێ مەبەست ١٩٥٩ یان ١٩٦١ بێت، چونکە پەژمان جگەلەوە کە نووسینی هەمیشە وردو روون نیە، وادەبێ لە تاریخەکانیشدا ساڵێك هەڵدەدکا ،بەغوونە : راکردنی م س لە ماوەت(١٩٦٤) بە ١٩٦٥ باس دەکات . وادیارە تاریخەکانی بەگوێرەی ساڵنامەی ئێران لەبیردایەو ئەوەیە لە زاینەکەیاندا هەڵە دەکا.

(٤) من خۆم ئەمەم لە" الأهرام"ی میسریدا خوێندووەتەوە، لە نووسینێکی محمد حسنین هیکل دا، وادەزانم بەناوی " بصراحه" بوو و دەقی قسەکانی عەبدوونناسرو فوئادعارف و تاڵەبانی ی تێدا بڵاوکرابۆوە( ژمارەیەکی هاوینی - رەنگە ئابی- ١٩٦٣)، داخەکەم لەکاتی ئەم نووسینەدا بۆم پەیدانەکرا .

(٥) تاڵەبانی دەیگوت " من خۆم محامیم و قانوون دەزانم، لامەرکەزی و حوکمی زاتی هەریەکن"؛ هەژاری موکر- یانی کە تێگەیشتووە ئەو وەك یەکیە قانوونیەی تاڵەبانی لەکوێوە هاتووە، شیعری بۆ داناوە :

" یار وەکو مانگی لەسەرکەل هاتە دەر لامەرکەزی"

(..) تا دەڵێ :

" من گوتم کوردم شتێکی وا بفەرموو تێتبگەم

ئەو گوتی نایزانێ غەیری پارێزەر لامەرکەزی "

(٦) من لەپێشدا ئەوقسەیەم لە ئەندامێکی پارتیی زۆر بەتەعەسسوبی سەر بە مەکتەبی سیاسی بیست (سابیر فەتاح کۆیی)، وێڕای جنێو بە هەرچی رووس و شیوعیە گوتی وا ئەم ژنە رووسە وا بە مام جەلال دەڵێ . بەوە کە سۆنیاخانم هاوگەڕەکی ماڵی ئێمە بوو و هاتوچۆمان هەبوو، بۆ رۆژی دوایی بەتایبەتی بۆ پرسیاری ئەو قسەیە چوومە ماڵی، پێش ئەوە من هیچ بڵێم هەمان قسەی لای منیش کرد ، کەواتا دیاربوو دەیویست بڵاوی بکاتەوە . سۆنیاخانم ژنی مەلاحەسەنی بارزانی بوو . مەلاحەسەن حەزی لە گاڵتەی ئیستیخباراتان دەکرد: بۆ بارزانی و بۆ حکومەتی عیراق و بۆ سۆڤیەتیش کاری دەکرد. دوایی بەعسیەکان گرتیان . سۆنیاخانم دەیگێڕایەوە کە رۆژێك بەعسی ئاگاداریان کردووەتەوە بچێ مێردەکەی ببینێ، دەیگوت : " چووم، سەیردەکەم مەلایەك قورئانێکی کردووەتەوە قورئان بەسەر مالاخەسەندا ! دەخوێنێ، منیش گوتم " مالا خەسەن ئەڤ چیە ؟ "،

مالا خەسەن بەدەنگی بەرز قاقا پێکەنی و گوتی " وەڵڵا چ بێژم، دەڵێن سبەی ئیعدامم دەکەن و ئەم مەلایەش وادەزانێ من قورئانم زۆر پێ خۆشە ! " ؛ ئەوەبوو بۆ سبەی ئیعدام کرا .

(٧) تایگرسTigris، دکتۆر قاسملو بەهەڵە نووسیویە " پڵنگ"، " ئۆ بالانس O'BALLANCE"یش بە هەمان هەڵە لەوی وەرگرتووە .

(٨) الحركة الوطنية الديمقراطيه في كردستان العراق ١٩٦١-١٩٦٨، بقلم الباحث الكردی السوفياتي ش.ج. آشيريان،عرّبه عن الروسيه : ولاتو، رابطة كاوا للمثقفين اليساريين الأكراد،ص ١٠٤ .

(٩) عەلی سنجاری دەقی تەلگرافەکەی لە نووسینێکیدا بڵاوکردووەتەوە :

" إلى / فق ١ رئيسي فق ٢ رئيسي .

من / مديرية الحركات العسكريه

العدد ٣٤٧٨/ س

التاريخ ١٩٦٣/٧/٢

تم الاتفاق مع السلطات التركيه و الايرانيه بالسماح لطائراتها باجتياز خط الحدود و الوصول إلى الخط العام المار من سرسنك - عقره - رواندوز ،لاستطلاع أماكن تحشدات العصاة داخل الاراضي العراقيه و التعاون مع قطعاتكم لضربهم، يرجى تبليغ قطعاتنا في منطقة الحركات الفعليه بعدم التصدي أو التعرض للطائرات التركيه و الايرانيه . سيصل قريبا( ضابطين) ارتباط احدهما من الجيش التركي والآخر من الجيش الايراني . يكون الاول في الموصل والثاني في كركوك يستصحب كل منهما جهاز لاسلكي مع مشغلين لتأمين التعاون مع قطعاتنا . انتهت . "

ئەوجا سنجاری دەڵێ کە ئەوەبوو دوو ئەفسەرەکە ( تورك و ئێرانی) هاتن و فرۆکەی هەردوو دەوڵەت پێشمەرگە-یان بوردومان کرد ، لەلایەکی تریشەوە پاکستان ٢٥هەزار گوللەتۆپی( قنابل المدفعيه) دا بە حکومەتی عیراق و، رادیۆی لەندەن و واشنتۆن شۆڕشی کوردیان بە کۆمونیست و بارزانی‌یان بە پیاوی مۆسکۆ تاوانبارکرد .

( الاتحادالديمقراطي الكردستاني - اللجنة التأسيسيه، ا لثورة الكرديه ١١ أيلول ١٩٦١- ٦ آذار ١٩٧٥، مشروع البرنامج الوطني . آب - ١٩٧٧ ، ص ٢٤-٢٥ ) .

هێزی عەسکەریی سووریا بە فەرماندەیی عەقید" فهدالشاعر" لە ناوچەی فیشخابوور و بێخێر لە شەڕدا هاو-کاریی لەشکری عیراقی لەدژی شۆڕشی کورد کرد ، کە هێزی هەوایی سووریاش پێشمەرگەی بوردومان دەکرد.

(١٠) (بە ئینگلیسی:) شۆڕشی‌کوردستانی‌عیراق،بەشی١ ئەیلوولی ١٩٦١ تا دیسامبری١٩٦٣،چاپ: نیسانی ١٩٦٥،ل٣٤ . من کتێبەکەم کردووەتە کوردی( ئازادمستەفا لە ئەشکەوتێکی‌کوردستان چاپی‌کردووە-١٩٨٤) و ئەم پەراوێزەم تێدا (ل ٣٥) بۆ ئەو قسەیەی نووسیوە :

" لەکاتێکدا کە کاك عیسمەت ئەم دێرانەی دەنووسی، فرۆکەکانی نیروی هەوایی شاهەنشاهیی ئێران بارزانی‌یان لە چیای پێرس بۆردومان دەکرد ، مەکتەبی سیاسیی پارتی‌یش لە ماوەت یارمەتیی لە دەوڵەتی ئێرانەوە پێدەگەیشت . وادیارە کاك عیسمەت ئەم چەند دێرەی بە راسپاردەی ئەندامێکی

مەکتەبی سیاسی ( جەلالی شێخ حیسامەدین تاڵەبانی) لەم شوێنەدا نووسیوە - وەرگێڕ "

(١١) پەژمان دەڵێ کە عومەر دەبابە و عەلیعەسکەری ی ساڵی١٩٦١ لە کوردستانەوە لەگەڵ خۆیدا بردوونە تاران، ماوەیەك لە ماڵی خۆیدا(ماڵی پەژمان) میوان بوون ( اسرار بستن...ص١٠٧) و چەندجار لەگەڵ سەرۆکی ساواك کۆبوونەوە ( کردها و کردستان، تألیف سرهنگ ستاد عیسی پژمان، چاپ ١٩٩٢ پاریس، جلد چهارم سیاسی ١١٢ ) .

(١٢) پەژمان دەڵێ کە ساواك رێککەوتنی " بارزانی - عبدالسلام" ی وەکو خەڵکی تر لە دەنگوباسی رادیۆ بیستووە . کەواتە تەبیعی برایم ئەحمەدیش ئاگای لێ نەبووە، ئەوجا پەژمان دەچێتە لای بارزانی و دەیەوێ - دیپلۆماسیانە - بە مەکتەبی سیاسیی بترسێنێ :

" گفتم : سران حزب هم از این نظر ناراضی و اصولاً آتش بس را بمصلحت نمیدانند " .

بارزانی وەڵامێکی لەسەداسەد حەقیقەتی رەپ و راست دەخاتە دەستەوە :

" گفت : حزب یعنی من، رئیس یعنی من، سرو سران یعنی من، عشایرو رئیس عشایر یعنی من، بهرحال هر که در حال جنگ است، تحت امر من است و سران حزبی هر غلطی که دلشان میخواهد بکنند " .

بەکوردی واتا : " پەژمان سەری تۆ بە قەبری بابی مەکتەبی سیاسی و، سەری مەکتەبی سیاسی بە قەبری بابی تۆ!، و برۆن هەرچی پێتاندەخورێ بیخۆن ! "

(١٣) پەژمان شتێکی یەکجار زۆر سەیر دەڵێ، دەڵێ کە خۆی هەمان قسەی لای شا کردووە : کە " بەڵێ ئێمە هیچ بروایەکمان بە بارزانی نیە، بەڵام بەهۆی دەسەڵاتێکی کە لە ناو حیزب (م. س.)دا هەمانە و دڵسۆزیی سەرانی ئەوان بۆ ئێمە " کە بەکردار سەلماندوویانە" وەزع جێی نارەحەتی نیە، بارزانی لە پێنج سەد کەسێك پتری لەگەڵدا نیە، شەرکەر هەموو لەگەڵ حیزبدان " ( اسرار بستن... ص١٢١-١٢٢) .

یانی چی ٥٠٠کەس ؟ هەر بارزانیەکان خۆیان چەند هەزار شەڕکەر؟ جگە لەخۆیان : گۆیان و ئۆمەریان و هێزی هەڵکوردو چەندو چەندی تر کە جگە لە پەیوەندی بە شەخسی سەرۆك بارزانی نە هیچ حیزبێکیان دەناسی و نە هیچ مەسەلەیەك و نە هیچ فکرێك، ئەمە هەر لوتفێکە لە کتێبدا کە ساواك بەدیاری پێشکەشی"م. س."ی دەکا یان پرۆپاگەندەی نەخشەی نوێن کە ئاشکرا نەکراون... چی ؟

(١٤) پەژمان( لەو دووکتێبەیدا کە باسکران) باسی ئەو ١٠٠ تفەنگە ناکا ، بەڵام بەگوێرەی باسێکی تری (اسرار بستن... ص١٠١) دەبێ تفەنگی برنۆ بووبن . پەژمان هەر لەوکاتەدا بۆ شەڕی دژی بارزانی دەزگایەکی رادیۆی بۆ مەکتەبی سیاسی گەیاندە ماوەت، مەکتەبی سیاسی ویستوویە بە ناوی" دەنگی کوردستان" کاری پێبکات بەڵام ساواك رازی نەبووەو بە فەرمانی ساواك کراوە بە " دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق" ( اسرار بستن... ص١٣١) . ئیتر کە بارزانی چوون ماوەت لە م.س. پاکبکەنەوە، م.س. دەزگای رادیۆکەیان وێرانکرد . بەم جۆرە م.س. رادیۆی هەر ماوەیەکی کەم بۆ جنێودان بە بارزانی هەبوو .

(١٥) نووری ئەحمەدتاها بۆ هەژاری موکریانیی دەگێڕایەوەو من دانیشتبووم، دەیگوت :

" زوو مەعلووم بوو کە پەژمان " برایم" ی لەخشتە بردبوو، تێیگەیاندبوو کە ئەوەندە پشتی ئـەگرێ تا بارزانیی پێ ئەشکێنێ، تەبیعی خۆ پەژمان ئەوەندە کەر نەبوو پێیوابێت برایم و جەلال بە سەد تفەنگی ئەو بە شەڕ بارزانییان پێ لەناوئەچێ، ئەو ئەیویست برایم بەتەواوی بخاتە کۆشیخۆیەوە . لەبەرچاوی برایم روومکردە پەژمان و وتم : ئاغای پەژمان تکایەکم هەس، وتی : بێژە، وتم : وا دیارە شەڕەکە ئەکەین و تەبیعی زۆر پیس ئەشکێین و ئەپەڕێینەوە ئۆردوگای ئێران، ئەوسا بیکە بەخاتری خوا لەبەرچاوی خەڵك بەر شەق و زللەمان مەدە بڵێیت بۆچی شەڕتان باش نەکرد ؟، ئەوەندەمان خاتر بگرە بمانبەنە ژوورەوە، لەوێ چیمان لێئەکەی لێمان بکە !"

لێرەدا پرسیارێك زۆرلەجێی خۆیدا بوو : ئێ کاکە نووری، ئاخریەکەی بردیاننە ژوورەوە ؟ هیچیان لێکردن ؟ .

(١٦) جەمشیدحەیدەری لە نووسینێکیدا دەڵێ کە خۆی لەوکاتەدا لەوێ بووە، دەبێ نیزیکەی نیوەڕۆی ٦/٣٠/ ١٩٥٩ بووبێ، نەك - وەك من بیستوومە- شەوی ٦/٣٠/ لەسەر ١-٧ی ١٩٥٩ .

(١٧) کەمالی شێخ غەریب دەڵێ کە بارزانی لەدوای چوونە ماوەت ( دەوروبەری ئابی ١٩٦٤) چووەتە چوارتا و لەوێوە بۆ پێنجوێن، لە پێنجوێن پێیگوتووە کە بچێتە سنوورو بە کاربەدەستانی ئێرانی بڵێ کە بارزانی دەیەوێ بیانبینێ، بەڵام " منصورپور" ی نوێنەری شا دەڵێ : با بارزانی بێتە ئێرەو دوو ئەفسەری ئێرانیشی لەگەڵدا بە بارمتە دەنێرێتە لای بارزانی . بارزانی زۆر تووڕە دەبێ و - دیارە لەبەرچاوی دوو ئەفسەرەکە - بە کەمالی شێخ غەریب دەڵێ :

" بە منصورپور بڵێ بارزانی دەڵێ لەبەرئەوەی سیقەم بە لەشکری هەتیوەکەی رەزاشا نیە، نایەم، ئەگەر لەمەولاش رێگای جەماعەتی برایم و جەلال بدەن بێنە ناوچەی سیوەیل کوڕی کورد بکوژن

و ماڵی خەڵك وێران و تاڵان بکەن، هەرچی لە دەسەڵاتمدا هەیە دەیکەم، و خۆم پێش لەشکرەکەم دەکەوم و تا لای هەتیوەکەی رەزاشا ناوەستمەوە(..)"

کەمالی شێخ غەریب دەڵێ دوو- سێ جاریش لەمنی دووبارەکردەوە کە چی فەرمووە ئەوە بە منصورپوربڵێم(..)، چوومەلای منصورپور و هەرچی بارزانی فەرمووبووی بە منصورپورم راگەیاند . ئەویش لە وەڵامدا وتی عه رزی بارزانی بکە کە سبەینێ زوو، ئۆتۆمبیلی ئەرتەش دێت و هەموو جەماعەتی برایم و جەلال دەبات بۆ هەمەدان و لەوێ نیشتەجێ دەکرێن . ( کەمالی شێخ غەریب، لاپەرەکانی ژیانم، گۆڤاری " هەڵوێست " ژ- ٥ ،خولی دووەم، ناوەڕاستی ١٩٩٠، ل٨٤-٨٦) .

(١٨) پەژمان باسی ئەو بردنەی م.س. بۆ هەمەدان و تاران دەکا( اسرار بستن...ص١٣٩-١٤٢؛ کردها وکردستان جلد ٤ ،ص ١١٨) . پەژمان دەڵێ کە خۆی رابەرانی حیزبی بردوونەتە تاران، بەڵام باسی گێڕانە سیاحەتگەریەکە-یان! ناکا. ساواك ئەندامانی م.س. ی بە شارەکانی هەرێمی رۆژهەڵاتدا دەگێڕان و پیشانی خەڵکی دەدان،کاتێ ئەو مەوکبەی سیاحەتگەری گەیشتە مهاباد ، پیرێژنێك ( پوورەتووبا ) لە جوارچرا پێشی‌گرتن، یەخەی برایم و جەلالی‌گرت، لەپێشدا چەند تفێکی کردە دەموچاویان ئەوجا هەرچی بەدەمیدا هات :"هەی قووندەرینە،دە دەمو بابی ریم!، چلۆن ئەنگۆ بەو قوڵە عەجەمانەی شای بە کوردی دەوێرن؟!،پوورەتووبا ئەوەندەی تر غیرەتی شاری وروژاند ،گەورەوبچووك تف ولەعنەتیان بۆ برایم وجەلال دەنارد. بەوە کە ساواك پێشی پوورەتووبای نەگرتووە، ئاشکرایە کە ئەوکارەی بۆ شەڕی رەوانیی کورد بە دڵ بووە ( وادەزانم کورێکی پوورەتووبا ساواکی بوو! ) .

کە تازەلاوانی شارەکانی هەرێمی رۆژهەڵات، لە رووخانی پەهلەویدا ، ئەوەیان نەزانیبێ (١٩٦٤ منداڵ بووبن یا لەدایك نەبووبن) و ئاوا بە پرۆپاگەندەی" چەپێتی"!!ی تاڵەبانی هەڵخەڵەتابن جێی داخە؛ بەڵام زۆر- زۆر لەوە داختر : سلێمانی موعینی، من دەقی ئەم چیرۆکەی م.س. و پوورەتووبام لە دەمی ئەو بیستووە، کەچی چەند زوو دوای ئەوە کەوتە داوی م.س. و ساواکەوە .

یەکەم کۆبوونەوەی م.س. دوای ماوەت لە خانوویەکی ساواك لە تاران گیرا ، زەبیحی‌یش لە بەغداوە بە ناوچەی جافەکاندا خۆی گەیاندە یەکەم مەرکەزی ئێرانی و لەوێوە بۆ بەشداری رەوانەی تاران کرا .

(١٩) مەبەست : ئەو پێوەندیانە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی‌دا هەن . هەژاری موکریانی‌یش شتێك لەو رووەوە باس-دەکا ، کە رووسەکان پێیان‌گوتووە برایم ئەحمد جاشی رۆژئاوایە .

(٢٠) لێرەدابوو کە عیساپەژمان دیسان لە تارانەوە بەناوی وابستەی عەسکەریی سەفارەتی ئێران ناردرایەوە بەغدا ،پێوەندیی بە م.س. دیسان هەر زۆرتر لە رێی زەبیحی‌یەوە بوو .

(٢١) لەکاتێکدا زەبیحی ( وێڕای تاڵەبانی ) لەگەڵ بـەزازدا کۆدەبۆوە، دەزگای ئەمنیەتی عیراق دووکاندارێکی کوردی موکریانییان لەبەغدا گرتبوو شکەنجەیان دەدا کە : پێمان بڵێ زەبیحی لەکوێ خۆی شاردووەتەوە ؟! .

(٢٢) رۆژنامەنووسێکی فەرەنسایی( رینێ مۆریس ) لەوکاتە( شەڕی هندرین )دا لە کوردستان بووە و شەڕەکەی بە چاوی خۆی دیتووە، ئیشارەت بە تەلگرافێك دەکا کە بەڵگەی بەشداربوونی جەلالتاڵەبانی‌یە لە نـەخشەی " توکّلتُ علیٰ الله"دا ،تەلگرافی سەرۆکایەتیی ئەرکانی(ستادی) فیرقەی دوو، ژمارە ١٥٤٨ی ١٩٦٦/٥/١٢ . ( کردستان او الموت، ترجمة وتعليق جرجيس فتح‌الله المحامي، دراسة وتحليل جوادملا، مطبوعات کوردولوجیا رقم ٣ - ١٩٨٦، ص١٢٤-١٢٥) .

(٢٣) ئەمە بەشێکە لە شەڕی رەوانیی دژی پێشمەرگە و چالاکیی شۆڕشگێڕی، "پاسیفیکاسیۆن"(ئارامکردنەوە) ی پێ‌دەڵێن : ساردکردنەوەی گیانی شۆڕشگێڕی، بڵاوکردنەوەی دوودڵی و بێباوەڕی و ترس...ئیدی . تەنانەت وادەبێ دوژمن خۆی رێکخراوێکی بە ناو گوایا شۆڕشگێڕی دروست دەکا، ئەوەندەی بۆ بەئەنجامدانی کـاری فایدەی دەبێ بەکاری دەهێنێ، کە ئاشکراش بوو هەر فایدەی هەیە : دیسان مەبەستی پاسیفیکاسیۆن ی بۆ پێکدەهێنێ (ساردکردنەوە، بێبڕوایی...ئیدی) . نموونەیەك لە رژیمی تورکیا :" کومر" ناوێکی ئەمریکایی، کە سەردەمێك لە ڤێتنام بەرپرسی پاسیفیکاسیۆن بووە، ساڵی١٩٦٩دەزگای" کاونتەرگریلیا" (دژی پێشمەرگە)ی لە تورکیادا سازدا و زۆرکاری کرد . بە نموونە : رێکخراوێکی کە لەتورکیادا بە " زۆر چەپی ئیرهابی" ناسرابوو ( رێکخراوی" توسدەك")، ساڵی ١٩٧٧ ئاشکرابوو کە دەستکردی کاونتەرگریلیا بوو. کەواتە لە هەرتك باردا: " نەناسران"و " ئاشکرابوون"دا، کاری پاسیفیکاسیۆنی کرد. بە هەمان شێوە دەبینین پەژمان بە چەندین جۆر مەکتەبی‌سیاسی بۆ شەڕی رەوانیی‌کورد بەکاردێنێ : لە ماوەت و لە مهاباد( کە دەیانگێڕێ تا پوورەتووبا تفیان لێ بکا) .

ئەگەر رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی هۆشیار هەبوایە مەبەستی رەسم‌هەڵگرتنی ماوتسی‌تۆنگ و گیڤارای تاڵەبانی لەوهەلومەرجەدا( لە مەوقیعی جاشێتیی‌ئاشکرای چەکدار بۆ رژیمی داگیرکەرانی سەر بە رۆژئاوا) دەستبەجێ بە نووسین روون بکردایەتەوەو بە ناو جەماوەریدا بڵاوبکردایەتەوە و بۆی بخوێندایەتەوە، بەرپەرچ دانەوەیەکی گرنگی‌نەخشەکانی ئیمپریالیزم دەبوو . داخی‌گرانی شۆڕشگێڕی لە کوردستان،هیچ هەرهیچ لەو رووەوە نەکرا،

تەنیاجارێك" رەقیب" (ناوی نهێنیی مەلاكەمال،خەتێكی‌نهێنیی بارزانی) مەبەستێكی وای لە ژمارەیەكی رۆژ-نامەی ناوخۆی حیزبیی بەعسیەكان نووسیبۆوە و ریسواكردبوو(بە ناوی" حول أساليب تفتيت القوى الثوريه")، بەڵام داخەكەم هەرلە جەغزێكی زۆرمەحدووددا بڵاوكرایەوە،بە دەستخەت بوو و من یەكێك بووم لەكسانێكی كەم كە دیتیان .

(٢٤) كەواتا سێ جەلال لە بەكرەجۆ لەوكاتەدا هەبوون : جەلال تاڵەبانی، د. جەلال ( كۆرش‌لاشائی)، و د. جەلال ( هاشمی شیرازی) .

هەژاری موكریانی،كە بە هەرەسی١٩٧٥ ئیتر بە ئاشكرا لە هەلپەرستی و پارەپەرستیدا بوو، لە كەرەج هەڤاڵە - تیی زۆرگەرمی چەند كۆنە ساواكیەكیشی دەكرد ، دكتۆر هاشمی شیرازی یەكێك بوو لەوانە و، من - رێك دوای رووخانی رژیمی پەهلەوی - بۆ جاری یەكەم لە كەرەج لەماڵی هەژاری موكریانی دیتم، هەژار چەند جار بۆ خواردنی كفتەی ساباڵغی دعوەتی كرد ، ئیتر شیرازی دەكەوتە گێرانەوەی قسەی سەیرو گاڵتەی نێوان خۆی و تاڵەبانی‌ی ئەوماوەیە(١٩٦٦و بەدوا) لە بەكرەجۆ. بیستمەوە كە شیرازی("دكتۆر جەلال"ی تاڵەبانی!) دواترهەر لە ماڵی هەژاردا گیرا و ماوەیەك بێ‌سەروشوێن بوو، گوایا ئێستا بەربووە ( دوور نیە لای تاڵەبانی بێت، زۆر لە كۆنە ساواكیەكان لە دەزگای رژیمی‌ئیسلامیی ئێراندا كاردەكەن و پێوەندیشیان بە دەزگاكانی رۆژئاواوە هەیە، وەزعێكی زۆرئاڵۆزی تێك‌چرژانی خەتە جیاوازەكان لە رژیمی ئێراندا ) .

(٢٥) بروانە پەراوێزی ژمارە ٢٠ .

(٢٦) كاربەدەستانی ئێران تەرمی" سولەیمانی موعینی" یان بە كوردستاندا دەگێرا، پیشانی خەڵكیان دەدا و دەیانگوت : ئەوەتا ئەو بارزانی‌یەی كە بە دزی گۆرەوی و خۆراكی بۆ دەنێرن، بە فەرمانێكی دەوڵەتی ئێران دوژمنانی ئێران دەكوژێ و تەسلیم‌دەكاتەوە ... ئیدی ( شەڕی رەوانی) .

(٢٧) ئەمە پێشەكیەكی هەبوو: رژیمی ئێران پیلانی كۆدێتایەكی لە بەغدا هەبوو، كە هەندێ كوردیشی تێدا بەشداركردبوون . بارزانی پێی‌زانی و، لە رێی بارزانی‌یەوە بوو كە بەعسی لێی ئاگاداربوون و توانیان پیاوی خۆیان بخەنە ناو پیلانگێرانەوەو دەستی بەسەردا بگرن (١٩٧٠/١/٢٠) . دیارە سەركەوتنی ئەو كۆدێتایە بۆ بارزانی زۆر خەتەر دەبوو، ئەوەبوو بە بەعسیەكانی گەیاند ( لەرێی ئیستیخباراتیەكی دووسەری یا لە رێی سۆڤیەتەوە) . لەم دواییانەدا لە دۆستێكم بیست كە كوردێك لە مۆسكۆ خەریكی لێكۆڵینەوەی ئەرشیفەكانی " ك.گ.ب."یە بۆ دۆزینەوەی زۆر نهێنیی نێوان كوردو سۆڤیەت، زۆر هیوادارم ئێستا تەواو بووبێت و پەردە

لەسەر ئەم مەوزووعەش لابدا .

(٢٨) " ك . گ . ب . " = " کۆمیتەی دەوڵەتیی ئەمنیەتی " ی یەکێتی سۆڤیەت .

(٢٩) کاتێ گفتوگۆ - بەپێچەوانەی ئارەزووی ئەو شێخ لەتیف ناوە- بە نەتیجە گەیشت، لە بەرەبەیانی ١١/٣/ ١٩٧٠دا سەدان ژنی هەولێر رووەو ئەو شێخ لەتیفە چوون بیگرن پارچە - پارچەی بکەن، بە هەزار ناڵی عەلی بردرایە شوێنێکی نهێنی و لە جەماوەر پارێزرا .

(٣٠) لەکاتێکدا کە بەرژەوەندی کورد ئەو هاوکاریەی پێویست کردووە .

(٣١) بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١٦ .

(٣٢) داخەکەم ناوی ئەو حەپسیانە نازانم، هیوادارم کەسانێکی کە ئەو ناوانە دەزانن ( لەوانە : محەمەدئەمینی سیراجی و سالاری حەیدەری) ئاشکرایان بکەن .

## « هەڵسەنگاندنێکی " مامۆستای کورد "ی فەرهاد شاکەلی »

**چیرۆکی ئەم باسە :**

خاوەنی گۆڤاری " مامۆستای کورد" ساڵی ١٩٨٩ داوای لێ کردم کە بە گوتارێك بیروڕای خۆم دەربارەی ژمارەکانی تائەوسای گۆڤارەکەی دەربڕم . من ئەو داوایەم یەکجار زۆر لا سەیروسەمەرە بوو،تێی نەدەگەیشتم یانی چی، ئێستاش و ئێستاش بۆم نەچۆتەوە سەریەك ئەوە چۆن داوای وەهای لە من کردووە . من پێشتر " دوو فەسڵ"م بۆ بڵاوکردنەوە دابوویێ، بەڵێنی دابوو کە بڵاوی بکاتەوەو نـەیکردبوو( بڕوانە لاپەڕە٧ی ئەم کتێبە)، بەرهەمی تری وەهاشم بەر قەدەغەیی سانسۆری کەوتبوون کە نەدەکرا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دیوەخانە دەرەبە-گەکاندا بۆ بنێنەوە ( وەرگێڕاوی " ڕاپەڕینی سمکۆ" و " ئاغاو شێخ و دەوڵەت"ی فان بروونەسن کە بە زنجیرە بڵاوی بکاتەوە)،وا ئێستا جورئەتی وەهای هەیە کە بڵێ بەکەیفی خۆت نووسراوەکانی گۆڤارەکەم هەڵبسەنگێنە! یانی چی ؟

بەهەرحاڵ، من پێمگوت کە دەکرێ حەقەن زۆر بە نووسینەکەی من نارەحەت بێ و دڵی زۆر بیەشێ،کەچی گوتی :

" نا، تۆ ئازادیت چی دەنووسی، من وەکوخۆی بڵاوی دەکەمەوە، تۆ هەرشتێك بنووسی کە خوێنەران تەحەمولی نەکەن و لێت عاجز بن، ئەوە دە دەستی مندا نیە و لێرەدا من هیچم بۆ ناکرێ، بەڵام من لای خۆمەوە بە بێ هیچ سانسۆرێك هەرچی بنووسی بڵاوی دەکەمەوە " .

ئیتر هیچم بۆ نەمایەوە جگە لەوە کە لەلای خۆمەوە بڵێم" پەککو لەوێ حەلامەتێ !" و ژمارەکانی گۆڤارەکەی لەبەردەمی خۆم دابنێم و دەست بە نووسینی هەڵسەنگاندنی خۆم بکەم . یەك مانگ هەموو کارێکی ترم خستە لاوەوکاتەکەم بۆ ئەم تەرخان کرد. هەر باوەڕیشم نەدەکرد ،گۆڤاری کوردی ئامادە بێت نووسینی من بڵاوبکاتەوە؟ چۆن کوردێکی خاوەن گۆڤار هەیە ئاوا نـامووس و شەرافەتی فەرهەنگی دەرەبەگیی ئەم قۆناغەی کۆمەڵگاکەی خۆی بخاتە ژێرپێی بیری چینێکی کە هێشتا لەو کۆمەڵگایەدا لە هیچ کوولەکەیەکدا نیە، نە کوولەکەی تەڕ و نە کوولەکەی وشك! ، تۆ بڵێی وابێ یا من گوێم زرنگابێتەوە ؟!

# هەڵسەنگاندنێکی "ماموٚستای کورد"ی فەرهاد شاکەلی

رێک لەکاتێکدا کە دەمویست بیروڕای خوٚم دەربارەی گوٚڤاری" ماموٚستای کورد" بە نامە بوٚ فەرهادشاکەلی بنووسم، ئەم خوٚی داوای کرد کە ئەوە بە شێوەی مەقالەیەک بێت بوٚ گوٚڤارەکەی و گوتی : " بە ئارەزووی خوٚت چوٚنی دەنووسی بنووسە، بە نیسبەت ماموٚستای کورد سانسوٚر نییە و ئێمە وەک خوٚی بڵاوی دەکەینەوە". منیش ئەو داوایەم - بە چاوان- بەجێهێنا و ئەم بیروڕایانەم بەوشێوەیەی کە ویستی بوٚ نووسی .

<u>رێ خوٚشکردنێک بوٚ باسەکە</u>

سەروسامانی هەر حەوت ژمارەی چوارساڵی "ماموٚستای کورد"م لێنوٚڕی، کە بە هەمووی دەوری پێنج سەد لاپەڕەیەکی حەجمی‌کاغەزی‌عەریزە(ئا٤)ی گرتوٚتەوە. ژمارەی یەکەمی(گوڵانی١٩٨٥) هەرچوٚنێ بێ، لەوەدەکا سەروسەودایەکی لەگەڵ ئەوەدا هەبێ کە لەسەر بەرگی - مووسا گەرمیانی واتەنی- " بێ ئەنوا"ی نووسراوە : "دەنگی بەشی‌کوردیی خوێندنگەی بەرزی ماموٚستایان لە ستوٚکهوٚڵمە"(و ئادرەسەکەشی لەسەرە) . ئەوەیە بەگوێرەی وەزعی ئەوێ (سوێد)، بەشی زوٚری بە شێوازی کرمانجیی باکوورو بە تیپی لاتینی نووسراوە . سەروتاری، بە دابی سەروتاری یەکەم ژمارەی زوٚربەی گوٚڤاران، بەڵێنی زوٚری بە خوێنەرانی داوەو پەیمانی لەگەڵ بەستوون هەوڵبدا چەندکارێک بەئەنجام بدا، بەڵام- بەداخەوە- لە دووەم ژمارەوە، ئیدی وەزع دەگوٚڕێ : لە " بەشی‌کوردیی خوێندنگە" دوور دەکەوێتەوە ؛ بەشی کرمانجیی باکوورو تیپی‌لاتینی تادێ تێدا کەم دەبێتەوە: لە ژمارە٢دا دەبێ بە یەک‌لەسەرسێ، لە ژمارە٣دا یەک‌لەچوارو لە ژمارە٤-٥دا یەک‌لەشەش،ژمارە ٦ هەر تەنیا سوٚرانیە، ژمارە٧ دیسان کرمانجیی باکووری تێدەکەوێتەوە بەڵام هەر بە سێ‌لاپەڕە(یەک‌لە بیست و هەشت) . ناوی" فەرهاد" وەک ناوی گوٚڤارەکە لەبەرچاوە . ناوی خوێندنگەکەش وەلادەچێ و هەمان سندووقی بەریدی فەرهاد(سوٚلەنتونا)یش جێی ئادرەسی ئەوە دەگرێتەوە، بەڵام من لە هیچ شوێنێکیشدا شتێکم بەرچاو- نەکەوت بە رەسمی بڵێ ئەم‌گوٚڤارە چیتر دەنگی ئەو خوێندنگەیە نیەو کاروباری پێ‌خوێندنی کوردیی دەئەستوٚدا نەماوە، لەدوای ژمارە٣وە، چاپی جوانتر دەبێ(تارا دەیکا)، بەڵام هەر بە کاغەزی لە هەمان قەوارە دەمێنێتەوە . هەڵەی چاپ کەم نین، تەنانەت تاریخی دەرچوونی ژمارە٢ ، لەجیاتی مارتی ١٩٨٦ ، نووسراوە مارتی ١٩٨٥و، لە هیچ کوێ نەهاتە بەرچاوم ئەمە راست کرابێتەوە ( لە هەمان ژمارەدا ، سەهوی چاپ بە حەرفێکی ئادرەسی

سوێدیی خوێندنگەکەش گەیشتووە ) .

"مامۆستای کورد" لەئەساسدا گۆڤارێکی رووناکبیری نیـە، بەڵام وادەبێ پزیشکی رووناکبیریی وە داوێنی دەکەوێ . " مامۆستای کورد" گۆڤارێکی سیاسیە و بەدەست " فەرهادشاکەلی"یەوەیە، هەرچەندە بە رواڵەت هەرج و مەرجێکی ناوەتەوە، بـەڵام ئامانجێکی شەخسیی روون و ئاشکرای پێوە دیارە ، ئەم گۆڤارە،گۆڤارێك نیە لە سەرووی واقیعی زەمانی خۆیەوە بێت، نـا ، گۆڤارێکە ئـاوێنەی وەزعی کۆمەڵایەتیی دوای هەڵوەشانی دیوەخانی دوا میری کورد" سەرۆك بارزانی"یە . هەرچەندە من نامەوێ لە مەبەستی نووسینەکەشم دووربکەو-مەوە، بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەم قسەیەم کەمێك روون بکەمەوە . ئەم وەزعە کۆمەڵایەتیە لە جەوهەردا تازە نیە، دوای لێکەوتنی هەر میرێك لە مێژووی کورددا پەیدا بووە، هەروەك پسپۆڕێکی رۆژئاواییەکان ( فان برۆنێسن)یش ئیشارەتی پێدەکا ، شەرەفخانی بتلیسی لە دێرە شیعرێکیدا خولاسەی کردۆتەوە :

" ولایت ز سلطان چو خالی شد          رئیس بهر قریه والی شد "

بەڵام دیارە قۆناغی بارزانی لە مێژووی‌کورددا پێویستی بە تێڕوانینێکی زانستیی رووناکبیریی تایبەتی هەیە، چونکە شەرت نیە دەقی هیچ وەزعیك بەتەواوی دووپاتبێتەوەو ، حەقەن هەرقۆناغە لە مێژوودا سیمای تایبەتی خۆی هەیە . رووناکبیریی کورد ، ئەگەر- وەك هیوادارم - رۆژێك دەستپێبکاتەوە، کارێکی زۆری لەپێش دەبێ، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە دەبێ لە نووکەوە دەست بە شیکردنەوەو تێگەیشتنی وەزعی وڵاتەکەی بکا . دەکرێ پیاو بزانێ سەرچاوەی نووسراو - تەنانەت بە چەند زمانانیش- بخوێنێتەوە،بەڵام ئەگەر رووناکبیر نەبێ، لەوانەیە کۆڵێك قاڵبی بێ سەروبەر بدۆزێتەوەو بکەوێتە بڕینەوەی مێشکی‌خۆی تا دەوقاڵبانەوە بچێ و کارەکە ئەوەندەی تر گەن دەبێ، ئیدی زۆری دەوێ تا دیسان لەوقاڵبانەی دەربهێنیت و هەڵیبەستیتەوەو- ئەگەر بکرێ- وەك خۆی لێبکەیتەوە . بەهەرحاڵ، هەندێ لە سیفەتەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە تێکڕای نەریتی کۆمەڵایەتی دەشـێوێ، شیرازەی دەپچڕێ، دیوەخانی زۆر جیادەبنەوەو ئیدی قوت دەبنەوە، ئاستی ژیانی مەعنەوی و رەوشتی کۆمەڵا-یەتی زۆر دێتە خوارو هەرج و مەرج پەیدادەبێ . وەك دیتمان،بە لێکەوتنی سەرۆكبارزانی، بارزان لەوەکەوت چیدی بتوانێ ئەو دەورە بۆ نەتەوایەتیی کورد ببینێ کە پروسیا بۆ نەتەوایەتیی ئەڵمانی دیت، دیوەخانی"جەلال تاڵەبانی" دیسان گەرم بۆوە،"سامی رەحمانی" یش دیوەخانی جیاکردەوەو ئیدیش پەیدابوون . شەڕو شۆڕێکی زۆر لەنێواندا روویدا و سەدان و هەزاران کورد بوونە سـووتەمەنی . داگیرکەرانی کوردستان، رێك لەم کاتەی شەڕی خۆبەخۆی دیوەخانانی کورددا ، گەیشتنە نازیەت و توانیان هەرچی توانای خوای شەڕ هەبوو بیخەنە گەڕ.

تا لەدواییدا، وەختێك دوو دیوەخانە سەرەکیەکە ( ماڵی بـارزانی و دیوەخانی تـاڵەبانی)، تەبیعی بە تەفسیری دەرەوە، هاتنە سەر ئەوە کە شـەڕی ناوخۆیان رابگرن کە ئیتر دەسەڵاتێکی ئەوەندە زۆریان بۆ نەمابۆوە شەڕی لەسەربکەن. ئەگەر رووناکبیریی کورد لەو سەردەمە پڕ لە کارەساتەدا دیاربوایە، تەبیعی خەباتی لە دژی ئەو وەزعە دەکرد، مەسەلەکان لە رەگوریشەوە شیدەکرانەوەو گەل هان دەدرا مل بۆ خاوەن دیوەخانان نەداو لەبریتی ئەوە روو لە خەباتی نەتەوایەتی بکا. دەست لە چوونە هەر وردەکاریەکی زانستی، حەقیقەتی مێژوویی، نەدەپا- رێزرا. بەلای کەم، هەوڵی نووسین و بڵاوکردنەوەی چەند نامیلکەیەکی بچووك بۆ ئەوە دەدرا. بەڵام کە ئـاوڕ ئەدەیتەوەو سەیر ئەکەیت ... " نـیـــە، هەر دەنگی هیچ نـایـێ

له هیچ شـوێـنێ، لە هیچ لایـێ

شـەقـەی بـاڵـێ، شـنـەی بـایـێ " *

فەرهاد شاکەلی نەچوو " مەسەلەکان لە رەگوریشەوە شیبکاتەوە، دەست لە چوونە هەر وردەکاریەکی زانستی، حەقیقەتی مێژوویی، نەپارێزی"( نەخێر،-داخەکەم- ئەو بۆخۆی ئەوەی نەکردو نـەیهێڵا نووسینی کەسێکی تری وەك منیش بۆئەوە لە گۆڤارەکەیدا بڵاوبیێتەوە) و- داخی گرانم - زۆری مەبەست بوو نێوانی لەگەڵ خاوەن دیوە- خاناندا تێك نەچێت.

" مامۆستـای کورد"یش وەك گـۆڤارەکانی تـری کـورد، جێ پـەنجەی" جنسـەکەی تر" ** ی پێوە دیار نـیـە. نووسینێکی - بە رادەی یەکەم تاریخیی- برایەکی لێدەرچێ کە باسی"یەکێتی یایانی کوردستان "(ی کۆماری کوردستان لە مهاباد) دەکا، هیچ باسێکی ئافرەتی تێدا نیە.

" مامۆستای کورد" زۆر شتی باش و زۆری خراپی تێدایە ( بەگوێرەی تێگەیشتنی من لە باش و خراپ ). وا لەسەر داوای سەرنووسەر خۆی، خۆ لە باسی شیعرو چیرۆك دەبوێرم. خولاسەیەکی مەبەستەکانی تر دەخەمە بەرچاو و هەڵیاندەسەنگێنم. لەپێشدا باسێکی یەکەم ژمارەی" مامۆستای کورد" دەکەم، دوای ئەوە دێمە سەر باسی تێکڕای ژمارەکانی ٢ تا ٧ی.

---

* لە " رازی تەنیایی " ی هەردی.

** لە ناوی کتێبێکی " سیمۆن دو بوڤوار"

« یەکەم ژمارەی " مامۆستای کورد " »

سەروتاری سەرنووسەر، بە هەندێ دەنگوباس و چەندێ بیروڕا گۆڤارەکە پێشکەشدەکا . باس لەوە دەکا کە حکومەتی سوێد بەرلەوە " بەشی زمانی کوردی لە خوێندنگەی بەرزی مامۆستایەتی لە ستۆکهۆڵم"کردۆتەوە، " بۆ پێگەیاندنی مامۆستای کورد،کە پاش ئەوەی لە خوێندن بینەوە، دەرز بە منالآنی کوردی ئەم ولآتە (سوێد) بلێنەوە" کە ئەمە" دەستکەوتێکی گرنگ و هێژا " یە " بۆ کۆمەڵگەی کوردی دانیشتووی سوێد بە تایبەتی و بۆ کوردی دەرەوەی ولآت بەگشتی . خوێندکاران لە بەشی جیاوازی کوردستانەوە هاتوون و بە دیالێکتی جیاواز قسەدەکەن و پاشخانی فەرهەنگییان جیاوازە . چاك وایە ڕێزمانی هەردوو دیالێکتە سەرەکیەکەی زمانی کوردی بخوێنن . ئەوڕۆکە زمانی کوردی بە سێ جۆرە ئەلف و بێ دەنووسرێ . دەی جا کە واتە بۆچی خوێندکاران خۆیان فێرنەکەن کوردی بە تیپی لاتینی و عارەبی(و پاشانیش بە سریلیك) بخوێننەوە ؟ ئەرکی دەرز وتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی" بەخۆی ( فەرهاد شاکەلی ) سپێردراوەو" بۆ دانانی پرۆگرام و بابەت و ناوەرۆکی خوێندن بەتەواوی سەربەست " بووە . باسی سیمیناری فەرهەنگییش دەکا کە "مامۆستا محەمەدئەمینی بۆزەرسلان، کاك رەشۆی زیلان، رۆژەن بارناس و موئەیەد تەیب و فرات جەوەری، دوکتۆر بوئوتاس ی تێدا بەشداربوون . قسەوباسی سوودمەندیان لەمەڕ زمان وفەرهەنگ و وێژەی کورد بۆ خوێند- کارانی بەشیکوردی و بۆ کوردی دیکەی ئەدەبدۆست کرد"،کە- بەداخەوە- باسی ئەوقسەوباسە سوودمەندانە لە گۆڤارەکەدا لەوەندە تێناپەڕێ، دەڵێ : " لێرە بەدواوەش هەوڵ دەدەین ئەم کۆڕبەستنە بکەینە نەریتێك بۆ ئەم بەشە کوردییە" . ئەوجا سەروتار باسی گۆڤاری" مامۆستای کورد" دەکا کە هەر ژمارەیەکی هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمی خوێندکارانی ئەوبەشە دەگرێتەوەو دەبێ سێ شت لە نووسینەکانیدا رەچاو بگیرێن : " کوردایەتی، زانست، ئازادی"، هەمان سێ وشەی کە سەردێڕی سەروتارەکەش پێکدێنن . سەرنووسەر لێرەدا بە کەمتر لە چاردە دێڕی زۆر سەتحی باسی کوردایەتی دەکا، ئیشارەتێك بە وشەی " کوردۆلۆگی" دەکا و کۆتاییەکە وا دێنێتەوە کە حەزدەکا " بناخەی کاروباری لێکۆڵینەوەی زانستی" ی " فەرهەنگی کورد بێت " . لە باسی زانستدا( بە دە دێڕ)" (..) بۆ ئەوەی بەم شێوەیە بناخەیەکی پتەو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی دابڕێژین . بێگومان هەوڵ دەدەین جاروبار بابەتی دیکەش لە ئەنتۆلۆگییەکەدا بلآوبکەینەوە ( کورتەچیرۆك - هەڵبەست - چاوپێ - کەوتن) بەڵام کەمتر". بە پتر لە حەفتا دێڕ باسی ئازادی دەکا و بەشێکی باسی کێشە وهەرایەکیخۆیەتی لەگەڵ گۆڤارەکەی"برایم ئەحمەد"دا، بە" بەناو فەرهەنگی و بە ناوەرۆك ئۆپۆرتونیست"ی ناودەبا و تەنانەت پێیدەڵێ

" جلخوار" و " دۆستێکی خۆشەویستم(..) گوتی کاکەگیان هەر لەپێیانکە، ئەوەی دەیلێن سەگوەڕە" .
سەرنووسەر بۆ "رووناکبیری کورد"ی دیاردەکا کە دەبێ" بوێرێ قسەی راستی بکات، بلێ نەء، ئەگەر شیری سوڵتان (یا سوڵتانەکان) سەریشی پەڕاندووە"، چونکە " ئەگەر ئەمڕۆ پێ بەجەرگی خۆیاندا نەنێن و رازی دڵی خۆیان نەڵێن، گوایە دەبێ لیرەی سپییان بۆ کامە رۆژی لەمە رەشتر هەڵگرتبێ؟!"
فەرهاد لێرەدا مژدەی زۆری داوینێ، هەرچەندە -بەداخەوە- مستەوای سەروتارەکەی خۆی گومان دەخاتە زۆر لە قسەکانیەوە. هەر لەم سەروتارەوە پیاو تێدەگا کۆمیتەیەك و دەستەیەکی شارەزا لەکاردا نین و سەلیقەی خودی شەخسی سەرنووسەر هەمەکارەیە .

ئەم ژمارەی یەکەمە، هەرچەندە مستەوای زۆربەی ناوەڕۆکیشی ئەوتۆ نیە، بەڵام بەهەرحاڵ، لە راستیدا لە هەڵبژاردەیبەرهەمیخوێندکارانیئامۆژگایەك دەکا. ئەوەی لەم نووسینانەدا هەرە لەبەرچاوە ئەوەیە کەهەرخوێند-کارەو لەلای خۆیەوە شتێکی نووسیوە و بەوجۆرە بڵاوکراوەتەوە، نە خوێندکارەکان خۆیان پێکەوە دانیشتوون سەیری سەرتاسەری نووسینەکان بکەن یا پیشانیکەسانێکی شارەزایان بدەن(سەرنووسەر خۆی ناوی چەندانی لەوانە هێناوە )، نە سەرنووسەریش هەوڵێکی داوە ئەو نووسینانە هاوئاهەنگ بکا. هیچ تێبینی و رێنوێنیەك لەکاردا نیە . ئەم کەماسیە، دەبوو بەتایبەتی لێرەدا لە نووسینی بە شێوازی کرمانجیی باکووردا حیسابێکی بۆ بکرایە . ئەوجا کە ئیشارەت بە گیروگرفتی جیاوازیی دوو شێوازە سەرەکیەکە کراوە، دەبوو- بەلای کەم- بەرا-وردێکی هەندێ وشەی کە لە نووسینی بە هەردوو شێوازەکەدا بەکارهاتوون بکرایە، یان هەندێ شت لەورووەوە بە پەراوێز روونبکرایەتەوە . هەر بەنموونە : بە کرمانجیی باکوور" رابەر" بە مەعنای " پێشەکی"،" سەرەکە " لە جێی " سەرەکی" ،" سەرکانی" و" چاڤ کانی" بۆ " سەرچاوە" (مصدر) و " قەپاخ " بۆ بەرگ ( ی کتێب ) بەکارهێنراون . دەکرا داڕشتنی عیبارەتەکان باشتر بکرایە، سەهوکردن لە رێزماندا راست بکرایەتەوە، سەرپە-رشتیکردنی چاپ وردتربوایە تا ئەوەندە هەڵەی چاپی تێنەکەوتایە .

ــــ وادیارە پێش و پاش خستنی وتارەکان بەگوێرەی مستەوایان نیە . بەشی کرمانجیی باکوور بە نووسینێکی " ڤ . س. تانریکولو" : " چەند پرسیارێن زاراڤایێن کوردی" دەستپێدەکا. ئەم نووسینە لەوەندەدا خولاسە دەبێتەوە کە دەستنیشانکردنی شێوازەکانی کوردی کارێکی پێویست و سەختەو ساغ نەبۆتەوە، تا ئەوەش نەکرێ، زەحمەتە پیاو گیروگرفتی ئەو جیاوازیی شێوازانەی پێ چارەسەربکرێ . نووسەر چەند سەرچاوەیەکیشی

سەیرکردووە :  فوئاد حەمە خورشید ، فەرهاد شاکەلی و...ئیدی، کە لەوانە ماڵمسانژ لەهەموان پتر سەرنج رادە-کێشێ . نووسینەکە - بە بیری من - لە واقیع بەدبینترە، کۆتاییەکەشی وا هاتۆتەوە وەك نووسەری پێی لەوە پتر بێت کە هەیە .  نەخشەیەکیش بڵاوکراوەتەوەو ئیشارەت بە سەرچاوەکەی (م. ڤان برۆنێسن) نەکراوە .

ـــ لەزگین، کە چووە بەشێوازی کرمانجیی باکوور باسی " پێشەوایێ هەلبەستا کوردی یا مۆدەرن گۆران" ی کردووە، کارێکی زۆر باشی‌کردووە . خۆزگە ئەویش وەك رەشۆ زیلان (ی گۆڤاری پالە) شیعرە سۆرانیەکانی به کرمانجیی باکوور مەعنا لێدەدانەوە تا فایدە پتر بوایە . نووسەر، چیرۆکی ژیانی گۆران لە چەند نووسراوێك وەردەگرێ و - دیارە ئۆباڵ بە ئەستۆی ئەو سەرچاوانە - باسی واقیعیەت و شۆڕشگێری و " دیتنێن ئینتەرناسیۆ-نالیستی"ی گۆران دەکا ، نموونە لە " دەمی راپەڕینە"و " ئەژدەهاك" دەهێنێتەوەو، پێش‌ئەوەی بە لیستەی ناوی کتێبەکانی گۆران و سەرچاوەکان کۆتایی پێ‌بێنێ، شیعرێکی بێ‌مستەوای گۆران دەنووسێتەوە :

(..)

کۆتری سپی تەقڵەباز          لە چەقەڵ ئەکەم دەرباز
نامەوێ گرمەی بۆمبا          بە کوتەك لە کەلەم با
نامەوێ چەپۆکی شەڕ          ماڵی باوکم با بە با

سەنعەتی نووسینەکە رەوان و جوانە، ئەگەر کەسێك "دبستانا مامۆستاتی یا علمی"یشی بۆ دەستکاری بکردایە جوانتریش دەبوو. ناکرێ پیاو چاوەڕوانیی ئەوەشی هەبێ گۆران هەربەوەندە سەرچاوە نووسراوانەی تائێستا هەن لەمە باشــتر بناسرێ ( ئەوەی باشتری دەناسێ دەزانێ کە ئەمە ناسینێکی زۆر ساویلکانە و پرۆپاگەندەی حیزبی سەرچاوەیەتی ) .

ـــ زنار شیرۆ، دوو شیعری سوێدیی کردۆتە کوردی، کوردیەکەی جوان و رێکوپێکە .

ـــ نووسینێکی لێرەدا لە هەموان راستەوخۆتر کاری بە مەبەستی رەسمیی خوێندنگەکەوە هەبێت ئەوەی " کەیا ئیزۆل"ــە : " زارۆکێن کورد لْ سوێد بـ زمانێ کوردی دخوینن " . ئەمە بەشێکە لە راپۆرتێکی نووسەر بۆ " پرۆژەی کوردی"یەك لە سوێد کە لە پەراوێزدا ئیشارەتی پێ‌کراوەو بەتەواوی روونەکراوەتەوە چیە . ئەم بەشە

راپۆرتە، گیروگرفتی خوێندنی کوردیی منداڵانی ئەوێی پێش هاتنە وێ و دوای ئەوە، چاك خستوونە بەرچاو، چەند سەرژماریشی تێدان، لەوانە : ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥ لە پایتەختی سوێدو دەوروبەری ٩٩شاگردمەدرەسەو ٨ مامۆستای کورد هەبوون (٨٢ شاگردو ٧ مامۆستای شێوازی کرمانجیی باکوور، وێڕای١٧ شاگرد و"یەك" مامۆستای شێوازی سۆرانی). نووسەری راپۆرت،بەتایبەتی هاواریەتی لەدەست نەبوونی کەرەستەو مامۆستای بەتوانا بۆ پێخوێندنی ئەو منداڵە کوردانە(ی شێوازی جیاوازیان هەیە) . سەد بریا ، لەجیاتی بەشێکی، هەموو راپۆرتەکە بڵاودەکرایەوە . ئەوسا دەمانزانی، ئایا نووسەر هەوڵی داوە بیر لە هەندێ چارەسەر بکاتەوە، فایدە وەرگرتن لە توانای دەزگا رەسمیەکانی سوێدو ئەرکیسەرشانی فەدەراسیۆنیکوردان لەوێ و مەسەلەی هاوکاریی ئەم خوێندنگەیەو ئەوفەدەراسیۆنەو ئەو دەزگایانەی باس کردووە یان نا . ئەم بەشە راپۆرتە بە شێوەیەکی رێکو- پێك ئامادەکراوە، کوردیەکەی جوان و دوور لە داتاشینی وشەی دزێوە، وابووە بۆ خۆ قوتارکردن لە داوی ئەوە وشەی ئەوروپایی یا وەرگێرانی دەقیعیبارەتی ئەوروپایی نووسیوە . بەهەرحاڵ، دەبێ نووسەر بۆ ئەو نووسینەی سوپاس بکرێ .

— ئا. جەنتەکین، باسی سێ کتێب دەکا( ڤەکۆلین لْ سەر سێ پرتووکا) کە بە زمانی سوێدی نووسراون . نووسەر بە میزاجێکی تووڕە دەست پێ دەکا :" هەیا کوردستانەك سەربخوە ساز نەبە، گەلەك کەس پێ لْ سەر ملێ کوردو کوردستان بىن دەولەمەند" . نووسینەکە تا بڵێی ساویلکانەیە، چ بە ناوەرۆك و چ بە شکڵ لێی- بنۆڕی" پیت و پێزی نایە" *. لە ناوی کتێبی" کورد - ملەتێ بێ وڵات" تووڕەیە، زۆر لەوە تووڕەیە کە سنووری کوردستان دەوکتێبانەدا باش دیارنەکراوە،لەوە کە باسیکوردستانی سۆڤیەت وکوردستانێتیی ئارارات کراوە . وا دیارە لە یەکێك لەو سێ کتێبەدا ،کە سوێدی نووسیویەتی، باسی ئەوە کراوە کە کاتی خۆی تزاری رووسیا باکووری کوردستانی داگیرکردووە . " ئا. جەنتەکین" دەڵێ : " من تودەرادا نە خوەندو نەژیبیست و نەژی دیت کو چارێ ئورس باکوورێ کوردستانێ داگیرکریە" ! .

— خۆشمەند باران، " دیرۆکا تیاترۆیا کوردی"ی نووسیوە . زۆر باشە کە نووسەر بە شێوازیکرمانجیی باکوور

---

* لە شیعرێك

باسی تیاتری کوردستانی باشووریشی نووسیوەو، توانیویە لە رۆژنامەی" ژین" کەڵك وەربگرێ . نووسەر ناڵێ لە کام سەرچاوەی وەرگرتووە کە شێرکۆ بێکەس هەر لە ۱۹۵۸ ـەوە چیرۆکی شانۆگەریی نووسیوە . ئـەوەش بڵێم، هەر کە ناوی هونەرمەندی لێهاتووی کـورد " فـازل جاف "م دیت، پێموابوو ناوی هـونەرمەندێکی تری لێهاتووی کورد" ئیبراهیم سەلمان"یشی گورج بەدوادا دێ*،کەچی وانەبوو. کوردی نووسینەکەی بەگشتی جوانە، خۆزگە پتر لەسەر هەندێ عیبارەت دەوەستا ،ناوی " دیرۆکا تیاترۆیا کوردی" بۆ - وەك خۆی دەڵێ-:" قێ نقسا کورت " رەنگە زۆر بێ، ئۆتۆنۆمی وەرگرتنی ساڵی۱۹۵۸ی کورد لە رژێمی کۆماریعێراقیش هەروەتر . ئەگەر سیاسەت لێیگەڕایە، نووسینەکە باشتریش دەبوو. دەڵێ تیاترۆیکوردیکوردستانیباشوور هەر لە چالاکیدایە بەڵام ئەمڕۆ لەژێر کۆنترۆڵی رژێمی عێراقدایە، لە باسی یەکێتی سۆڤیەتدا هەر دەڵێ زمان و فەرهەنگی کورد تەنیا لە سۆڤیەت ئازادو سەربەستەو ئیدی باسی کۆنترۆڵ نـاکاتەوە . دیارە مەسەلەکە بیروباوەڕە، کە نووسەر بە شێوەیەك دەربارەی دابەشبوونی دنیا دەریدەبڕێ : " ژ وەلاتێن سۆسیالیست تا وەلاتێن ئـەمپەریالیست " ( وێدەچێ نووسەر لەگەڵ فکری رێکخراوی" کاوە"شدا نـەبێ، یان وەك لە باکوور دەڵێن لە " کاواچی"یەکان نەبێ، چونکە ئەوان " سۆسیال ئەمپەریالیست"یشیان هەیە ) .

ـــ " ك. ئالس"، زۆرتری باسەکەی دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی " مەیرۆ" بۆزەرسلان"ـە و بە لاپەڕەیەکیش باسی چەپکە هۆنراوەیەکی ئۆسمان سەبری ( ئاپۆ ) دەکا. زۆر ئاشکرایە کە نووسەر سەری لە چیرۆك دەرنـاچێ و بـە

---

* (( فازل جاف و ئیبراهیم سەلمان - بەگوێرەی ئەوەی کە من لە دووەمەکەیانم دەبیست - نێوانی شـەخسییان زۆر بوو،من بە هیوایەکەوە ئەم وشانەم لێرەدا بۆ برایم نووسی، شانۆیەك و فیلمێکیشم لە ئەمستەردام دیتن کە باسی کورد بوون و زۆر هیوادار بووم بتوانێ - وەك فازل جاف - کار بـکا. بەڵام داخەکەم زۆر زوو لەو جەغزەی کە من هیوادار بووم تێدا پێشبکەوێ دوورکەوتەوەو ئیتر ئاگامان لەیەکتر بڕا . .
من بەخزمەت فازل جاف نەگەیشتووم، بەڵام چیرۆکێکی شانۆگەرییم لە سوێد بە فیلمێکیڤیدیۆ دیت، کە تێدا کاربەدەستانی سیاسەتی کورد بەشێوەیەکی هونەریی زۆر بەرزو نایاب بە کوردی تماشاکەری دەناسێنێ، شـەهـامـەت و مەردایەتیی هـونەرمەندی بـەرز تێدا شـەپۆل دەداتەوە، ئەگەر فازل لە تەواوی ژیانیدا هەر تەنیا ئەو شانۆیەی بەرهەم بوایە، بۆ ئەو شانۆیە بەتەنیا شایانی میداڵێکی شەهامەتی نەتەوایەتی‌یە . ))

دەنگوباس و راپۆرت و شتی لەوبابەتەی تێدەگا، بەڵام ئەم نووسینەی بۆ ژیان و خەبات و بەرهەمی بۆزەرسلان سەرچاوەیەکی بــەکەڵکە . بەتایبەتی ئەگەر " مامۆستای کورد " پوختەیەکی نووسراوەکانی شێوازی کرمانجیی باکووری بە سۆرانی بڵاوبکردایەتەوەو ئەوەی سۆرانییشی بە کرمانجیی‌باکوور،ئەوسا ئەم کەڵکی پتریش دەبوو.

بەشی سۆرانیی ئــەم ژمارەیە، جگە لە سەروتار،ئەمانەشی تێدایە : شیعری" کوردم ئەمن" ی هەژار، و " رقی پیرۆز" و " سنوور" ی هێمن بە تیپی لاتینی، بەڵام مەعنایان بە شێوازی کرمانجیی باکوور وێڕا نیە؛ شیعری " پیرەهەڵۆ"ی سوارە و" هەڵۆ هەربەرزە" ی هەژار؛ ئیشارەتێك بە نەنووسرانەوەی تائێستای مێژووی ئەدەبی کورد و ناوی سوارە و چەند کەسێکی تر؛ باسێکی جوانی ئەمجەدشاکەلی‌یش بە ناوی " مەلای جەزیری : شا - رێگەی سۆفیگەری و کلاسیزم لە ئەدەبی کوردیدا "، کە وێدەچێ ئەمیش لە سەهو(ی چاپ؟) نەخەلەستبێ، هەرچەندە سەهوەکان زۆر گرنگیش نین ( ساڵی بوونە فەرمانڕەوایی بەدرخان پاشا لە جیاتی ١٨٢١ بە ١٨١٢ نووسراوە، لە پەراوێزی باسی سەرچاوەکانیشدا دەبێ ل٢٧٧ی سەرچاوەی یەکەم هەڵە بێ ) .

« ژمارەکانی ٢ تا ٧ ی " مامۆستای کورد " »

١- نووسینەکانی سەرنووسەر :

" رازێك "ی سەرنووسەر، بە چوار بەشی، سەروتاری ژمارەی دووەمە، داوای بەرهەم لە رووناکبیران دەکا، باسی بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە دەکا " لەبەرئەوەی گۆڤارەکە لە رێگەی دەزگایەکی رەسمی و دەوڵەتیی سوێدەوە بڵاودەبێتەوە" . باسی ئەوە دەکا کە خەڵکێکی زۆر بە سەر- وتاری ژمارەی یەکەم ( کوردایەتی، زانست، ئازادی ) و بەتایبەتی باسی " ئازادی"یەکە شاد بوون . مەسەلەی ئازادی پتر دەشێلێتەوە : " لێرەولەوێ گۆڤاری فەرهەنگی دەردەچن کە بەناو سەربەخۆن، بــەڵام(..) هیچیان نــاوێرن راستی بێژن و نــایانەوێ راستی بگوترێ(..)هێندێ رووناکبیری کورد هەن کە چارەسەرێکی سەر- سەلامەتانەی دیکەیان دۆزیوەتەوە، ئەویش خۆ بواردنە لە باس و خواسی بیر(..) خۆ خۆشەویست بکەن و دڵی‌کەس لە خۆیان نــەڕەنجێنن و خەڵکەکە نەدۆڕێنن(..) رووناکبیری کورد هەرگیز پێویستی بەوە نیە دەنگی زۆرتری بەربکەوێ" و هتاد... لەوبابەتە قسانەی سەرنووسەر . سەرنووسەر " لە یادی کۆماری کوردستاندا "

خۆزگەیەك دەخوازێ کە " کوردە تیۆریزانەکانی ئەمڕۆ"ش وەك پێشەوایان " قازی محەمەدو مەلامستەفای بارزانی هاوڕێ و هاوکارو هاوسەنگەر"بن . ئەوجا دێتە سەرئەوە کە " کاری گۆڤارێکی ئاوا بۆ تاکە کەسێك، ئاسان نیە " . فەرهاد ، لە هەمان ژمارە (٢)دا پێشوازیەکی لە " نووسەری چیا" کردووە ( کە - بەداخەوە- ئەم " نووسەری چیا"یەم نەدیوەو دەربارەی نازانم ) .

سەرنووسەر ، لە سەروتاری ژمارە٣ ( ئۆکتۆبری ١٩٨٦ ) دا ، باسی چەند مەسەلەیەك دەکا : کۆچی دوایی مام هێمن، پارچە-پارچە بوون و براکوژیی کورد ، یەکێتیی رابەرانی سیاسی و عەسکەریی خاوەن دیوەخانانی کورد ( ناوی دەنێ : " یەکێتی ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد")، پێویستی سوودوەرگرتنی رووناک-بیرانی کوردستان لە دەرفەت و توانست و هەلومەرجی ئازادیی بەیانی رۆژئاوا ، تەرخان کردنی ژمارەی داهاتوو بۆ فەرهەنگی گەلان، دانی خەڵاتی" نۆبیل"ی ئـەدەبیات بە نووسەرێکی ئەفریقایی، سەردانی رەسمی بە ناوی " بەشی کوردیی خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان لە ستۆکهۆڵم" لە یەکێتی سۆڤیەت .
لە باسی " مام هێمن "دا، ئەوەی زۆرتر سـەرنجی منی راکێشا ، قسەیەکی- بەلامەوە - زۆر سەیر بوو کە دەڵێ : "زۆر بەداخەوە، هاوڕێ سیاسیەکانی مام هێمن نەیانزانی، یا نەیانویست، دڵە ناسکەکەی وی رابگرن . لەوە نـەگەیشتن، یا نـەیانویست تێبگەن،کە بەرامبەرەکەیان پیاوێکی سـیاسی نـیـە(..) بەڵکو شاعیرێکی(..) ئەوی هەیەتی و نیەتی وشەیە، وشەی کوردی". دیارە بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبێك هەر بەوەندە نابێ " ئەوەی هەیبێ و نەیبێ وشە بێ، وشەی کوردی". بوونی مام هێمن بە ئەندام لە " ح.د.ك.-ئێران"دا مەعنای ئەوەیە کە ئەو پرۆگرام و پێڕەو و رابەریی ئەم حیزبەی قـەبووڵ کردووە، ئـەوجا ، بە بـوونە ئـەندامی کۆمیتـەی نـاوەندی، شانی داوەتە بەر بەرپرسیاریی زۆر( پێویست ناکا لێرەدا مەرامنامەوئەساسنامەی" ح. د. ك.- ئێران " هەڵبدەمەوە) .

سەرنووسەر ناڵێ ئـەگەر مام هێمن سیاسی نەبوو بۆچی بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبێك ؟ دکتۆر قاسملو و مام هێمن کاری چییان بە یەکتر هەبوو؟ تاکوێ پێکەوە رۆیشتوون و لە کوێ لێك جیابوونەتەوە ؟ چ نەتیجەیەك لە مەوزووعی نێوانی ئەو دووانە وەردەگیرێ ؟ و...ئیدی . سەرنووسەر لە جەرگەی باسان وەدووردە-کەوێ و بە چەندقسەیەکی سەتحی هەوڵ دەدا خۆشەویستیی مام هێمن لەدڵاندا بەلای گۆڤارەکەی خۆیدا بێنێ .
فەرهاد ، لە باسی پارچە - پارچە بوون و براکـوژیـی کورددا دەڵێ : " لە کوردستانی عیراق، لە ماوەی ئەم دە

ساڵەی دواییدا، بەلای کەمەوە ١٥٠٠ - ٢٠٠٠ پێشمەرگەی کورد، ئیدی لە هەرلایەك بێت، بە دەستی پێشمەرگەی کورد، ئیدی لە هەر لایەك بێت، کوژراوە/ شەهیدکراوە . ( تەنیا باسی ئەم دە ساڵەی دوایی دەکەم، کارم بە ساڵانی پێش ١٩٧٠وە نیە، کە ئێستا ئەوە چۆتە خانەی میتۆلۆژیاو کلاسیکەوە)". ئەوجا لەدوای باسێکی براکوژیی‌کوردستانی ئێران و تورکیا دێتە سەر" قسەی وا ناخۆش و جەرگبڕ"ی" لە رۆژنامەو بەلاقۆکی هێزە سیاسی‌یەکاندا (..) ئەگەر لە دە بەشی ئەو قسانەی دەگوترێ و دەنووسرێ، یەك بەشی ( تاکە یەك بەشی ) راست بێ (..) دەبێ بێژین ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ" .

بەداخەوە، سەرنووسەر لێرەدا نوختەیەکی داناوە بە بێ ئەوەی لەپێشدا عیبارەتەکەی بە " لەم حیزبانە" تەواو بکات و بیکات بە" ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ لەم حیزبانە"، کە ئەم تەواونەکردنە جەوهەری هەڵوێستی سیاسیی دەردەخا. ئەم جۆرە عیبارەتانە بە چاکی پیشانی‌دەدەن کە نەگوتنی هەندێ شت لە هەندێ شوێندا گوتنی زۆرشت لە زۆر شوێندا هەڵدەگێڕێتەوە . ئەم عیبارەتە بەم جۆرە مەعنای ئەوەیە :" نابێ دەستیان لێ‌بشۆین". سەرنووسەر باسی سەرژماریی قوربانیانی شەڕی دەساڵی دوایی هەمان رابەرانی ساڵانی پێش١٩٧٠دەکا، ئیتر چۆن دەڵێ کە کاری بەوساڵانەی پێش ١٩٧٠ نیە ؟ بۆچی کاری پێ نەبێ ؟ چۆن کارەساتی کوردکوژیی پێش ساڵانی ١٩٧٠ " چۆتە خانەی میتۆلۆژیاو کلاسیکەوە" ؟ . نووسەری سەروتار، ئەگەر کاری بەم مەسەلەیە نیە، چۆن چارەی دەدۆزێتەوە ؟ " کاك مەسعوود بارزانی، مام جەلالی تاڵەبانی و دکتۆرعەبدولرەحمانی قاسملو( ناوە - کانیان/ نازناوەکانیان بەگوێرەی سیستەمی ئەلف و بێ بەوجۆرە رێكخراوە و هیچ هۆیەکی دیکە لە بەرچاو نەگیراوە) پێکەوە دابنیشن (..) و رێك بکەون". تەبیعی، ئەمە دووپات کردنەوەی ئەو دەست لێ نەشۆرینەیە . لەیادمە، وەختێ ئەم عوزرهێنانەوەی ناو دووکەوانەکەم خوێندەوە گوتم : " ... ناوێرێ بە ئیسراحەت ناویشیان بێنێ ". سەیر نیە ئەم قسانەی نووسەر دڵی خەڵکێکی زۆری کوردەواری شادبکەن، ئەوحەشاماتەی لەگەڵ هەر بەشە کارەساتێکی خوێناویی نێوان ئەم دیوەخانانەدا فرمێسك هەڵدەڕێژن و ئاهی گەرم و هەناسەی سارد بۆ خوێنی بەناهەق رژاویان و ئابڕووی فرۆشراویان هەڵدەکێشن و لەگەڵ یەکەم باسی پێکەوەدانیشتنی‌خاوەن-دیوەخانانداً" شاگەشکەو خەنی"*دەبن و زۆر لە خەمەکانیان لەسەر وەلادەچێ، تاکو دیسان خاوەن‌دیوەخانەکان دەکەونەوە کوشتاری ئەندامانی یەکتر، و شادیی ئەو حەشاماتە دەکەنەوە بە شین و، گەڵای داری هیوایان لێ

* لە شیعری هێمن .

دەکەنەوە بە خەزان . ئەرکی سەرشانی رووناکبیر ئەوەیە شیری تۆژینەوە لە رووی رووداوان هەڵکێشێ و بچێتە بنج و بناوانەوە، خەڵك هان بدا لێکۆڵنەوەو بپرسن و نەترسن، مێژووی حیزبەکان روون بکاتەوە، رەگوریشەی کێشە باس بکا، باسی ئەوە بکات بۆچی حیزبەکانی کوردستان یەك بوون و بۆچی لێکبوون و بۆچی دیسان باسی یەکگرتنەوە دەکەن ؟ رێککەوتن و تێکچوونیان لەسەر چ ئەساسێکە ؟ بە چ بەڵگەیەك دەیسەلمێنن کە ئیتر لەمەودوا شەڕی عەشیرەتی هەڵناگیرسێننەوەو خزمەت بە بێگانە ناکەنەوە؟ کێ کەی چیی کرد؟ دەبێ چ بکرێ ؟ . رووناکبیر لە زۆر شت بەرپرسیارە، دەبێ بیری گەل رووناك بکاتەوە، تا خاوەندیوەخانان نەتوانن گەل هەڵبخەڵەتێنن و هەرچی خراپەیە بەرامبەری بکەن و دوایی بە دووقسەی پێکەوەدانیشتن وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچن ( ئیتر کە پیاو ئەم سەروتارە دەخوێنێتەوە تێدەگا بۆچی سامی رەحمانی مەڕ بۆ میوانی سەردەبڕێ) . سەرنووسەر لەسەر مەبەست دەڕوا : " لە رێککەوتنێکی وادا؛ بێجگە لەو سێ برایە، دەبێ برایان : ع . ئاپۆ، کەمال بورکای، ن. سالار، سامیعەبدولرەحمان، رەسول مامەند، ئازاد مستەفا،عەبدوڵڵای موهتەدی، ناوەکانیان بەگوێرەی ئەلف و بێ رێکخراوە) بەشداری بکەن".

من کەمال بورکای لە پێشەکیەکی بۆ بەرگێکی دیوانی جگەرخوێن (رۆناك) ی نووسیوە دەناسم، و وا دەزانم نووسینیم لە هەندێ لاپەڕەی دەنگی دیوەخانەکەی" سامی رەحمانی"شدا دیوە، کە دیارە زەلام هەر بەوەندە ناناسرێ *. - بەداخەوە- " ن. سالار" و " عەبدوڵڵای موهتەدی" ناناسم، رەسووڵ مامەند و ئازادمستەفاش لەو بەینەدا تەبعە بوون، " مەسعوود بارزانی"یش نوێنەری عەشیرەتی لەمێژینەی کوردە و وا دیارە دەبێ سیاسەتی کورد تا زۆر ساڵی تر حیساب بۆ ئەو عەشیرەتانە بکا . بەتایبەتی بە باسی کۆبوونەوەی تالەبانی و رەحمانی و قاسملو و ئاپۆیە کە گورج کاریکاتۆرێکی " تەوفیق"م دێتەوە بەرچاو، هەزارجار یادی بەخێر . لەکاتێکدا کە رۆژنامەو رادیۆ باسی ئەوەیان دەکرد کە حکومەتی ئیسرائیل داوای کردبوو یەك وەفدی عارەب بە ناوی هەموو

---

*(( دەبوو بنووسم " بەتەواوی" هەربەوەندە ناناسرێ ؛ چونکە بورکای لە باسی جگەرخوێندا تا رادەیەك خۆی دەناسێنێ کە تێدا شتێکی زۆر سەیروسەمەرەی نووسیوە :

" میللەتێ مە شاعیرەك مینا جیگەرخوین دەرخست، ل بەر کو کوردستان حەوجەداری وی بوو" ! .

سامی رەحمانی دووکەسی هەرێمی باکووری بەتەواوی خستنە گیرفانی خۆیەوە : بورکای و شڤانپەروەر، دوور نیە بورکای ئێستاش لای وابێ کە رەحمانی مرۆڤێکی چەپ و سۆسیالیستی گەورە بووە! . ))

عارەبەکانەوە( بە فەلەستینیەکانیشەوە) بچیّ دەگەڵ ئیسرائیلدا گفتوگۆ بکا، تەوفیق - دیسان هەزارجار یادی بەخێر- وێنەی کاریکاتۆریی زۆر نایابی چەند پیاوکوژێکی کێشابوو: " عبدالرحمن بن ملجم" ( قاتڵی عەلی ) و " یزیدبن معاویە"(قاتڵی حوسێن) و ئیتری لەوبابەتە و لە ژێری نووسیبوو" نمایندگان اعراب"، بەڵام" تەوفیق"- ێکی کورد نەبوو کاریکاتۆرێکی وا لەم کۆبوونەوەی" نمایندگان"ی سەروتاری شاکەلی دروست بکا. خوێنی بە ناهەق رژاوی یەك ئینسان زۆرە و دەبێ زۆری لێ بپرسرێتەوەو سزای کوژەر دیاربکرێ . پیاوکوژانێك لەنیشتما-نێکدا کە شاکەلی هەر لە یەك بەشیدا باسی ١٥٠٠-٢٠٠٠ قەتڵیان دەکا کە لە پێشمەرگەی ناوسەنگەریان کرد، بۆچی وایان کرد؟ دەبێ رووناکبیر داوا بکا ئەوە روون بکرێتەوە،نەك -وەك شاکەلی- بە" نمایندگان"ی کوردیان دابنێ .

سەرنووسەر، لە باسەکەیدا دەربارەی سەردانێکی رەسمی بە ناوی"بەشی کوردیی خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان لە ستۆکهۆلم " لە " یەکێتی سۆڤیەت"، دەڵێ : " گرۆی بەشی کوردی لە ١٢کەس پێکهاتبوو : ٩ خوێندکار، منداڵی یەکێ لە خوێندکارەکان و، ٢ مامۆستا (..)چووینە لێنینگرادو(..) باکۆ چاومان بە هەندێ کورد کەوت، لەوێوە(..) بتلیس(..) کە کوردێکی زۆری لێ دەژی . لەوێ پێشوازیەکی گەرمی کوردانەیان کردین و چاومان بە سەدان کوردی دڵسۆزی نیشتمانپەروەر کەوت (..)چووینە یەریڤان (..)مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ دۆستایەتی و دڵگەرمی و کوردایەتیی ئەو کوردە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزە کوردپەروەرانەی ئەوێ لەبیربکا . لە یەریڤان سەری رادیۆی بەشی کوردی و بارەگای رۆژنامەی "ریاتازە"مان دا... هەروەها چاومان بە سەدان کوردی ئەوێ کەوت و سەری ماڵانمان دا . ئەگەرچی دەزگاکانی دەستەڵاتدار نەیاندەهێشت ئێمە لە یەریڤان بچینە دەرەوە، بەو بیانووەی‌کە تەنیا ڤیزای یەریڤانمان هەیە، بەڵام ئێمە،کوردناسایی، سەربەخۆ لێمان‌دا و چووینە گوندو ئاواییەکانی‌کوردستانی‌سۆڤیەت خوێندگەکانمان بەسەرکردنەوەو چووینە ماڵان و نان و شیوی‌کوردا-نەمان خوارد " .

بەوە کە"مامۆستای‌کورد" کاری بە باسی‌خوێندنگەو پەروەردەی منداڵی‌کوردەوە نەماوە، تەبیعی لە هیچ ژمارەیە-کیدا باسی ئەوخوێندنگەیانەو پەروەردەی منداڵانی‌کوردی ئەوێ وکتێبی مەدرەسەیان و هەر شتێکی لەو بابەتە ناکا، باسی ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی کوردی ئەوێ هەر بەوەندە کۆتایی پێ‌دێنێ .

" ئەمجارەش ئازادیی بیروباوەڕ"( ژمارە ٦- بەهاری ١٩٨٨) مەسەلەی"هۆشیارکردنەوەی‌گەل و پێگەیاندنی" و"جیهانبینیی رووناکبیران" و شتی لەوبابەتەی بە هەمان شێوەی - وەك لە سلێمانی دەڵێن-" نە شیش بسووتێ

و نە کەباب" دەشێلێتەوە . بەڵام لە ژمارە ٧( بەهاری١٩٨٩) دا، کە ئیتر جەلال تاڵەبانی لەکوردستاندا لە هەر کاتێکی پازدە ساڵی رابردووی ریسواتر بووە، سەرنووسەر هەنگاوێك دێتە پێشەوە . لە باسی بارزانیدا دەڵێ : " ئەو تاقمەی لە پارتی دیموکراتیکوردستان جیابوونەوە و ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٦ لە خزمەتی شای ئێراندا بوون و ساڵانی ١٩٦٦-١٩٧٠ لای رژێمیعیراقی جاش بوون و دژی گەلیکورد چەکیان هەڵگرتبوو، ساڵی ١٩٧٠ بارزانی لە لوتکەی دەستەڵات و سەرکەوتندا لێیانخۆش ببوو". دیارە ئەم دەموراوێژە لە " کار نەبوون بە میتۆلۆژیاوکلاسیك"و پێویستییهاوکاریی" نماینەگان"ی کوردو شتی لەوبابەتە جیاوازە. هەرچەندە " مامۆستای کورد" ( دوای دەرچوونی ژمارە ٧یشی ) بڕیاری نەداوە نامەی کەس و کاری قوربانیانی هەڵەبجە بڵاوبکاتەوە . من کە ئەمەم بەبیردا دێتەوە،ئیحساساتێکی رەوا دەمگرێ و قەڵەمەکەم دادەنێم و ماوەیەك ماتی دەمگرێ... ئەوجا لەبەرخۆمەوە دەڵێم :

ئەی کچۆڵەی هەژاری کوردی بە چەکی کیمیایی خنکێندراو ی دوای ئەوە پەنجە بڕراو... ئەمە ئوستراڵیایی یا ئەفریقاییەکی دوور نیە کە دوودڵە لە وەدەنگهاتن لەسەرت، ئەوە شیرکەتی وڵاتانی سەنعەتگەریش نیە کە لە رێی تاڵەبانی و رەحمانییەوە بەنگت بۆ بنێرن و بە عەسکەری نازیی عارەب تەواوتکەن ... نا، ئەوە گۆڤاری بەشی کوردیی خوێندنگەی مامۆستایانی کچۆڵەو لاوانی هاوتەمەنی تۆیە لە سوێد... کە نازانێ نامەی خوێنی تۆ... هاواری پەنجەی بڕراوی دوای رەش و شین هەڵگەڕاوی تۆ... بڵاوبکاتەوە ... یا نەکاتەوە ؟! .

سەرنووسەر لە ژمارە ٧دا* باسی " ١٩٨٨... هەڵەبجەو بادینان" دەکا. بە نووسینێکی تری لە هەمان ژمارەدا (دەڵێن: تەیرێك هەیە ساڵێ جارێ دێتە گۆ) زۆر بە چاکی"هەڵوێستی هەرە ناشیرین و نەنگو بێرەوشتانە"ی "یەکێتیسۆڤیەت، ئەوروپای رۆژهەڵاتی بندەستیان و وڵاتانی عارەب"ی لە ئاست بەکارهێنانیچەکی کیمیایی عارەبیبەعسی لەکوردستاندا، خستۆتە بەرچاو. خۆزگە نووسینەکە ناوی ئەوئەندازیارە رووسانەشی تێدا دەبوو کە لەو رووەوە یارمەتیی عیراقیان داوەو لە بەلاڤۆکەکاندا بڵاوکراونەوە، تا - وەك سەرچاوەیەك- تەواوتر بوایە ، شیکردنەوەی حەقیقەتی هەڵوێستی بەرژەوەندە سەنعەتیەکانی رۆژئاواییش ئەوەندەی ریسواکردنی هەڵوێستی سۆڤیەت پێویستە، سەرچاوە لە رۆژئاوا بۆ ئەمە دەستدەکەون و ئەمە زۆرگرنگە، خۆزگە ئەم مەسەلەیە،جگە لە

* بەهاری ١٩٨٩ .

لایەنی ئەخلاقی ( کە هیچ کارێکی بە سیاسەتی دەوڵەتان نـەداوە )، لە رووی شیکردنەوەی زانستییش باش روون دەکرایەوە. ژمارە٧ی" مامۆستای کورد" دوو وێنەی منداڵانی شەهیدی هەڵەبجەی بڵاوکردۆتەوە، خۆزیا هەتاماوە،لە هەموو ژمارەیەکیدا ،و گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکانیتریش هەمان کاریان دەکرد. خۆزیا پیاو دەوری هونەری لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بۆ هەڵەبجە و بادینان پتر دەدیت.

سەرنووسەر نووسینێکی پڕ لە ئەوینی " لە کۆچی بێ وادەی کاک ئازاد مستەفادا" نووسیوە.

## ٢- گفتوگۆی رۆژنامەگەریی سەرنووسەر :

سەرنووسەر، جگە لە نووسینی سەروتارو شیعر و کورتەچیرۆك،

گفتوگۆی لەگەڵ چەند رابەرێکی سیاسەتیشدا کردووە، و لەورێیەوە هەندێ دۆستایەتیی گرنگی سازکردووە.

ـــ بۆ نەگبەتی، یەکەم گفتوگۆی بڵاوی کردۆتەوە لەگەڵ" عەزیز محەمەد"ی رابەری حیزبی شیوعیی عیراقدایە. گفتوگۆکردن لەگەڵ رابەری سیاسیدا کارێکی سادەی هەرکەسێك نیە، دەبێ بە کەسانێکی شایستەی ئەو کارە بەئەنجام بدرێ، هەندێ تێگەیشتنی تایبەتی و تەنانەت نـەخشـەو خۆ ئامادەکردنیشی پێ‌دەوێ. عەزیز محەمەد دەوری ٢٥لاپەڕەی" مامۆستای کورد"ی بە پرۆپاگەندەی خۆی پڕکردۆتەوە. داخەکەم، سەرنووسەر نەیتوانیوە لە نیو نوختەشدا لەسەر کورد بکاتەوە، تەنانەت خۆشبەختیی خۆیشی بۆ ئەوە بە عەزیزمحەمەد راگەیاندووە کە " کۆمەڵێ لە کادرەکانی حیزبی شیوعیی‌عیراق، کۆمەڵێ لە خەباتکارانی کوردن". دیارە عەزیزمحەمەد درێغی نەکردووە، ئەو هەمووە خزمەتەی کە خۆی بە سەددام حوسێنی کردووە، لێرەدا کردوویە بە منەتێکی زۆرگەورە بەسەرمانەوە. ئەوعەزیزمحەمەدەی لەکاتێکدا لە بەرعەدەسەکانی تەلەفزیۆن دەستی دەخستە دەستی شـەرلاتە نازیەکانیعارەبەوە کە بەهەزاران کوردیفەیلی(کە زۆریان ئەندامانیجانفیدای حیزبیشیوعیعیراقی بوون)یان لە خانەوکاشانەیان دەردەکردن، کەرکووك و خانەقین وکفری و زۆر شوێنیتری کوردستانمانیان تەعریب دەکرد، ئەمهەمان عەزیزمحەمەدە ئێستا رەخنە لەکوردو بارزانی دەگرێ کە بۆچی ئەوانیش رەگەڵ ئەودا نەچوونە جەبهەی بەعسەوەو هەمان کاری ئەو بکەن. عەزیزمحەمەد کۆمەڵێك درۆی کردووە، کە حەقمن نەدەبوو هەروا بە هاسانی لە گفتوگۆی لەگەڵ کوردێکدا بەکەیفی خۆی بۆی بچێتەسەر. خۆزگە کوردپەروەرێکی هۆشیار ئەمگفتوگۆیەی دەکرد تا وەزعەکەی ١٨٠دەرەجە بەلای حەقیقەتدا هەڵبگێرایەتەوە. دۆستایەتیو بەرژەوەندیکوردبەڵێ حەقمن بەڵێ، بەڵام درۆ نا حەقمن نا. کارەساتی گەورە لێرەدا لەوەدایە، سەرنووسەر خۆی لە یەکەم لاپەڕەی باسی گفتو-

گۆیەکەدا دەڵێ " وەك بەڵێنم دابوو، ناردمەوە بۆ کاك عەزیز، تا چاوێکی لێبکات و ناوەرۆکەکەی بەوشێوەیە کەخۆی دەیەوێ و پێیباشە دابڕێژێتەوە"!. ئاخر شاکەلیگیان،" غەریقی نیعمەتیخودا بی"*...کەسی مامی، ئەمە کەی بوو بە گفتوگۆ ؟ ئاخر بۆچی بەوشەرتەی دوایی بۆی بنێریتەوەو ناوەرۆکەکەی بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێ و پێیباشە دابڕێژێتەوە ؟. ،

ـــ گفتوگۆی دووەم،گفتوگۆیەکی کورتە لەگەڵ" ئیدریس بارزانی"دا . تەبیعی، ئیدریس زۆرتر هەر ئەو شتانە دەڵێتەوە کە لە وەختێکی وادا لێیچاوەڕوان دەکرێ بیانڵێ(حوکمیزاتی راستەقینەوجیانەبوونەوەی بزووتنەوەی کورد لەخەباتیگشتییگەلیعیراقو...لەم کلێشانەی زبڵخانەی فەرهەنگیسیاسییکوردی دوای شەڕی دووەمی جیهانی) . ئەوەی لێرەدا زۆرم لا سەیرە، دەست پێکردنەکەی ئیدریسە کە دەڵێ : " بەش بەش بوونی بزووتنە-وەی رزگاریخوازی کورد، لە ریشەدا، مەوزووعییە (بابەتی/ عەینی)". پیاو کە ئەمە ئەخوێنێتەوە ئەڵێ ئەبێ ئیدریس چۆن لە زاتیەت و مەوزووعیەت گەیشتبێ ؟؛ کەچی لە یەك شوێنیشدا زۆر زیرەکانە بەردێك بە جەلال تاڵەبانیدا دەدا : " جاری وا هەیە دوژمنان دەکەونە قەلاچۆکردنی کورد و کاولکردنی کوردستان، و گەلی کورد هەرچەند هاوار ئەکا بۆ ئەوەی تەنیا تاوانەکە ریسوابکرێت بەلام فریادەکەی ناگات(..)کەچی ئەمڕۆ زۆر لەوەی زیاتر کە گەلیکورد بە خۆی دەیخوازێت، بۆی داوا دەکرێت". ئەوجا دوای ئەوەی بەرگریی لە دروشمی ئۆتۆنۆمی دەکا ،دەڵێ :" خەڵکی تر هەن کە شتی گەورەتری بۆ دەخوازن، ئەوانیش دووبەشن، هەنە لەرووی دڵسۆزی و چالاکی و دڵپاکیەوە ئەوەیان دەوێ و هەنە کە بۆ مەبەستی تر . دەبێ لەم بارەیەوە وریابین" . کە دیارە مەبەستی لەو"هەنە" ی دووەم جەلال تالەبانییە و بەوانەیەوە گرێ دەدا کە " ئەمڕۆ زۆر لەوەی زیاتر کە گەلیکورد بەخۆی دەیخوازێت، بۆی داوا دەکەن". بەبیری من، ئەو دوو وێنەیە پێکەوە شەخسیەتی ئیدریس چاك دەناسێنن . سەهویەکی گرنگیش لە وشەیەکدا هەیە کە مەعناکە دەگۆڕێ ( دەبێ خەتای دارشتنەوە بێ ) : لەجیاتی وشەی "هیچی"، نووسراوە " هەمووی" (ژ ٤-٥ی تەمووزی١٩٨٧ ،ل٧٢،دێری٢٢) .

ـــ گفتوگۆیەکی تری سەرنووسەر لەگەڵ "لازەریێف"دایە ، سەرنووسەر دیسان باسێك (ی کوردستانی سۆڤیەت) دەکاتەوە بەبێ ئەوەی ئاگاداری مەوزووعەکە بێت .

ـــ گفتوگۆیەك لەگەڵ خانم " سمیرنۆڤا " شدا بڵاوکراوەتەوە و وێنەیەکی لەگەڵ دکتۆر " کەریمی ئەیووبی " ی

---

* لە هەژاری موکریانی ( لە گێڕانەوەی چیرۆکێکدا ) .

هاوسەریدا ڕەگەڵدا .

٣- دوو کاری زۆر ناشیرین :

- یەکەم، بەکارهێنانی شیعری شێخ ڕەزا بە مەبەستی جنێوی شەخسی(زۆرتر بە کەریمی‌حیسامی)، کە هیوادارم حەقەن ئەمە نـەمێنێ و قەت کورد شتی وەها بەرامبەربەیەکتر نـەکەن و ئەمە بە هیچ جۆرێك لە ڕۆژنامەگەریدا نەبێ .

- دووەم کاری زۆر ناشیرینی" مامۆستای کورد"، بەشداری‌کردنیەتی لە ئیرهابی دژی ئازادیی شانۆی ئازادیـ-خوازی کورددا . یەك ڕووپەڕی تەواو لە ژمارە ٦یدا بۆ بڵاوکردنەوەی بەیانێکی پیاوەکانی جەلال تاڵەبانی تەرخان کردووە کە بەتایبەتی لەدژی هونەرمەندێکی کورد( فازڵ جاف ) نووسراوە . تەبیعی، ئەم بەیانەش وەك هـەمـوو بەیانەکانی تری ئەو تـاقمە، پڕە لە درۆ و دەلەسە و پڕۆپاگەندەی ئیرهابی لە دژی ئازادیی کورد . ئـەو کوردکوژە خوێن‌خۆرانەی کە لە کوردستان، ڕێك وەك چەقۆکێشەکانی نازیی‌عارەب، دژی ئازادیی کورد ڕەفتار دەکەن، دەیانەوێ لە ئەورووپاش بەهەمان شێوەی درۆ و دەلەسەی نازیەتی عارەب پێش بە ئازادیی‌کورد بگرن .
ئەم کارەی " مامۆستای کورد" دیاردەیەکی یـەکجار زۆر خەتەرە . من داوا لە شاکەلی دەکەم بۆ ئەوە داوای بەخشین لە - بەتایبەتی - هونەرمەندانی کورد بکا و بەڵێن بدا کە شتی وا لە داهاتوودا بڵاوناکاتەوە *.

٤- ئەو نووسینانەی خەباتی کوردی سۆڤیەت پیشان دەدەن :

" مامۆستای کورد" کارێکی زۆر چاکی کردووە کە خەباتی‌کوردەکانی سۆڤیەتی خستۆتە بەرچاو. نامەی ٢٤/١١/١٩٨٨ی سەیدایێ جاسمێ جەلیل بۆ گەربەچۆڤ ( وەرگێڕانی : کامەرانی قادر شۆڕش ) لە شوێنێکیدا دەڵێ :

" ئەوێ ڕۆژێ ڕۆژنامەی(ئیزڤیستیا) لە سووچێکی لاچەپدا نووسیبووی کە لە شەڕی نێوان‌عیراق و ئێراندا چەکی کیمیایی بەکارهێنراوەو هیچی تریش نا ! کێ ئەم چەکەی بەکارهێناوە ؟ لەکوێ ؟ لەدژی کێ ؟ بۆچی ؟

---

* چەند حەفتەیەك دوای نووسینی ئەم باسە بیستم کە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانە لە " مامۆستای کورد"دا لەسەر داوای فازڵ جاف خۆی بووە ( بۆ ڕیسواکردنی تاڵەبانی)، بـەڵام ئەگەر واش بووبێ، هـەردەبوو ڕوون کردنەوە / تەعلیقێکی گۆڤاری وێڕا بوایە .

خۆ تاکە وشەیەك لەسەر ئەو بۆردومانکردنە بەربەرییە نـەنووسرابوو . ئەز کوردێکی کۆمونیستی خاوەن ٥٨سالْ خەباتم، چاوم بەرایی نادا سەیری ناوچاوی گەلەکەم بکەم...".

بە قوربانی شـەهـامـەتت بم سەیدایێ جاسمێ جەلیل، خۆزیا کەسانی وەك عەزیزمحەممد دڵۆپەیەك لەم دەریای شـەرەف و شەهامەتی تۆیان دەبوو... دریغا. سەیدایێ جاسمێ جەلیل چەندین پرسیار لە رژیمی سۆڤیەتی دەکاو دەڵێ:" دیارە ئەوە شەرمە بۆ رەفتاری دۆستێك . هیوادارم ئەو سیاسەتی گلاسنۆستە(..)مەسەلەی کوردیش لە رۆژهەلاتیناوەراستدا بگرێتەوە" و لەکۆتاییدا هیواداریی خۆی دەردەبڕێ کە گەربەچۆڤ وەلامی پرسیارە - کانی بداتەوە .

نامەی کوردەکانی ئەرمەنستان بۆ سەرکردایەتیی پارتی کۆمونیستی سۆڤیەت و دەوڵەتی سۆڤیەتی ( بەداخەوە تاریخی بەسەرەوە نیە، وەرگێرانی هاوار) دەڵێ :

" (..) سالی ١٩٢٣ لە ئازەربایجان " بەڕێوەبەرایەتیی کوردستان" دامەزرا و ناوەندەکەی " لاچین " بوو . ناوچەکانی کەڵباجار و کوباتڵ و کورداجی و مورادخالی و کەرەکشلاك کە دانیشتوانیان کوردی سەر بەو بەڕێوەبەرایەتی‌یە بوون(..) لێنین لە نامەکەیدا بۆ نەریمانۆف باسی(..) یارمەتی بۆ برسی‌یەکانی خوارووی ڤۆلگا و" کوردستان"ی کردووە ( لێنین، بروانە سەرجەمی بەرهەمەکانی، بەرگی چوار،لاپەرە ١٠٠ ) . بە بۆنەی پەیوەندیی دۆستانەی رابەرو پێشەواوە (..) رۆژنامەی " کـوردستانی سـۆڤیەت" دەرچوو . سالی ١٩٢٩ " بـەڕێوەبـەرایەتیی کـوردسـتان" لەناوبرا، پاشتر ژمارەیەکی زۆری کورد بەزۆر گوێزرانەوە (..) رۆشنبیرانی پێشکەوتوو(..)گوللەباران‌کران . دوای مردنی‌ستالین سالی ١٩٥٧ بارەکە تۆزێك ئارام بۆوە (..) "

نامەکە باسی چەوساندنەوەی کورد لەلایەن کاربەدەستانی ئازەربایجانەوە دەکا : " دەبێ حاشا لەوە بکەیت کە کوردیت و خۆت بە ئازەر ناونووس بکەیت ".

نامەکە باسی ئەوە دەکات کە کاربەدەستانی ئەرمەنستان لەگەڵ کورددا باشن، و داوادەکا کە " کەڵباجار و لاچین و کۆباتلی و زەنگەلان بخرێنە سەر ئەرمینیا و ئەو خەڵکە لەو سیاسەتی گیناسیدە (قەلاچۆکردنە) رزگاربکەن، کە دەسەلاتدارانی ئازەربایجان لە سالی ١٩٢٩وە دەستیان داوەتێ و هەتا ئێستاش بەردەوامە(..) ".

نووسینی پتر بە شێوازی کوردیی ئەوێ، باسی ئەدەب و زمان و هونەرمەندان دەکەن :

- باسێکی " ئەرەبێ شەمۆ و شڤانێ کورد" لەلایەن " ئەسکەرێ بۆییك"ـەوە ؛
- " پریسکێ مهۆیی" باسێکی " خەلیلێ چاچان مورادۆڤ"ی کردووە ؛
- دوو نووسینی " تیمورێ خەلیل مورادۆڤ"، یەکیان دەربارەی هونەرمەندانی حیرفەیی کوردی سۆڤیەتە و ئەوی تریان لەژێر سەردێڕی " دایێ، ئەڤا ئینتاما منە کوتاسییێیە" (دایە، ئەمە دوا ئیمتیحانمە)یە ؛
- " و. زەیدان " باسێکی " ئەحمەدێ مرازی" و کتێبی بیرەوەریەکانی دەکا .
- پێشەکیی دیوانی " عەلیێ عەڤدل رەحمان" لەلایەن " میکایێلێ رەشید"ەوە .

ئەم نووسینانە، جگە لە خزمەت بە یەکێتی و لێك ئـاگـادار بوونمان، لە رووی زمانیشەوە کەرەستەی باشن بۆ کۆڵینەوە لە شێوازی ئەوێ و باسی - جارێ - یەکێتیی نووسینی شێوازی کرمانجیی باکوور . نووسینێك و دوو رووبەری شیعری دکتۆر تۆسنێ رەشیت بە کوردیەکی پـەتیتر لەوەی ئەوانی تر نووسـراون، بە هیچ جۆرێك لە باشترین بەرهەمی نووسەرانی کوردستانی داگیرکراوی تورکیا جیاناکرێنەوە ( من هـەر لە نـاوەکەیەوە لە ناو- هێنانی سەرچاوەیەکی رووسییەوە دەڵێم رەنگە کوردی سۆڤیەت بێ، بەڵام دڵنیا نیم ) . دکتۆر تۆسنێ رەشیت باسی پێویستیی پەروەردەو فێرکردن بە زمانی زگماك دەکا و بە شیعرەکەی لەگەڵ " خانی " ی نـەمر دەدوێ و باسی زمانی زگماکی تێدادەکا، روو دەکاتە " خانی" و دەڵێ :

" (..)

سەیدا ! ئەم بەر تە هێ شەرمەزارن
کوردستان بندەست، ئەم تەنگەزارن
(..)
رۆم، عەرەب، عەجەم، جینە تەمامی
دیسا کـورد وارنا دکن خـولامی
ل دەست دوژمنێ جینار و یێ دوور
کورد دیسا بوونە وەك دراڤێ هوور
ب‌ـ فـەن و دەستێ خـوە یە گـەماری
دیسا ب‌ـکـوردا دکـن تـوجـاری "

**٥- نووسینی تر :**

**ـ موهتەدی، شەریفی و باسی سواره ( و سەیدمەلاهوردەبۆرژوای دێی زەمبیل سەیدکامیل!) :**

نووسینێکی نایابی " سەلاحوددینی موهتەدی" لەژێر سەردێڕی " دە ساڵ دوای کاك سوار" ، بە راستی هۆی داوەتەوە ( هەرچەندە من لە داڕشتنی هەندێ عیبارەتی سیاسیدا هاوبیری نیم ) .

" ئەحمەدی شەریفی" یش لە کرماشانەوە " سوارە لەبەر تیشکی نووسراوەکانیدا "ی، کە باسی "سوارە" شی تێدا دەکا بەڵام زۆرتر سەرقاڵی باسی فکرییە . نووسەر - بە نموونە- دەڵێ : " ژ.ك. لە چینی هوردەبۆرژوای میللیی کورد" پێکهات (..) " بەشێکی سەرەکی پێکێنەران و لایەنگرانی (..) وەك (..) مەلا (..) هەژار، هێمن، (..) سەییدکامیل،حاجی (..) و...دی هەموویان یان راستەوخۆ مەلابوون یان لە قوتابخانەی مەلایەتیدا گوورا-بوون" . جا ئەو سەیدو مەلاو حاجیە دێهاتیە هوردەبۆرژوایانەش پێیان خۆش بوو کە " پێڕەوی لە باوەڕی کمونیزم" بکەن .

راستیەکەی، سەیدکامیل خۆی فەرموویە

" لە رابردووی ژیانم گەر دەپرسن ئەگەر بیڵێم دەترسم لێم بترسن " !

بەڵام مەبەستی لەوەدا ئەو سیفەتانە نەبووە کە ئەحمەدی شەریفی باسیکردوون (هوردەبۆرژوای لەمەلایەتیدا گووراوی دێهاتی و سەیدو حەزکەر لە کمونیزم و...) . با ئینسان وەختێ بەراوردی نێوان دوو شتی جیاواز بکا کە باش لە هەرتکیان گەیشتبێ و توانای بەراوردکردنیشی هەبێ،کە ئەمەیان دەکرێ - تەنانەت دوای تێگەیشتنی باشی ئەو دوو شتەش هەر- زۆر زەحمەت بێ . با لەپێشدا بەشی ئەوەندە لە مەسەلەی ناوی"هوردەبۆرژوا"ی ئەوروپاییان بکۆڵێتەوە تا بەتەواوی دڵی ناوی لێ‌دەخواتەوەو بە روونی تێ‌دەگا کێ هوردەبۆرژوایەو کێ وا نیە؛ ئەوانەی بە ژ.ك. دەڵێن هوردەبۆرژوا، خۆیان چین؟، بۆچی وادەڵێن ؟ ئەوروپایی ئەم زاراوەیە لای خۆیان بۆچی بەکاردێنن ؟ ؛ ئەوجا هەوڵ بدا چینبەندی و وەزعی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی وڵاتی خۆی بباتەوە سەریەك ؛ ئەگەر دوای ئەو دوو کارە - وەك بیرکارێکی نایاب - توانی بەراوردیش بکا، ئەوسا بەسەرچاوان . با ئەوە بە هەڵەیدا نەبا کە ژ.ك. لە چەند شوێنێ، بەگوێرەی مۆدێلی ئەم سەردەمە تاریکە، بە هوردەبۆرژوا ناوبراوە، ئیتر - کە ئەوەی دیت -ئەویش بکەوێتە ئەوەی سەیدەکانی دێی زەمبیل یا بێکەس یا هەژار- هێمن یا یەکی تری وەك ئەوانە بکا بە هوردە بۆرژوا . کە پیاو بەرێکەوت ئەو بیرکارە نەبوو ئەو هەمووە شتانەی بۆ شی ببنەوە و ئەو بەراوردەشی بۆ بکرێت، با هەر ئەوەندە بڵێ کە دەیزانێ . راستیەکەی، من لام وایە پیاو ئەو هەمووە کارەشی

بۆ باسی سەیدکامیل پێویست نیە . سەیدکامیل، بە بێ ئەوەی لە قاڵبی زاراوەکانی فەرهەنگی ئەوروپاییشدا بگونجێندرێ، وجوودی هەیە . باس کردنی سەیدکامیل بەکوردی هەر زۆر جوانە، بەغوونە : " سەیدکامیل لە دێ لەدایك بووە، لە بنەماڵەی سەیدانە، لای مەلای دێهات خوێندوویە، گەوهەری هۆنراوەی شانازیی ئەدەبی کوردی هۆنیوەتەوە، لەسەر خەباتی لە پێناوی ئازادی و لەدژی زوڵم چۆتە بەندیخانەوە، دوای زیندانیش خۆی و ژن ومنداڵی لە برسان هەر لەسەر لێواری مەرگ بوون، هەرکۆڵی نەداوە، دیسان چۆتەوە دێ و ملی لە کشتو- کاڵ ناوەتەوە، وەزعی دارایی پیریی خۆی بەم عیبارەتە خولاسە دەکاتەوە:" ئەگەر لەوەی کە هەشم برسیترم دەبێ بڵێم ئێوە خۆش بن" . ئیتر هەق نیە دیمەنێکی وا پیرۆزو جوان بشێوێنن .

- دکتۆر بابەك و قازی ئەحمەد:

دکتۆر بابەك رەخنە لە قازی ئەحمەد دەگرێ ، قازی ئەحمەد سەهوی دکتۆربابەك روون دەکاتەوە ( وا دیارە دکتۆر بابەك شارەزای شێوازی باکوور نیەو نازانێ " کتك" واتا " پشیلە" ) .

- سەیید تاهیری هاشمی و باسی مەولەوی :

سەییدتاهیریهاشمی باسی" مەولەوی"یکردووە،خۆزگە شیعرەکانیشی بە موکریانی مەعنالێدەدانەوە تا فایدە پتر بوایە .

- رەزازی، باسی گۆرانی و " سەردەمی نوێ" :

ناسری رەزازی " سەرنجێ لە گۆرانی و موسیقای کوردی" ( لە ئەسڵدا بۆ سیمینارێك نووسیوە، بەگوێرەی دابی ئەمرۆ، چەندشتی - بڵێین -" بیرەباوەڕی" شی تێدان، ئەگەر نەبوونایە نووسینەکە زۆر خولاسەتر دەبۆوەو زیانیشی نەدەدی . رەزازی بە نووسینێکی تر دەستکاریی ێکی لەلایەن " سەردەمی نوێ" ی " حیسامی" یەوە ئاشکرا کردووە .

- کەمال و کوردۆ، باسی حیسامی :

کەمال باسی کتێبێکی کوردۆعەلی دەکا، چاك دەست پێدەکا ( کە من لە هەندێ شتدا هاوبیری نیم )، بەڵام

ئەوەندە لە حیسامی تووڕەیە، ئاخری لە تووڕەییان نووسینەکەی خۆی تێکدەدا . کەمال، ئەخلاقی حیسامی بە شێوەیەك باس دەکاو ئەوە دەکا بە بناغەی هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی سیاسی وفکری و گرنگیی نووسینەکانی حیسامی . کوردۆعەلیش لە ژمارەی دوای ئەوەدا ئیشارەتێك بەم نووسینەی کەمال و بە ژمارە۲۹ی رۆژنامەی "سەردەمی نوێ"ی حیسامی دەکا(کە من ئەوەم نەدیوە). دەمەوێ لە هەلێکی داهاتوودا ،بە نووسینێکی تایبەتی، باسی تێکڕای ئەو مەوزووعە بکەم. بەڵام نامەوێ لێرەدا ئیشارەت بە سەرسوڕمانم نەکەم لەوهەڵەیەی کەکوردۆ دەڵێ لە "حیسامی"ی دۆزیوەتەوە . بەڕاستی زۆر سەیرە حیسامی هەڵەی ئاوا لە وەرگێڕانی فەقەرەیەکی یەکەم بەیانی شیوعیدا کردبێ،کە هەمووی چەندلاپەڕەیەکە و جێگەی ئەوەندە تایبەتی لە ساڵەهای ژیانی حیسامیدا هەبووەو حەقەن ئێستاش هەیەتی .

- محەممەدکەمال و ئەمجەدحەمەسەعید، باسی فەلسەفە :

محەممەدکەمال نووسینێکی زانکۆیی پسپۆڕانەی، بۆ پسپۆڕانی زانکۆیی، نووسیوە :" دیالێکتیکی زات وبابەت - لێکۆڵینەوەیەکە لەبەر رۆشنایی فەلسەفەیهیگڵدا". خۆزیا محەممەدکەمال هەوڵی دەدا نووسینی پتر بە زمانی سادەتر بۆ کەسانی تریش بنووسێ و، خۆزیا کوردیزانێکی باشیش - دیارە کە حەز لە فەلسەفەش بکا- بۆ ئەو کارە هاوکاریی محەممەدکەمالی دەکرد. ئەمجەدحەمەسەعید " کورتە باسێك لە فەلسەفەی هیگڵ"ی بە زمانێکی روون و سادە نووسیوە ( داخەکەم هەڵەی چاپی خراپی تێدایە) . من لام وایە ئەگەر محەممەدکەمال و ئەمجەد حەمە سەعید لە رێی" مامۆستای کورد"ەوە ئادرەسی یەکتر بزانن و هاوکاری بکەن بتوانن خزمەتی پتر بکەن .

- فازل کەریم، باسی ئافرەتی کورد:

فازل کەریم ئەحمەد لە پێشەکیی باسی " یەکێتی ئافرەتانی کوردستان "دا دەڵێ :

" نووسەرو رۆشنبیرەکان بە چاکی ئاوڕیان لە ژن نەداوەتەوە و زۆربەی ئەوەی تا رۆژی ئەمڕۆ بڵاوکراوە - تەوە یا سادەو کاڵوکرچن یا تەنیا پشت بە هەندێ سەرچاوە دەبەستن کە لەلایەن نووسەرو گەڕیدە ئۆروپیە- کانەوە نووسراون(..)پێویستە ئەو برایانە لەگۆشەیکتێبخانەکان دوورکەونەوەو یەکسەر بۆ ناوکۆمەڵ بڕۆن و لە نزیکەوە گوێ بۆ خەڵك رادێرن (..)" .

حەقەن ئەمە زۆر باسی سەربەخۆی پێدەوێت، بەتایبەتی کە هیوادارم روناکبیری لە ناو ئێمەشدا ( کوردی کە

ئێستا لە ئەوروپا دەژین ) دەوربیبینێ و - زۆربەمان - هیچ نەبێ هەوڵ بدەین جارێ ئەوەندەی دێهاتیەکانی کورد- ستان ڕێز لە شەخسیەتی ئافرەت بگرین، دوای ئەوەش لەوانەیە بەجیدیگرتنی پتر ڕۆژی نزیك بێتەوە .

- باڤێ بارزان و دووباس :

" باڤێ بارزان " باسێکی شێخ مەحموودی کردووەو لە شوێنێکی تردا قسەیەکی سیاسیەکی سوێدی لەمەڕ بوونە دیموکراتیی تورکیا بەرپەرچ داوەتەوە .

## ٦- نامەی بەریدی گۆڤار :

سێ جۆرە نامە لێرەدا سەرنجی من ڕادەکێشن :

ئا- هەندێ کۆپیی نامەی ئیداریی کتێبخانەکان، کە لاپەڕەی تەواویان گرتوون : سوپاس، فلانە ژمارەی گۆڤارە- کەمان پێگەیشت؛یان : لەمەودواش بۆمان بنێرن(هەریەکێکیان باسیئابوونەی کردووە). مەکەنزی(ئەڵمانیا)ش بە چەند دێڕێك باسی یەکەم ژمارەی " مامۆستای کورد " و داوای ئابوونەکردنیکردووە . پڕکردنەوەی گۆڤار بەم شتانە ؟

ب- هەندێ نامەی دەکرێ بە چەند وشە یان دێڕیکەم خولاسەبکرێنەوە،وەك : دەستتانخۆش و تێبینی دەربارەی مانگەکان؛ڕەخنەیەك لە جنێودان لە گۆڤارەکەدا؛ پێشنیاری پارە ناردن بۆ شاکەلیو چەند برادەرێك لە سوێد بۆ پرۆژەیەك؛ " کوێستانی " لە هەڵەبجەوە (١٩٨٨/٢/٧) : " ببوورن نامەکە پڕە لە ڕەشبینی... ژیانی ئێمە لەوەش ڕەشترە، تروسکەش نیە و بەدیناکرێ تیشکێکی تێهاوێ"؛ بەرگریی لە سۆڤیەت؛ دژایەتیی ئیسلام نەکەین باشە . " سەمەدی"یش دەڵێ :" مامۆستای کورد یەکەم ڕۆژنامەی تاریخی کوردە کە بێ سانسۆرە"،کە دیارە بە سەهو چووە . گۆڤاری بێسانسۆر نە لە تاریخی کورددا هەبووەو نە لە تاریخی غەیری کورددا، نە هەیە و نە قەت دەکرێ ببێ، دەمێنێتەوە سەر شێوەی سانسۆرەکە و ئەوەی لەسەر چ ئەساسێکە .

ج - چەند نامەیەکی دەکرێ پتریان لێ بدوێم :

- نامەی ئەمیری حەسەنپور و دوو وەڵام : " نامەیەك "ی ئەمیری حەسەنپور تابڵێی لە ڕووی ئاستی ئەدەبییەوە جوان و ڕێکوپێکە . بە بیری من، ئەمیر" گۆران"ی لە" مام هێمن" کەمتر ناسیوە؛ تاریخی بارزانی و مەکتەبی سیاسیی هەر ئاگا لێنیە، بەداخەوە، هەر فڕی بەسەرەوە نیە . بەڕاستی لێی تێناگەم، ئەمیر لەسەر چ ئەساسێك

بەرگریی لە مەکتەبی سیاسی دەکا ؟ ئەگەر بە چەپی دەناسێ، بۆچی وای دەناسێ؟ بە نووسینەکانی ؟ خۆ ئەوە سامی رەحمانیی قیادەی موەقەتەش لە نووسینەکانیدا لافی پێشکەوتنخوازی ومارکسیەتیش لێدەداو، حەقەن بەوەندە لافە لای ئەمیر نە دەبێ بە پێشکەوتنخوازو نە بە مارکسی . هەیاران، ئەگەر حەسەنپور بزانێ کە بەو بەرگریکردنەی لە مەکتەبی سیاسی، بە بێ ئەوەی بە خۆی زانیبێ، لەسەر سەرهەنگ عیساپەژمان"ی ساواك و زیندانی کردنی خەباتکارانی کوردستانی ئێرانی کردۆتەوە، دەبێ چۆن بە سەر تەپڵی سەری خۆیدا بکێشێ و بڵێ براڕۆ چیم نووسی ؟! ، خۆزیا سالاری حەیدەری" نمایش"ی ئازادکردنی خەباتکارانی کوردی موکریانی لە حەپسی عیساپەژمان و تاڵەبانی( لە ماوەت) بۆ حەسەنپوریش دەکرد. من ئادرەسی حەسەنپورم نیە، ئەینا هەوڵم-دەدا ئەو مەسەلانەی بە نامەیەکی دوورودرێژ بۆ روون بکەمەوە . دەبێ حەسەنپور ئێستا " لەبیرەوەریەکانم "ی حیسامیی دیبێ ( و سەیری لاپەرە ١٣٠ی بەرگی دووەمیشی کردبێ ؟)، حەسەنپور ئەوەندە - ئەوەندە لە دنیا بێخەبەرە بێتامی کردووە . هەڵەی "هێرش بردنە " سەر "بیرو هەستی رزگاریخوازی گەلی کورد " لەلایەن " زوڕنا شڕەکەی ی هەژار" هوەیشی هەر لەو بێ خەبەریەوە هاتووە . ناوبردنی شەڕی دیوەخانانی ئەم ساڵانە بە "بەرهەمی ڕێبازی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتی " و نموونە هێنانەوە لە شیعری خانی، زۆر بەجێیە، خۆزگە لە مەعنای ئەم قسەیەی خۆی دەگەیشت ( کە - تەبیعی - دیوەخانی " مەکتەبی سیاسی و جەلال تاڵەبانی"ش دەگرێتەوە ) . خۆزگە حەسەنپور پتر لە باسی ئەم شەڕە عەشیرەتیەدا قووڵ دەبۆوە و تێدەگەیشت کە بارزانی کۆپیەکی نوێی میری رواندز یان بەدرخان پاشا(یان شێخ سەعیدە)، تاڵەبانی و رەحمانی وقاسملوش لەلایەنگرتنی داگیرکەرانی کوردستاندا کۆپیی نوێی دوژمنانی ئەو میرانەن . بەهەرحاڵ، نامەکە دەریدەخا کە حەسەنپور خوێندەوارە،دەیەوێ دوژمنی هەلپەرستی بێ، لە بواری دەربڕینی بیروڕادا شەهامەتی بەگژداچوونی دەوروبەری هەیە. خۆزگە" ئەمیریحەسەنپورلە هەر کوێ هەیە"*پتر ئاگای لە وەزعیئاڵۆزی ناوخۆی کورد دەبوو و دەیزانی چ باسە لەوناوە، بەڵام ئای کە جوانی نووسیوە : " ئەوەندەی کە بە دیتنی گوڵەشلێر و گەزیزە و بە شنەی بای کۆسارانی کوردستان دەبووژێمەوە، سەد ئەوەندە بە دیتن و بیرەوەریی خەباتی خەڵکی سنە بۆ ئازادی دەگەشێمەوە . وەرێکەوتنی چەندهەزارگەنج و پیرو ژن و پیاوی سنە بەرەو مەریوان،ریزبەستنیانلە شاخ و کێو و بەندەناندا، بە شەو و بە رۆژ، ئەوەندە جوان بوو کە دەبوو هەڵاڵەو بەیبوونی کوێستانانی بەپیرێوەبێ .

* لە سەردێڕی نووسینێکی مەسعوود محەمەد .

شاخ وکێوی کوردستان بە هەموو گیاو گوڵێوەو بە قەڵبەزەی ئاو و هەڵدێرەکانی، گشت لوتکە پڕ بەفرەکانی، قەت وا نەڕازابۆوە - بریا هەرچی شاعیری کوردستانێ بوو لەوێ بان و شیعریان پێ هەڵگوتبا " .

حسەنپور ،بە نامەیەکی تر، روونکردنەوەیەکی زۆرچاك و بەجێی دەربارەی" کورتە مێژووی مهاباد "و وەرگێڕەکەی نووسیوە . خۆشبەختانە، پێکوڵ موکریانی و سەیوان عەلیڕەزا ، کە ئاگادارترن،هەندێ هەڵەی حسەنپوریان راست کردۆتەوە . هەرچەندە لەلایەکی ترەوە، پێکوڵ لوتفی لە رادەبەدەری بەرامبەر بە رۆژنامەگەریی کورد لە ئەوروپا هەیە، رووی لوتفی لە رادەبەدەری" سەیوان "یش لە هێزەکانی کوردستان و شێوەی بۆچوونی فەرهاد شاکەلی یە .

- نامەی لایەنگران و رەخنەلێگرانی بەیانێکی حسك : رزگارعەبدوڵا وتارێکی" حسك "ی لە دژی "هەندێ لە لاوانی کوردستان" ی کە " هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە چۆن خۆیان بگەیەننە ئەوروپا " ی وەڵام داوەتەوە . ئەم وەڵامەی و دەقی وتارەکەی حسك لە ژمارە ٣ ی "مامۆستای کورد"دا بڵاوکراونەتەوە . ئارام دەرگەڵەیی لە ئەمەریکاوەو زورگەزراو لە وەڵامی رزگار تووڕە دەبن . ئارام باسی :"هەموو پارت و هێزە شۆڕشگێڕەکان، لە سەرووی هەموویانەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان" کە "خاوەنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی هەزاران هەزاران جەنگاوەری قارەمان" دەکا. راستیەکەی، ئەم قسانە پرۆپاگەندەی رژێمی کۆنەپەرستی " سادات "م وەبیردەهێننەوە، کە خوێنڕژانی هەزاران سەربازی میسری( لە شکاندنی خەتی بارلێڤ و رزگارکردنی بەشێکی سینادا ) دەکردە بەڵگەی قارەمانێتی و نیشتمانپەروەریی سادات . هەرچەندە سادات وەك رابەرانی ئێمەیشی نەکرد بچێ هەزاران هاونەتەوە بە دەستی یەکتر بەکوشت بدا و ،گەلی میسریش وەك گەلیکوردستان لەمەترسیی قەڵاچۆکردندا نەبوو، بەڵام نەیسا هەندێ لەو خوێنەی سەربازانی پێشکەش بە نومەیری و شاحسەن و تەنانەت بە شیرکەتە بەلجیکیەکانی " زائیر "یش کرد .

ئەگەر رۆژێك گۆڤارێکی رووناکبیریی‌کورد دەرچێ، دەبێ هەوڵ بدا بیری خاوەنی ئەم جۆرە نامانە رووناك بکاتەوە، هەوڵ بدا هۆشیاریان بکاتەوەو لە نەفامییان رزگاربکا. هیوادارم ئارام ئێستا بەلای کەم هەستی بەو سەهوەکردبێ کە لە دوابەشی نامەکەیدا دەڵێ : " سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە( نەك ئاشبەتاڵی!!) شتێکی مێژوو- ییە" ( دەقی " ئاشبەتاڵی!!"ی بەم جۆرە لە نامەکەیدا نووسیوە) .

- نامەی باپیر و حەزکردنی داگیرکەران لە یەکێتی رابەرانمان : باپیر سەروتاری ژمارە ٣ی " مامۆستای کورد" پەسەند دەکاو دەڵێ : " بێ گومان(..) و هەموو سەرکردەو رێبەری پارت و رێکخراوە کوردییەکان ئارەزووی

یەکێتی و برایەتی دەکەن(..) ئەو ئارەزووە پیرۆزەی هەموویان(..) ئەو پەیوەندییە ناچاریانەی لایەنەکوردی-یەکان تووشی هاتوون لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان توانای ئەوەی لەدەست سەندوون کە چۆن خۆیان ئارەزوو دەکەن(..) هەنگاو بنێن . لە بارودۆخێکی وەها هەر نێزیکبوونەوەیەك داگیرکەران پێی رازی نەبن ئەمڕۆ سەر ناگرێت ".

ئەوجا باپیر پاکانە بۆ جەلال تاڵەبانی و چوونی ١٩٨٣ی ( لە" پشت ئاشان"ەوە) بۆ لای سەددام حوسێن دەکا. پیاو کە شتی وا دەبینێ، خوێن لە جەرگی دێ، لەوەش تاڵتر ئەوەیە کە گۆڤارەکە وەڵامێکی بۆ بەدبەختێکی وا نیە .

- نامەی د. رەحیمی قازی و کورتەوەڵامێك : د. رەحیمی قازی لە نامەکەیدا دەڵێ :

" "مامۆستای کورد"(..) ئەبێ قورسایەتی‌یەکەی بخاتە سەر مەسەلەی زمان و ئەدەب .. تەنانەت ئەوەی کە لە لاپەڕەی یەکەمدا لەژێر نێوی گۆڤارەکە نووسراوە "دەنگی بەشی کوردیی‌خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان لە ستۆکهۆڵمە" بۆ خۆی هەر ئەو مانایەی هەیە . بەڵام ئەگەر بە وردی بڕوانینە ناوەرۆکی ئەم ژمارانەی ئەبینین کە زۆر یا بەتەواوی لەم ئەرکە دوورکەوتۆتەوە ئەوەی‌کە لەوناوەرۆکانەدا وەبەرچاو ناکەوێت لێکۆڵینەوەی زانستی‌یە دەربارەی مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی(..)گۆڤارەکەتان گۆڤارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە (..) نووسیوتە(..) تاکەریزپەڕ، تاکەگۆڤاری کە دژی هەموو جۆرە سانسوورێکە (..) گۆڤاری"مامۆستای کورد"ە (..) . د. رەحیم باسی" ئانارشیستی و هەرج و مەرج"ی" مامۆستای کورد" دەکا و دەڵێ : " کاکە فەرهاد ئەتۆ سەرنووسـەری گۆڤارەکەی و بەرپرسی لەسەر تەواوی ئەوانەی کە لەوێدا چاپ کراون" . د. رەحیم رەخنە دەگرێ لەوەی لەگۆڤارەکەدا رێ دراوە لەلایەن‌حەسەنپوورەوە قسە بە بارزانی بگوترێ،لە مستەوای‌ئەوچیرۆکانەی لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەوە،لە بڵاوکردنەوەی شیعری شێخ رەزا و عوبەیدی زاکانی . نووسەری نامە بەرگری لە سۆسیالیزم و شیوعیەت و هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە کورد دەکا و، وەڵامێکی- بەبیری من- زۆر مەنتیقیی ئەوە دەداتەوە کە شاکەلی گوتوویە" ئەگەرچی دەزگاکانی دەسەڵاتدار نەیاندەهێشت ئێمە لە یەریڤان بچینە دەرەوە.. بەڵام ئێمە کوردئاسایی سەربەخۆ لیماندا و چووینە گوندو ئاوایی‌یەکانی کوردستانی سۆڤیەت".

د. رەحیم دەڵێ :" براکەم، ئـەگەر رەزامەندی دەزگاکانی دەسـەڵاتدار نـەبوایە ئێوە تاقمێکی دوانزە کەسیی ئەجنەبی چۆن دەتانتوانی نێزیکەی سەدکیلۆمەتر لە یەریڤان دوورکەونەوەو بچنە نێو کوردەکان و بە کوردا-سایی چەند رۆژێك بە خۆشیی رایبوێرن ؟؟ ".

تەبیعی دکتۆر حەز ناکا بڵێ : " تۆ چۆن لەوە دڵنیایت کە هەر لەیەکەم دەقیقەی پێتان ناوەتە خاکی سۆڤیەتەوە، سەروپیاوێکی ئەمن/ ئیستیخباراتی سۆڤیەتتان بەدووەوە نەبووە ؟" . د. رەحیم بەگشتی بە لوتفەوە بەرامبەر شاکەلی دەدوێ : " بەڕاستی لە نووسەرو پسپۆڕو زانایەکی وەك جەنابت(..)"، هەرچەندە دەشڵێ :(..) شاعیر و نووسەری وامان هەیە کە زوو زوو جل و بیروباوەڕی خۆیان دەگۆڕن و بە قەولی مەشهوور بە مەزەندەی رۆژ نان ئەخۆن" ( و راستەوخۆ ناڵێ مەبەستی لەکێیە) .

حەمەعەلی" کورتە وەڵامێك بۆ نامەکەی دکتۆر رەحیمی قازی"ی نووسیوە، یا وەك خۆی دەڵێ " چەکوش‌کار-ییەکی لایەنە خواروخێچەکانی" کردووە، قسەکانی د. رەحیم دەربارەی هەڵوێستی رژیمی سۆڤیەت بەرامبەر بە کورد زۆر چاك وەدرۆدەخاتەوە و دەڵێ : " لەبەرئەوەی من خۆم لە سۆڤیەت خوێندوومە لە دکتۆر تێدەگەم " .

حەمەعەلی بەرگری لە گۆڤاری" مامۆستای کورد" دەکا و دەڵێ : " گۆڤاری"مامۆستای کورد" کاتێك سانسۆ-ری خستە سەر بۆچوونێك و لایەنگری لایەکی تری کرد واتە لە ڕێڕەوی دیموکراتیی خۆی لایداوە" .

ـ نامەی غەریب پشدەری لەدژی حیسامی : غەریب پشدەری قسە بە حیسامی دەڵێ، شیوعیەت و کوردایەتی و حیزبایەتیی لێ تێکئاڵۆزاوە؛ قەبوولی نیە کە قاسملو قەت شیوعی بووبێ .

ـ نامەی مووسا گەرمیانی : مووسا گەرمیانی نامەیەکی بە کوردیەکی یەکجار زۆر پەتی و جوان و رەوان نووسیوە، هەندێ پێشنیارو رەخنەی چاکی هەیە ؛ لە شوێنێکدا دەڵێ : " لەکاتێکدا کە کتێبی کوردیی چاپی سوێد وا جوان و رندو رەنگینە، بۆچی" مامۆستای کورد" بێ‌ئەنوایە، کە تەنانەت بۆ چیرۆکەکانیش لە رەسم و وێنە بێ‌بەشە ؟". مووساگەرمیانی بەراوردێکی گۆڤاری" مامۆستای‌کورد"و" سروە" بە سێ‌گۆڤاری فارسی دەکا، وادیارە " باسی گێرەوکێشەی هاوکات و رۆژانە" "مامۆستای کورد"ی لە " سروە" لا پەسەندتر دەکا. خۆزگە گەرمیانی دیوەکەی تریشی یەکالادەکردەوە کە " سروە" پتر لە گۆڤاری بەشی کوردیی خوێندنگەیەك دەکا.

## ٧- وەرگێران :

ئەمەندە وەرگێرانە هەیە : سێ چیرۆکی منداڵان (لە ژمارە ٢دا) ؛ هەندێ شیعر؛ کورتە مێژووی مهاباد؛ پەندی پێشینانی‌ئەمریکایی؛ نووسینی سوێدیەك دەربارەی" گۆران"ی شاعیر(وێڕای پەراوێزێکی باش لەلایەن " ئەحمەد شاکەلی"یەوە) ؛ گەشتێك بە کوردستانی سۆڤیەتدا ؛ دەربارەی دۆخی ئێستای سیمبولیزمی

رووسی  وێڕای دوو چیرۆکی" بونین"ی رووس کە قارەمانی یەکێکیان پیرەمێردێکی کوردە( ئەنوەرقادرمحەمەد جوانی کردوونە کوردی، ئەگەر خۆی  لە چەند وشەیەکی وەك " لیریك، نۆڤێل، ئیلوسترەشن"  رزگار بکردایە، یان ئەوانە لە دووکەواندا یان بە پەراوێز روونکردنەوەیان وێڕابوایە، باشتر دەبوو ) .

٨- هەندێ بەرهەمی تر و ئاگاداری :

هەندێ چیرۆکی کورت ( لەوانە چیرۆکی سەبری بۆتانی بە تیپی لاتینی نووسراوەتەوە، کە کارێکی چاکە)؛ هەندێ سروودوشیعر ؛ " هەڵەبجە .. هیرۆشیمای کوردستان" ی هەیاس ؛ نووسینێکی رزگار عەبدوڵلا دەربارەی باستۆناك و فازل جاف لەبەرامبەر دوژمنانی ئازادیداو، گفتوگۆیەکی هەمان رزگار لەگەڵ " سلیمان عواد"دا؛ نووسینێکی " حەمزەی موکسی" لەسەر دیباچەی مەم و زین ( بە تیپی لاتینی نووسراوەتەوە)؛ باسێکی کۆمەڵە هۆنراوەیەکی شاکەلی؛ سێ وتاری رەخنەیی( لە کتێبی شیعر) : دیسان لە " ژێ"ی شاکەلی، " سووتان لەبەر باراندا"ی رەفیق سابیر ( کە لای من، لەوانەدا کە من بەرهەمم دیتوون، شاعیرترین شاعیری ی تەرزی نوێی کوردە) و، " زایەڵە"ی ئەنوەرقادرمحەمەد ؛ " ل. کۆچەر" بەکورتی و زۆر  بە کارامەیی باسێکی شێرکۆ بێکەس دەکا؛ پەمۆ  باسی بەرهەمە شیعرێکی عەبدوڵلا قەرەداغی و یەکی  مارف عومەر دەکا؛ سەمەدیش باسی  مەلاکەریمی فیدائی  دەکا. وێڕای ئەمانە :  چەند دێڕ لە نووسینی سەجادی و لە نووسینەکانی مەسعوود محەمەد ؛ یەك - دوو سەرنج و روونکردنەوە  بۆ خوێنەران :  دەتوانن  لە باتی ئـابوونە کتێب و گۆڤارو رۆژنامە  بۆ " مامۆستای کورد" بنێرن ؛ ناساندنێکی کۆمیتەیەکی هاوکاریی کـوردستـان لە سویسرا؛ ناوی هەندێ کتێب و گۆڤارو هەندێ ئادرەسی کڕینیان ؛ بانگەوازێکی "  کۆمیتەی ئازادکردنی مەلا بەختیاروهاوڕێکانی- ئەڵمانیای رۆژئاوا"؛ "بانگەوازێکی جیهانی بۆ داکۆکی لە کولتوری کورد لە تورکیا"ی ئەنستیتوی کورد لە پاریس ؛ بانگەوازی " تارا" و بانگەوازی گۆڤاری " کۆچەر"( ی منداڵان و لاوان ) .

« کۆتایی پێهێنانی ئەم باسە »

فەرهادشاکەلی، زیرەکیی کردو لە سوێد گۆڤارێکی پەیداکرد، دەستەوارەی خۆی  پێشکەش  بە رۆژنامەگەریی

کوردکرد، زۆر بیروڕای خستنە روو و گۆڤارەکەی بوو بە سەرچاوەیەکی بەکەڵك بۆ لێکۆڵینەوەی باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کورد .

" مامۆستای کورد" دەستکەوتێکی کوردەو دەبێ لە جەغزی شەخسی دەربچێ و ببێ بە گۆڤارێکی باشتر . من لە هەندێ شوێنی ئەم باسەمدا، بەشێوەی راستەخۆ یا ناڕاستەوخۆ، هەندێ پێشنیارم بۆ ئەوە هەبوون و ئەمە بە هەنگاوی یەکەمی سەرەتایەك دادەنێم لەلای خۆمەوە . هیوادارم" مامۆستای کورد"یش یەکەم هەنگاوی لەو رێیەدا هەڵێنێتەوە، تا رێگا بکرێتەوە بۆ زۆر لە دڵسۆزانی کوردایەتی، کە بتوانن پترین بیر لە باشترین رێی پێشخستنی بکەنەوە، بۆ خزمەت کردن بە کورد لەم تاریکترین و خەتەرترین شەوگارەی چەندهەزار ساڵی مێژوویدا .

ئیدی بە هیوای هەڵدانەوەی لاپەڕەی گەش .

شێرکۆ

حوزەیرانی (ژوئەنی)١٩٨٩

## « نموونەیەك لە زنجیرە باسێك » ( كە هەر دەستخەتەكانم كۆپی و بڵاوكردوونەتەوە)

## مام زەینەل و ئەحمەدە فەندی ( ٣ )

– ئەرێ ئەحمەدە فەندی، تۆ ئێژی ...

– ئێژم چی مام زەینەڵ ؟

– تۆ ئێژی : کەر لە خۆندەوار یا خۆندەوار لە کەر ؟

– حای - حای لەم دیالیکتیکە ...

– دارلاستیق چە بەرا ؟

– هیچ ، هیچ

– ئەی چۆن هیچ ... خۆ تۆ - حاشاو پەرژینەکە وەگوڵ وێ - خۆندەوار نیت، ئیتر ئەم پرتە- پرتە چەس ؟

– هیچ، هیچ، براڕۆ کە تۆش لە سەر شت ئەڕۆیت، برا من لەخۆمەوە ورێنەم کرد...باشە ؟

– تۆ وەڵام منت نەدا

– جا ئەگەر وەڵام نەزانم، وەڵامی چی بدەم ؟ نازانم . ئەمە چیە ؟ لە کوێوە کەوتۆتە سەرتەوە ؟

– وەخوا بێژم چە، لە ماریفەت پیرشالیارۆ

– ئێ ؟

– پیر شالیار لە " ماریفەت"دا ئەفەرموێ :

" کەرگە جە هێڵە، هێڵە جە کەرگەن ڕەواس جە ڕەواس، وەرگ جە وەرگەن "، خاسە ؟

– ئێ ؟

– ئێ خۆ ناشێ ئەم خۆندەوار کەرگەلە لە ئادەم بن، کەرگەل ئەشێ جە کەرگەل بێ .

– خوا شاهیدە کە نازانم هەر باسی چی ئەکەیت ...

– بۆچە نایزانیت بەرا ؟ خۆ - حاشا - خۆندەوار نیت و ئەقڵت هەس و ئیتر بۆچ تێناگەیت ؟

– وەڵڵا مام زەینەڵ ئەگەر تێنەگەیشتن خوێندەواری بێت، هەڵبەتە منیش لە وەڵامی ئەم قسانەی تۆدا خوێندەوارم، چونکە کورت و موختەسەرەکە ئەوەیە کە نازانم ئەڵێی چی ؟

ــ ئەحمەدە فەندی سەلاموعەلەیك !

ــ وە عەلەیکەسسەلام، فەرموو

ــ ئەحمەدە فەندی، ها لە یادت ئەفسەر ئێرانەکە ئەو ساڵە چۆن ئەم خوێندەوارانەی لەخشتە برد، وتی :

شەڕ بەرزانی بکەن، شا ها لێلتانا، شەڕیان کردو شکیان، چوون ئێران لای شا، وا نەوو ؟

ــ وابوو

ــ خوێندەوار شار ئەیانوت چە ؟

ــ ئەیانوت هەڤاڵان چوونە پەکین لای هەڤاڵ ماوتسی تۆنگ

ــ دە رەحمەت لە باوکت، ئێمە وەچاوخۆمان بینیمان پەڕینۆ موعەسکەر ئێران، خۆ - حاشا - خوێندەوار کەروگـا نەووین ئەوە وەچاو خۆمانیش بدینین ئینکار بکەین، کەچی ئەمان ئەیانوت : " نا، هەڤاڵ چوون ماڵ ماوسە تەنگە" . هەڤاڵ ناموبارەك لەوسەرۆ هاتنۆ، وون وە جاش ئەم سەر، خوێندەوار ئەیانوت : " جاش چە ؟ ئێمە لێل حوکمات وەتەنی شەڕ جامەدانیی سوور ئەکەین،بەرزانی ها لێل عەمیلقە، ئێمە وەتەنین"؛ ئەم حەمکە خەڵکەیان دا وەکوشت، هەمیسان ...

ــ ئەمە چیە مام زەینەڵ، تۆ محازەرەی تاریخم بۆئەدەی ؟ ئەوەی چوو چوو، تۆ باسی ئێستا بکە .

ــ چوو چوو یانی چە بەرا ؟ چۆن ئەشێ باس بەرێ بکەیت ئەگەر درەختەکە خۆی نەناسیتۆ ؟ باوکم، خۆ تۆ ئەقڵت هەس و - حاشا - خوێندەوار نیت ئەحمەدە فەندی . لەسەرچە ئەم عەولاد بەرزان و تاڵەبانە ئەم خەڵك و خوا ئەدەن وەکوشت ؟ ها ؟ هەق خۆمانەس بزانین بۆچ ئەم - حاشا- خوێندەوار کەرگەلە لێل ئەمانان، عەولاد کورد وەدەست یەك ئەدەن وە کوشت ؟

ــ مام زەینەڵ، بە قوربانی چاوت،خوێندەواری چی و شتی چی؟ ئەمە بە هەزاران ساڵ رەوشتی عە شیرەتان بووە، دیوەخان شەڕی یەکتریان کردووە،دەربەگ خوێنی پیاوانی یەکتریان رشتووە، ئەمە مەسەلەی ئەمڕۆ و دوێنێ نیە و... هی خوێندەوارییش نیە... تێگەیشتی ؟

ــ دە وەمەرقەد وێسوڵ قرانی راست نـائێژی . ئەوە کە ئەم گشت قاقەزگەلە بۆ ئەم دیوەخانگەل بـەدفەسـاڵە ئەنووسێت کێس؟ ها؟ خوێندەوار نین وە خاتر کاسەلێسیی ئەم دوو دیوەخان عەیبیان ئەشارنۆ و بەهانەشیان بۆ ئەهێننۆ، تۆ قەت لەعەمرخۆتا یەك جار دینیت یەك خوێندەوار وەڕاست بێژێ پێمان شەڕ ئەم دوو بەدفەساڵ لەسەر چەس ؟ بۆچ نـاهێڵن کورد بحەسێتۆ ؟ دوژمن گەل کورد خۆی ها کەم حەتا خەریك کوشتن یەکتریان

بکەن ؛ ئەحمەدە فەندی تۆ کەشیدەی حەج خالۆت، تۆ قەت دینیت، یەك ڕۆژ، جارێ، یەك خۆندەوار لەم دوو دیوەخان بەدفەسالە بێژێ لە فیسار کردار فلان ساڵ هام پەژیوان ؟ ها ؟

— نەوەڵڵا، هەروەك خۆیان ئەکەن و منەتیان بە کەس نیە و تائێستا زۆر چاکیش بۆیان چووەتەسەر .

— دە خاس،کە ئێنۆ، مەجلیس و نازانم چە ئەهێنن، ئەم خەڵك نەزانە ئەچن بۆ هەڵبژاردن ئا ئەمان، قەت دەم یەکێ تریش کریاوۆ بێژێ : نـا، خەڵکنۆ، ئەشێ ئەمان لەپێشا حاڵ و حەساو کۆن روون بـکەنۆ، ئـەوسـا حوکمیان مەعلووم بوێ ؟

— ئێ مام زەینەڵ گیان، بۆچی تۆ خوێندەواری بە چی تێئەگەیت باوکم، خوێندەواری و تەنەکەچێتی وەكیەکن، تەنەکەچی لە تەنەکەو چەکوش و بزمارو نازانم چیو چی ئەزانێ، خوێندەواریش حەرفەکان ئەباتەوە سەریەك و، چەند قسەی هەلەق مەلەق وەك تووتی لە چەند کتێبیلکەیەکی حیز لەبەرئەکاو ئیتر هەر ئەمەیە، خۆ ئەمانە لە "توێژی ڕۆشنبیر" نین .

— (بە دەنگی بەرز:) ئەڵڵاهومە سەڵلیعەلا سەییدینامحەممەد وە ئالیموحەممەد ، ئینجا ئەمە چەس بم وە قووروان ئەحمەدە فەندی، ئەم توێژە چەس ؟

— هیچ، مام زەینەڵ هیچ، جارێ ئەمەیان دەنگی نیە، هەرکاتێ لە سووچێکەوە دەنگێ، ڕەنگێ، سەنگێکی لێ پەیدابوو، ئەوسا ئەزانین، کورد زۆرکاری بەو هەیە و ئەو جارێ لە دووکیسەڵەوە ئەڕوا، با باسی تەنەکەچی و خوێندەواری خۆمان بکەین .

— من ئێژم تەنەکەچیی ئاقڵ هەس، باوکم ...

— بەڵێ - بەڵێ ئەزانم، تـە بیعی، بەڵام ئەگەر زەلام تەنەکەچی بێ یا نەبێ، خوێندەوار بێ یا نەبێ، ئەکرێ ئاقڵ بێ و ئەکرێ کـەریش بێت، خودی تەنەکەچێتی و خوێندەواریەکە کارێکیـان بە ئاقڵ بوون و نـەبوونەوە نیە، ئەقڵ نـە لە تەنەکەدایە و نـە لەو حەرفانەدا کە خوێندەوار ئەیباتەوە سەریەك، ئەقڵ ئەگەر هەبێ ئەوا لە سەردایە، تێکەیشتیت ؟

— بەخوا ئەحمەدە فەندی بێژم چە ؟ من ئێژم : کەر جە خۆندەوار خۆندەوار جە کەر .

— دە وەڵڵا برا ڕاست ئەکەی، ڕابەرو کادیرو بەیاننووس و چووزانم... هیچی نەخوێندەوار نیە

— من ئێژم، ئەم قسە غەدری بۆ کەر ها تیا .

— چۆن مام زەینەڵ ؟

— کەر زیانی هەس ؟

— نەوەڵڵا، زۆریش فایدەی هەیە، باراشی پێ ئەبرێتە ئاش، بارەداری پێ ئەبرێتە شارو ...

— ئەی خۆندەوار ؟

— خوێندەوار، یا ئەوەندە سست و بێکەڵکن... خۆ نووزەیەکیشیان لێ نابیسرێ چ جای بە هاتنە کۆڕو دەوردیێن ئەگات، یا ئەمانەن کە مقاشی دەستی دیوەخانانن، وێرانی ئەهێنن، وەك مشك دەردی رشانەوە ئەهێنن .

— بم وە قوروان دەمت، خاسە، ئەی ئەم "حەیوان وە فایدە" هێنانە ریز ئەم خۆندەوار مشكگەلە،خوا قەبووڵیەسی؟

— وەڵڵا هەقتە مام زەینەڵ راست ئەکەی، نەوەڵڵا قەبووڵی نیە، هەر بەوە کە ئەم دوو دیوەخانە بەسەر کوردی ئەهێنن، ئەبوو ئێستا هیچ تاقە یەك خوێندەواریشیان لەگەڵدا نەبوایە، تەنانەت هەرکەسێ کەمێکیش خۆی لە نزیك خوێندەوار دابنایە، ئەبوو ئەو دیوەخانانەی ریسوابکردایە، کەچی وا ئێستاش هەر خوێندەواری بەد-فەسالی زۆر لەگەڵ هەردوو دیوەخاندا هەن .

— ئەحمەدە فەندی من ئێژم ...

— ئێژی چی مام زەینەڵ ؟

— من ئێژم هەوڵ بدەین نەهێڵین ئەم خۆندەوار بەدفەسالگەلە چیتر پاکانە بۆ ئەم دیوەخانگەل پیسە بکەن و، تەمەن بەدبەختیی خەڵك هەژار ئەوەندەی تر درێژبکەنۆ...

— جا چی بکەین مام زەینەڵ ؟

— لغاویان بکەینۆ و باراشیان لێ بنێینۆ و بیانکەینە تەویلەوۆ، سا یا تۆبە ئەکەن و ئەونە بنیادەم، یا لەمەی ئێستەیان خاستر ئەون و یەنە ریز کەرۆ، یا هەر خاس ناون و لە کەر کەرتر ئەمێنن تا گورگێ گشت لێل ئەم خەڵك هەژارە لە کۆڵ ئەکاتۆ .

— ئێستا یانی ؟

— یانی حیچ، بسام بچین لە وەستا خدر وە عەدەد خۆندەوار ئەم ئاواییە کە هان لێل دیوەخانەکانا، لغاو بسەنین .

— دە ئەوا منیش ئەچم تەویلەکەیان بۆ سازئەکەم، دەی قەوەت لەخوا .

شێرکۆ

مایس(مێ) ی ١٩٩٤

پاشكۆ:

# چەند شیعری قاچاغی جەماوەری قاچاغ

# ١٩٨٩ - ١٩٨٨

لە دەوروبەری سەردەمی شۆڕشی مەزنی فەرەنسادا بە رابەریی چینی ناوەندیی( کە ١٧٨٩/٧/١٤بە هەڵگیرسانی دادەنرێ)، جەماوەر بە جۆرەها شێوە تووڕەیی خۆی دەربڕیوە، لەوانە جۆرەها کتێبی شیعر و رەسم .

یەکێك لەو کتێبانە - بەفوونە - :

FUREURS UTÉRINES DE MARIE ANTOINETTE, FEMME DE LOIS XVI.
La mère en prescrira la lecture à sa fille.

" زێی رەحمی ماری ئانتوانێت، ژنی لویی شازدەهەم ، دایك بە محازەرە(دەرس) بۆ کچی دەنووسێ "،

لە جیاتی ناوی شوێن و ساڵی چاپیشی هەر نووسراوە :

AUX THUILERIES, Et dans tous les Bordels de Paris. 1790.

" تۆیلەری ( کۆشکی ماڵی پادشا لە پاریس) و هەموو قەحبەخانەکانی پاریس - ١٧٩٠ " .

کە زۆر رەسمی ( نیگارکێشانی) قاچاغی جەماوەری تێدا کۆکراوەتەوە، رەسمی ماری ئانتوانێت لە وەزعی کاری شادو ناشادی جنسیدا، لە هێندێکیاندا زۆر ناشادە ( بەفوونە : رەسمی پادشا بە ئامێری جنسیی شل و سیس و پیسی کە شاژن بە قێزوبێزەوە وەلای دەنێ و لە خۆی دووردەخاتەوە... ئیدی) ،و لە هێندێکی تردا زۆر شـــادە ( بە نموونە : رەسمی شاژن لە نوێنی خۆیدا، رووت خۆی هەڵخستووە و، کوڕێکی زۆر گەنج و جوان و بەخۆوە دەمی خستووەتە زێیەوە بۆی دەمژێ و ئامێری جنسییگەورەو قەویی رەپ بووە کە شاژن بە زەردەخەنەیەکی شیرینی شاژنانەوە چاوی تێبڕیوە، زۆر هونەرمەندانە ، وەك کە لەگەڵیدا بدوێ و رازونیازی لەگەڵدا بکا ... ئیدی ) .

کەسانێکی چینی ناوەندیی کوردیش لە ئەورووپا سەردەمێك لەکارەساتی میرو دەرەبەگە کوردەکانی سەردەمیان زۆر تووڕە بوون و بە شێوەی خۆیان ئەو تووڕەییەیان دەردەبڕی، کە - وەکو لە کورد چاوەڕوان دەکرێ - بـە شیعر بوون نەك رەسم ، و بە دەست ئەو شیعرانەیان بڵاودەکردنەوە و بۆ رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکانیشیان دەناردن .

تـــەبیعی ، رۆژنامەگەریی کوردی (ی قۆناغی دەرەبەگی) شتی وەهای بڵاونـــەدەکردەوەو ناموس و شەرافەتی میران و خان وخەوانینی کوردی لا زۆر لە تۆمارکردنی تووڕەییکەسانێکی شارستان"ی بێ ئوسووڵ ومەعریفەت و ئەدەب "گرنگتر بوو . بـەڵام ئەو شیعرانە لە هەر روویەکەوە هەرچی بن یا نەبن، ئەوانە سەنەد(دۆکومێنت)ی مێژووییین . من لێرەدا پێنج نموونەیان لێ بڵاودەکەمەوە، زۆر هیوادارم کەسانێك ئێستا بتوانن زۆر لەو شیعرانە کۆبکەنەوەو بە کتێب چاپیان بکەن و بۆ تۆماری مێژوو لە فەوتانیان رزگاربکەن .

پارچە شیعری یەکەم

## ئـارەزوو

حەزم لە شاڵی زاخۆیی و

لە کفتەی سابونکەران و  لە ویسکی‌ی سکۆتلەندی‌یە

حەزم لە برنجی کورت و لە شەڕی درێژخایەن و

لە چاری مام ناوەندی‌یە

حەزم لە یاریی رۆلێت و لە گەمەی مفاوەزات و

لە شەڕی براکوژی‌یە

حەزم لە گۆشتی بەتامی مەڕی گێژو

لە دەست لە ملانی ئافرەتی

باڵادرێژو لە رەوتی

روو لە لێژی‌یە

حەزم لە دەنگی بی‌بی‌سی و لە پاسەوانێتی دەزگای

سی ئای ئەی و لە دژایەتی کەی‌جی‌بی‌یە

حەزم لە کادری دزو لە سەرکردەی پاشەڵ پیس و

لە دەرۆزەی غەریبی‌یە

حەزم لە رەفتاری تاتشەرو لە هەیبەتی مەلیک فەهدو

لە شەرابی مەغریبی‌یە

لە عوملاتی ئەجنەبیشدا حەزم لە تمەن و لە دۆلارو

لە ریالی سعودی‌یە .

بینایی ١٩٨٩/١/١  لەندەن

پارچە شیعری دووەم

# چوار کولەکەی رۆحم

« شــام »

کاتێ دەژیا لەو شامە
گەلێك مورتاح بوو مامە
دەیخوارد جوجەڵەو ماسی
هەرچی لۆقەنتەچی بوو
تێکڕا هەمووم دەناسی
لە کابارا و لە باڕان
هەروەکو ڕێژنەی باران
پارەی چاکم دەدۆڕان
کەچی هەر بۆ بەیانی
کە ئەمین عام دەیزانی
دوێنێ شەوێ دۆڕاوم
دەیبەستەوە هەناوم
پڕی دەکرد گیرفانم
لە خەمی دەرەخسانم
خـوای بـێـکـەسـان تـــا ئـەبـەد
بـۆم بپارێزێ ئـــــەســـــد

« بەغدا »

کە باسی بەغدا دەکەن

برینم ساڕێژ دەکەن

بۆ ئەگەر سەددام دەیهێشت

بەغدام قەت بەجێ دەهێشت

تاکو دنیا دنیایە

دڵم لە لێداندایە

چاوەڕێی مفاوەزەم

شێتی ئەو بانگ و گازەم

دڵم لێدەدا لە دوور

شاری قەعقاع و مەنسوور

شارێکە وەك دەریایە

ئەنواع مەتعەمی تیایە

شلە، برنج وەك بللور

دَجاج مَشوی بالتنّور

گەر دەربچێ لە بیرم

هەزار لەحنەت لە شیرم

« تاران »

تاران بووکی رۆژهەڵات

بگرە وا مامی خۆت هات

من مامەکەی جارانم

پیاوەکەی هەمەدانم

لە ناپیاوی و جاشیدا

کەس شان نادا لە شانم

عەمامە! گەر دەمزانی
وەها لەبارو خۆشی
زۆر لەمێژبوو دەمپۆشی
دەمێك بوو وازم دێنا
لە یاری و بادەنۆشی

ئێستا هەمە عەمامە
مامە خەتی ئیمامە
دەك ئاوابی قەرارگا
بۆمان بوویتە بارەگا
دەخـۆیـن دەنـۆشـیـن لـەوێ
چـاك خـەومـان لێـدەكـەوێ

« ئەنقەرە »

ئەنقەرەكەی ئاواتم
دوا مەنزڵگای حەیاتم
هێند دەزانی لەلاتم
دەیكەم بە قوربانی تۆ
بووكەكەی ڕۆژهەڵاتم
ئەنقەرە گیان، ئامۆزا !
هەر پێم لێرە ترازا
وام لەناو ئامێزی تۆ
خۆم دەخەمە بەختی تۆ

بڕوام پێ بکە گیانە
ئەوەی لام گرنگ نیە
هەر کوردو کوردستانە
ئەوەی من بۆی ئەکۆشم
خواردن و دیوەخانە
شەویش بادە بنۆشم
تۆش چیت دەوێ بەچاوان
دەیــــانـنـێـرمــــە خـزمـــەتـــت
فــەرەیـدون و نـــەوشـــیـــروان

پارچە شیعری سێیەم

# دوێنێ و ئەمڕۆ

بۆ شایەری دیوەخانان

دوێنێ و ئەمڕۆ......
وەکو رێوی، گۆشتاوی قەل لەکوێبووبێ
سێبەری من لەوێ بووە
دیوەخانی پان و سفرەی چەور لەکوێ بووبێ
گۆشتی برژاو
قەلی کوڵاو
زڕەی دراو
لەکوێ بووبێ
شەرابی لەعلی رومانی لەکوێ بووبێ
شعری منیش
وەکو مەزە لەوێ بووە
ئەگەر ئەمڕۆش
شعرێکی من بووبێ بە تیر
نیشان مامە ناوێتیەوە
کەوانم سفرەی ماڵانە
بۆیە شعرم
پڕ بە هەموو کوردستانە
هاوار ئەکا
من دەنگدانەوەی گیرفانم
شێتی قەلووووووووووووووو
دانیشتنی سەر سفرەی ناو دیوەخانم .

پارچە شیعری چوارەم

## وورتە وورتی

بۆ شایەری دیوەخانان

ئێوارە بوو...

شێرکۆ بێکەسی شەرچی

سەری نزمی داخستبوو...

لە سوچێکی گۆڕەپانە گەورەکەدا

لە ناوەندی دڵی شامدا

لەسەر کورسیە نزمەکەی خۆی

لە رەوەزدا دانیشتبوو...

پەیتا... پەیتا

وەکو قەڵەمی نێودەستی

دەستی پڕمووی رائەژەنی

شێرکۆ بێکەسی شەوارە!!!

لەبەرخۆوە

بە وورتە وورت... ئەمەی ئەووت :

تۆ بارزانی قاچت دانا

تۆ مام جەلال قاچت دانا

نەسرین شیروان قاچت دانا

تۆ دەبابە .. فەرەیدوونی باجی ئامە

ئەفسەر، جاسوس، سەرباز، جەللاد

کوڕی باش و هەرچی و پەرچی

هەر هەمووتان یەك لەدوای یەك

قـاچتان دانـا

كەس نەماوە ؟ ...      نـا ، نـا ، پاڵمە ماوە ..

پێڵاوی تۆش لەسەر چاوە

چاك دڵنیام لە سوێدیش

ئەخیر... پێڵاوەكەی ئەویش

بۆیاخ ئەكەم

ئای دایەگیان

ئەی بۆ پارە !!!

ئەو چەند ئەدا ؟؟!

ئەبێ چەند با ؟؟

---

مەبەست لە نەسرین شیروان : نوشیراون مستەفا ،

دەبابە : عومەر دەبابە ( عومەر مستەفا )،

فەرەیدوونی باجی ئامە : فەرەیدون عبدالقادر .

پارچە شیعری پێنجەم

## خەنجەر

شیعری : زریان عەبدوڵڵا

بەڕێزەکان !!
گەر بتوانن بە زەبری چەك
هەموو دونیا بێدەنگ بکەن
ئەگەر بتوانن بە دۆلار
چی دەم هەیە کلۆمی بەن
مەلی مێژوو کەوی نابێ
مێژو هەڵۆی بەرزەفڕەو
بۆ سەر لاکی مردارۆبوو،نەوی نابێ !!
-- -- -- --
لەبیرتانە ؟!
ساڵی هەرەستان لەبیرە ؟!
دەتانشیراند : هەرەس شیرە،
وریا نەبن
سەری ئەم میللەتە ئەپەڕێنێ
هەرەس جامانەی جێماوی بەرزانی‌یە!!
رانەپەڕن،
گەرووی دەنگتان ئەجەڕێنێ !
هەرەس رووباری " شەمپانیا"ی
کۆڕی شەوی " جەزایر"ە
سیمای رەنگتان ئەشێوێنێ !
-- -- -- --

ئەی بەرێزان!!
ساڵی هەرەس دێتە بیرتان ؟؟!!
دەتانشیران : ئەی رەنجدەران!!
داسی دەستتان،
بۆ گەردنی داگیرکەران .
بە چەکوشیش خاپووری کەن
تەختی پاشایەتی بەرزان!!
لەبیرتانە، چۆن هەرەستان
کردە مارەکەی شێخ هۆمەر
لە گەردنی کوردتان ئاڵان !
لەژێر چەتری " ئاشبەتاڵ"دا
کوردتان بە کورد دا بە تران !!
ئەی بەرێزان!!
پێمناڵێن چیتان هەڵکران ؟!!
ببوورن لێم ئەگەر بڵێم :
نەك هەر خۆتان، کوردتان تران !!

-- -- -- -- --

گەورەکانم !! ئەی بەرێزان !!
تاکەی میللەت بە کەر دانان ؟!
تاکەی سواری کۆڵی کوردبوون
بەرەو بازاڕی دەوڵەتان ؟!
" ئەنفال" ـەکان، دوا نەبەردی
ئازایەتی و مەستیی و بەنگی پێشمەرگە بوون
دوا ئاوێنەی سەری شۆڕو

سیمای نەنگی چی مەسئوول و
سەرکردە بوون !!
" ئەنفال" " ئەنفال" !!
بوونە زەنگی " ئاشبەتاڵ "ی
" مامە شیروان" و " نەوجەلال" !!
-- -- -- --
"بەڕێزەکان" !!
" مەسئولەکان" " رێبەرەکان" !!
ئەندامانی پارلەمانی دۆڵی جافان !!
دڵنیابن، ئێستە کامتان زۆر شەریفە،
لەگەڵ "مایۆ"ی سۆزانی‌یەکانی تارانا
هاورەدیفە !!
-- -- -- --

ئەمن " بارزانی"م خۆش ناوێ .
هێند دەزانم رەش و سپی،
لە بواردا دەرئەکەوێ .
ساڵی هەرەس، وەختێ ئاش ئاوی لێ بڕا
ئەو جاڕی دا بە زۆزان و گەرمەسیرا :
مانگا مرد و دۆمان بڕا !
کەچی ئێوە،
وا بەپێوە "گا" دەدۆشن
رووی تاوانتان،
بە خوێنی خەڵك دادەپۆشن!!

بۆیە حەقمە ئەگەر بڵێم :
لە بەر خاکی سەر مەزاری " بارزانی"دا
چاوشۆڕو سەر بە کڕنۆشن!!
ئەی بەرێزان!!
کامتان جاران، پێی وابوو خۆی
زۆر بڵندە،
وێنەی دابان ،
ئێستا سەری ناگاتە ژێر
خەنجەرەکەی بەر بەرۆکی
پیری بەرزان .

ئابی ١٩٨٨ - ماڵمێ

هەرچی کتێبی چاپی منە، من خۆم تایپی دەکەم و، بە ژمارەیەکی زۆرکەم بەچاپی دەدەم( ژمارەی پترم بۆ هەڵناسووڕێ) و، ئەوانە بە سەر چەند کتێبخانە و کەسانێکدا دەبەشمەوە. کەواتە:

هیچ کتێبێکی چاپی من لای منەوە بۆ فرۆشتن نیە، بەڵام ئەگەر هەر کەسێك بیەوێ بۆخۆی چاپ بکاتەوەو بفرۆشێ، دیارە ئەو نرخی چاپکردنەوەی خۆی بۆخۆی لە سەر دادەنێ، ئەوە مافی رەوای خۆیەتی و هیچ کارێکی بە من نەداوە، بەڵام دیارە دەبێ لێرەدا لە جیاتی هەر" نرخ " لە سەری بنووسێ " نرخی چاپ کردنەوە " .

شێرکۆ هەژار

# Le Nûsrawanêkî Qaçaẍî Qonaẍî Xoyan

Nûsînî : Şêrko Hejar

- Wêr̄ay Paşkoyekî Çend Şîirî Qaçaẍî Cemawerî Qaçaẍ

2620 / 2008

: